# کورد و کوردستان


دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# کورد و کوردستان

وەرگێڕانی:

**حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف**

**پێشکەشە بەوانەی کە دڵسۆزن بۆ گەل و وڵات**

حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی - حسێن ئەحمەد جاف

ناوی کتێب: کورد و کوردستان-
لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بەباری ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافی کوردستان، ساڵی ١٩٢٣ لە فەلەستین بەئینگلیزی چاپ کراوە
نووسینی: کۆمەڵێک لە پسپۆران و ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز.
وەرگێڕانی بۆ یەکەمجار: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٩١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل- لوتفی عبدولفەتاح
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ.

## چەند تێبینییەک:

١ – لەبەر بۆچوونی تایبەتی خۆمان بەشی سێیەمی ئەم کتێبەمان کرد بەبەشی دووەم.

٢ – بۆ ئاسانکردنی کاری خوێنەر و لێگەیشتن؛ خۆمان چەند ناوونیشانێکی کورتمان بۆ هەندێک لە باسەکان دانا، وەک: ڕەسکانی خێڵە کورد، لە پاش ئاگربەست... و...

٣ – ئەو پەراوێزانەی بەوشەی (وەرگێڕ) کۆتاییان هاتووە خۆمان نووسیومانە و بۆچوونی ئێمەیە، ئەو پەراوێزانەش بەوشەی (نووسەران) کۆتایی هاتووە، دانەرانی ئەم کتێبە نووسیویانە و ڕای خۆیانە.

٤ – بۆ ئاسانکردنی کاری خوێنەر؛ تێکڕای خشتەک و لیستەکانمان کرد بەپاشکۆیەکی ئەم کتێبە و ژمارەمان بۆ دانان.(*)

–وەرگێڕەکان–

---

(*) ئەم نامیلکەیە لە دەستنووسە کوردییەکەیدا هیچ لیستەیەکی لەگەڵدا نەبوو، دەرکەوت کە وەرگێڕە بەڕێزەکان خۆیان بەخۆهێشتی خۆیان لایان بردبوو، بۆیێ لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەخوازین ئەگەر لە شوێنێک باسی لیستە کرابێ و لیستەش لە کایەدا نەبێ.
–دەزگای ئاراس–

# پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتەی بەر دەستتان؛ هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی لەم کاتەدا لە بارەی کورد و کوردستانەوە هەن و ئامادەن، ڕاپۆرتەکەش لەسەر ئەم بناخانە دارێژراوە: ڕاپۆرتی ئەفسەرانی سیاسی؛ بەتایبەتی (کاپیتان سی. ئێن. وای) و مێجەر نۆیل و بەڵگەنامەکەی (میستەر مارک سایکس)(*) لە ساڵی ۱۹۰۸دا بەم ناوونیشانە: (لە بارەی خێڵە کوردەکانی نێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی)، ئەوەی شیاوی باسە بروانامەکەی (مارک سایکس) بژار و لێکۆڵینەوەی زۆرتری پێویستە؛ چونکە نزیکەی (۱۵) ساڵ بەسەر نووسینیا تێپەڕیوە.

تەنها ماوەی (٦) مانگە ئەفسەرانمان بەئاسانیی دەتوانن بەکوردستاندا گەشتوگێڵ بکەن؛ بۆیە ڕاپۆرتەکانی (وای) و (نۆیل)یش سەد لە سەد پوخت نین، بایەخمان بەیاداشتی ڕۆژانەی گەڕیدەکان نەداوە و نەخراونەتە ئەم کتێبە؛ چونکە نزیکەی تێکڕای کوردستان لە کتێبی «ڕابەری گەڕیدەکان لە وڵاتی (میزۆپۆتامیا)»دا و لە (ڕاپۆرتی سەربازیی بەشی خۆرهەڵاتی تورکیای ئاسیا)دا باس کراوە، بێگومانیش لە ئایندەدا؛ کە ئەم هەرێمە سەرلەنوێ چەوتە و شییرە درایەوە؛ ئەو کاتە بۆ نووسینی ڕاپۆرتی نوێتر و تێر و تەسەلتر، بارودۆخی باشتر دەڕەخسێت.

سەبارەت بەو خێڵە کوردانەی لەم ڕاپۆرتەدا باس کراون، دەترسێین هەندێک شتمان بەوردیی نەپێکابێت؛ بەتایبەتی:

١- ڕێنووسی ناوەکان کە لە ڕاستیدا زۆربەی ڕاپۆرتەکان بەتێکستی «ترانزلێتریشن (نووسینی زمانێک بەپیتی زمانێکی دیکە)» نووسراون، ئەمەش بۆ زمانێک کە هەتا ئێستایش (ساڵی ١٩٢٣ – وەرگێڕ) زمانی نووسین نەبێت؛ شتێکی ئاساییە.

٢- باسی چەند خێڵێک لە چەند شوێنێکی جیاوازدا کراوە: جارێک لە هەوارگەی زستاندا، جارێکی تر لە هەوارگەی هاویندا، بەبێ ئەوەی ئاماژە(**) – ئیشارەت

(*) ئەم ڕاپۆرتەی (مارک سایکس) لە لایەن (پەیمانگەی ئەنثروپۆلۆجی مەلیکی ٣ مەیدانی هانۆڤەر – لەندەن – دەبلیو وە چاپ کراوە –نووسەران–

(**) ئاماژە: ئەم وشەیە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا؛ لە بریی (پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە) یا (ئیشارەت) بەکاردێت –وەرگێڕ–





– بۆ مەبەستێک بکرێت؛ بۆمان ساغ نەبۆتەوە کە گوایا مەبەست لەوەیە بەشێکی زۆری خێڵەکە لە شوێنێکە و بەشێکی کەمی دیکەشی لە هەوارگەیەکە؟

٣- ناوبردنی خێڵێک بەناوی خۆی یا بەناوی سەرخێڵ یا بەناوی یەکێک لە باپیرانی سەرخێڵ؛ کێشەیەکی ئاڵۆزی خستۆتە کارەکەمان بەڕادەیەک خوێنەر چەواشە دەبێ و هەست دەکات کە باسی چەند خێڵێک دەکرێ و لە ڕاستیشدا باس هەر باسی خێڵێکە.

ئەو سەرنج و خاڵانەی سەرەوە؛ کە سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەم کتێبە نووسیمان؛ دەیسەپێنن کە قووڵتر ڕۆچین و خۆمان باشتر ماندوو بکەین. ئێمە چمکێکی سەرنج و بۆچوونمان دەخەینە بەر چاو، بەو مەبەستەشە کە خوێنەری ئازیز لەوە بگات کە ئەم ڕاپۆرتە دوور و درێژە؛ لەسەر چ بناخەیەک دارێژراوە و ڕا و بۆچوونی خۆی چۆن گەڵاڵە کردووە، نەخشەی پاشکۆی کتێبەکەش – تا ڕادەیەکی زۆر – وردەکاریی تیا کراوە و نزیکە لە ڕاستییەوە؛ لە هەمان کاتیشدا ناتوانین بڵێین سەد لە سەد ڕاستیی پێکاوە، چونکا خێڵەکان پێکدا ئاڵاون و دیاریی کردنی هەوارگەیان لەسەر نەخشەکە زۆر گرانە، دەتوانین زۆربەی خێڵەکانی نێو ئەم کتێبە لە نەخشەی(*) پاشکۆدا بدۆزینەوە و هەوارگەیان بۆ دەستنیشان بکەین، بەڵام ئەو خێڵانەمان پشتگوێ خستووە کە بەشێکی بچووکن لە خێڵێکی گەورە و تەنها باسی بەشە زۆرەکەمان کردووە.

نووسەرانی ئەم کتێبە

(*) بۆ چەواشە نەبوونی خوێنەران و بەئاسان لێگەیشتن؛ تێکڕای لیستەکانمان یەک خست و بوون بەپاشکۆی ئەم کتێبە و ژمارەمان بۆ دانان –وەرگێڕ–

# بەشی یەکەم

## کورد و کوردستان

**١- ناوچەکە**: کوردستان لە باکوورەوە ناوچەیەکی بەربڵاوی شاخاوی دەگرێتەوە؛ کە لە نزیک (حەلەب)ەوە شان بەشانی دەشتە بەپیتەکانی دیجلە و فورات دەکشێت ، سنووری خۆرهەڵاتیشی بەرەو دەریاچەی (ورمێ) و لەوێشەوە بەسنووری فارسدا دەکشێت تا لە نزیک مەندەلییەوە ڕەنگ دەڕێژێت، لەوێشەوە بەرەو ناوچەی (پشتکێو) دەکشێ و لای باشووریش دیاریی دەکات.

ڕووکار و دیوی ناوەوەی کوردستانیش هەمیشە بەسنوورێکی نیو بازنەیی لەگەڵ زنجیرە چیاکاندا تێک دەئاڵێن، بەڵام زۆربەی زۆری کوردەکان لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەژین و لە کەشی تایبەتیا نەبێت بۆ دەشتەکان شۆڕ نابنەوە.

هەر چۆنێک ببێت دیارییکردنی سنووری ناوچەکە لە باکوور و خۆرهەڵاتەوە ئاسانترە، ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە ڕەوەند و نیمچە ڕەوەندەکان هەمیشە و بێ سرەوت لە نێوان چیا و پشت چیا و دەشت و دۆڵدا هاتوچۆیانە و داناسەکنێن، خێڵۆکە نەناسراوەکانیش هەر زەوییەکی بەپیت و ڕەسا بکەوێتە بەر هەوێڵیان دەیقۆزنەوە و دەیکەن بەکشتوکاڵ و، کەم و زۆر لەو شوێنانەدا نیشتەجێ دەبن، ئەم خێڵە کوردانە تێکڕا لەگەڵ تورک و ئەرمەنی و (چەرکەسی)یەکاندا پێکدا ئاڵاون و بەگران لێک جودا دەکرێنەوە، جیاوازیی ئایینی؛ بۆ ناسینی یەکدی ئەوەندە زەق و کاریگەرە لە جیاوازیی ڕەچەڵەک و ڕەگەزی نەتەوایەتی کەمتر نییە، لەو شوێنانەدا - تا ڕادەیەک - پەرێز و سنوورێکی ئەوتۆ نییە وەدووی کەوین و موو و ماستمان لە یەکدی بۆ جیا بکاتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کوردەکان نیشتەجێی ئەو هەرێمانەن کە باوەشیان بەدەشتەکانی باشووردا کردووە.

کوردستان لە (بیرەجیک)ەوە؛ کە سنووری ئەوپەڕی خۆرئاوایە؛ بەرەو باکوور دەکشێ و نزیک دەبێتەوە لە (مەلاتیا) و (ئازەربەیجان)، لە ئازەربەیجانەوە سنوورەکە بەهێڵێک دەکشێت (دیارییکردنی ئەو هێڵە گرانە) تا دەگاتە ڕووباری (ئاراکسیس)(*)ی نزیک زنجیرە چیای (ئارارات)، لێرەوە هێڵەکە بەرەو باشوور

(*) واتە: ئاراس





دائەگەڕێ تا دەگاتە پشت دەریاچەی (وان)، لەوێشەوە هێڵەکە دەگاتەوە گۆشەی باکووری خۆرئاوا و بەشی خۆرهەڵاتی کەناری دەریاچەی (ورمێ)، لە پاشدا هێڵەکە بەرەو (میاندواو) شۆڕ دەبێتەوە تا دەگاتە (خورساباد)، لەوێشەوە هێڵەکە بەرەو (کرماشان) دەکشێ و لە کۆتاییدا بەهێڵێکی بازنەیی وەردەگەڕێ و بەرەو خۆرهەڵات دەکشێ تا دەگاتە دەشتی دیجلەی نزیک بە(مەندەلیی) سەر سنووری ئێران؛ کە نزیکەی (٩٠) میل لە بەشی سەرووی خۆرهەڵاتی بەغداوە دوورە.

لە بەشەکانی خۆرهەڵاتی کوردستاندا پێویستە ئەو شوێنانە بڕ بدەین (استثناء) کە دانیشتوانیان بەزەقیی هەمە چەشن و هەمە ڕەگەز، بەنموونە شاری (خەربووت) لە باکوور و باشوور و خۆرئاواوە بەتورک و ئەرمەنی گەمارۆ دراوە، هەروەها بەشێکی بەربڵاوی ناوچەی ئەرمەنی گەمارۆی شاری (مووش)ی داوە، لە کاتێکدا شارەکە تێکڕای کوردن، وێڕای ئەمانەش گوندەکانی دەوروبەری دەریاچەی (وان) بەئەرمەنی تەنراون، کەناری خۆرئاوای (ورمێ)یش چونیەک بەکورد و تورک و ئەرمەنی تەنراون، هەروەها کۆمەڵێکی دیکەی ئەرمەنی لە ناوچەی (جولەمیرک) و گوندەکانی خۆرئاوایدا - کە دەکەونە نێوان هەردوو دەریاچەوە - نیشتەجێن. لە دەرەوەی کوردستانیشدا چەند هەوارگە و هەرێمی کوردنشین هەن کە بایەخێکی ئەوتۆیان نییە و لە نیشتمانی خۆیان دابڕاون و پەڕیونەتە ئەوپەڕی ئاسیای بچووک و قەفقاز.

**بەشە ئیدارییەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی:** کاربەدەستانی عوسمانی بەچەند نیازێکی تایبەتی وڵاتەکەیان[(١)] کردبوو بەچەند قەوارەیەکی ئیداریی: ویلایەت، سنجەق، قەزا، ناحیە، یاسای فەرەنسایش هەمان جۆرە.

والی بەرپرسیاری ویلایەتی عوسمانی بوو، ئەنجومەنێکی ناوچەیی بەناوی (ئەنجومەنی کارگێڕان)؛ لە ئەنجامدانی ئیشوکاردا یارمەتی والییان دەدا،

(١) سوڵتان سەلیمی یەکەم کوردستانی خستە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەم سوڵتانە لە ساڵانی (١٥١٢-١٥٢٠)ی ز. دا حوکمی دەوڵەتی عوسمانی کردووە. کوردستانی عیراق ئەو کاتە بە ویلایەتی موسڵەوە بەسترا بوو، بریتی بوو لە سێ سەنجەق... سەنجەقی ناوەندیش موسڵ بوو کەوا شامیلی قەزای دهۆک، زاخۆ، ئامێدی (عمادیە) و (ژەنگار) و ئاکرێ (عقرە) بوو ... سەنجەقی کەرکووکیش شامیلی قەزای (هەولێر) و (ڕواندز) و (کۆیە) و (کفری) بوو... کە سەروەختێکیش ناوی (صلاحیە)یان لێنا، سەنجەقی سلێمانیش شامیلی قەزای (بازیان) و (هەڵەبجە) و (شارەزوور) بوو... بڕوانە (نەخشەی هۆزی لە سایەی چەند سەرۆکێکەوە... لە مێژووی کورددا) - گۆڤاری کۆڕی عێراق - دەستەی کورد - بەرگی (٢١)و(٢٢) -نووسەران-

(پارێزگار)یش بەرپرسیاری سنجەق و قایمقامیش قەزا و کارگێڕی ناوچەش هی ناحیە بوون، کاربەدەستی باڵا و هەوێنی کارگێڕانی حوکمەتی ناوچە دیارە والی بوو، ئەمیش بەفەرمانی ڕاستەوخۆی خەلیفە[٢] دانرا بوو، جگە لە کاروباری سوپا و دادگەریی دەسەڵاتی بەسەر هەموو بەشەکانی دەوڵەتا هەبوو، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پۆلیسی ناوچە و کۆمەڵی مووچەخۆران و ئیشوکاری پارە و پوولی دەکرد، والی بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری خۆی؛ دوو کەسی دەکرد بەیاریدەدەر، یەکەمیان (دەفتەردار) واتا ژمێریاری گشتی، دووەمیان (مەکتەبچی) واتا ئەمینداری گشتی، مەکتەبچی – لە پاش والی – فەرماندەی سەرۆکانی پۆلیس بوو، والیش کۆمەڵێکی بوو ڕاوێژی پێ دەکردن، ئەو کۆمەڵە لە یاسای تورکیادا دەزگایەکی سەربەخۆ و جیاواز نەبوو، بەڵکو لە جەرگەی یاساکەوە هەڵقوڵابوو، پارێزگار و قایمقام و مودیری ناحیە و کوێخای گوندەکانیش بۆ پرس و ڕاوێژ کۆمەڵی تایبەتی خۆیان هەبوو، ئەندامی ئەو ئەنجوومەنانە لە مووچەخۆرانی حکومەتی ناوچەکە بوون، بۆ چاوبەست و هەوێنیش خەڵکی ناوچەکە تێکهەڵکێش دەکران، ئەمانیش زۆربەیان لە پیاوانی دیاریی و ناوداری کۆمەڵ بوون، ئەو ئەنجوومەنانە وێڕای ڕاوێژ و ئامۆژگاریی دەسەڵاتی تریان نەبوو، هەرچەند یاسای تورکیا خۆی نەخۆش و دەردەدار بوو؛ بەڵام هۆی لاوازیی ئەو یاسایە ئەمە بوو کە ئیشوکاری ئەو دەوڵەتە بەشێوەیەکی خراپ بەڕێوە دەچوو، دەسەڵاتەکانی والی ڕوو لە پووکانەوە و لاوازیی بوون، پایەبەرزەکانی ئەستەموول ڕاستەوخۆ مووچەخۆریان دادەنا و بەبیانووی ڕاوێژ پێکردن؛ یاخۆ یارمەتیدانی والی لە پاڵ ئەوەدا قوتیان دەکردەوە؛ بەبێ ئەوەی پرسێک بەوالی بکرێت، بگرە زۆرجاریش لە دژی ئەو ئەنجام دەدرا، بۆیە دەسەڵات و قسەی والی لە ڕووی ئەواندا بڕی نەدەکرد، سیخوڕ و جاسووسەکان سوپایەکی گەورە و قەبە بوون، چاوی زەقیان ئاراستەی هەموو قوژبنێکی وڵات کردبوو، پەیتا پەیتا ڕاپۆرتی پڕوپووچیان ڕاستەوخۆ دەنارد بۆ ئەستەموول، دەزگا ناوچەییەکانیش بۆش و بوودەڵە بوون و لە ڕووی ڕەسمیاتیشەوە کەم دەسەڵات بوون، بەکردەوەش ئەندامانی ئەو دەزگایانە چووبوونە کۆڕی سیاسەت و کاروباری ناوچەکە؛ بۆیە ئۆقرەیان لێ بڕا بوو، هەمیشە هەڵپەی ئەوەیان بوو؛ بۆ تاقمێک دەسکەوتی

(٢) عوسمانییەکان پێش سوڵتان (یاوز سلیم) نازناوی خەلیفەیان هەڵنەگرتبوو... بەڵام پاش داگیرکردنی (میصر) لە لایەن سوڵتانی ناوبراو و دوا خەلیفەی عەباسی ناچار کرد... لە خەلافەت واز بێنێ... لەو کاتەوە سوڵتانی عوسمانییەکان... نازناوی (خەلیفە)ی موسڵمانانیان... بەسەر خۆیاندا سەپان.





تایبەتی وەدیی بهێنن، یاخۆ بۆ بەرژەوەندیی خودیی خۆیان لەگەڵ گەورەی ناوچەکەدا کلکیان دەکرد بەیەکدا و دەسەڵات و هێزیان یەک دەخست.

جەندرمەی ناوچەش (زەبیتە) نیوەیان پیادەن و نیوەکەی تریشیان سوارن. ئەم ڕێکخراوە دەزگایەکی سەربازیی بوو، لیژنەیەکی تایبەتی نێو وەزارەتی عوسمانی سەرپەرشتی کاروباری دەکرد، ئەفسەرانی جەندرمە بەشێکیان کارامە و نیزامیی بوون، بەشێکی تریشیان عەشایەر و ڕەمەکیی، جەندرمە کرابوون بەچەند بەشێکەوە، هەر بەشێک کار و فەرمانی تایبەتی بۆ دیاریی کرابوو وەک: کۆکردنەوەی باج، وەدووکەوتنی تاوانباران، پێشوازیی لە بێگانە و گەڕیدەکان و وەتەک کەوتنیان، لە ئۆردوگاکانی دەرەوەی ویلایەتەکاندا کۆدەکرانەوە و ئامادە دەکران، جەندرمەکان ئازا و جەربەزە بوون، بەڵام بەهۆی پەرشوبڵاوی و لێکدووریی تیپەکانیان؛ دەزگاکەیان کز و لاواز بوو، جەندرمە هەرگیز لاواز و بوودەڵە بووە، ڕایکی (حەدی) ئەوەی نەبووە کە شەپۆڵی ڕق و تووڕەیی جەماوەر خەفە بکات، بەتایبەتی گڕکانی قین و تووڕەیی جەماوەری کوردستان؛[٣] کە هەمیشە و بێ وەڕز بوون تەقیوەتەوە و بگرە فرە جاریش کەفرێژی کردووە، ڕاستییەکی تاڵی تریش هەیە پێویستە لە یاد نەکرێت: مووچەی جەندرمەکان بەدروستی دابەش نەدەکرا، بۆیە کەوتبوونە بەرتیل خواردن و فرتوفێڵ، تاوانباران بەئاسانیی دەرباز دەکران، زۆربەیان خۆیان هەڵدەقورتانە کاری پڕ لە نەنگی و ئابڕووچوون، کار گەیشتبووە ڕادەیەک کە جەندرمەی ناو شار دەسەڵاتی هیچیان بەسەر خەڵکا نەمابوو.

٢- **کوردستانی باکوور**: کوردستانی باکوور ئەم ویلایەتانە دەگرێتەوە: دیاربەکر، (معمورة العزیز)،[٤] ئەرزەڕووم، ڤان، بەتلیس، کوردستانی خواروویش ئەم

(٣) بەدرخانییەکان و یەزدان شێر و شێخ عبیداللەی نەهری و شێخ سەعیدی پیران و دکتۆر فؤاد... و، دەیەها بەڵکو سەدەها شۆڕشگێڕی تر کە دژ بە ڕێژیمی تورکەکان وەستاون و خوێنی خۆیان خستە سەر لەپی دەستیانەوە لە پێناوی ڕزگاری گەلی کورد... لە چنگی ئەو حوکمڕانە چاوچنۆک و دواکەوتووانە و زۆربەشیان لە پێناوی... ئەو مەسەلە شکۆمەندە بە سەر و ماڵ و خاو و خێزانەوە فەوتان و ناویان چووە دەفتەری نەمرانەوە.

(٤) ویلایەتی (معموره العزیز) لەم سنجەقانە پێکهاتووە: مالاتیا، خەربووت، دەرسیم، بەڵام سنجەقی (ئۆرفا) سەربەخۆیە، ویلایەتی دیاربەکر لەم سنجەقانە پێکهاتووە: ئەرزەڕووم، ئەرزەنجان، بایەزید. ویلایەتی (وان) لەم سنجەقانە پێکهاتووە: سنجەقی ڤان، میکیاریی (واتا هەکاریی – وەرگێڕان). ویلایەتی (بەتلیس)یش لەم سنجەقانە پێکهاتووە: گویخ، مووش، بەتلیس، سعیرت. –نووسەران–

ویلایەتانەی گـرتۆتە باوەش: تەواوی ویلایەتی مـووسڵ و چەند بەشـێکی ویلایەتی بەغدا، بەشـەکانی تری کوردسـتانی خـواروو دەکشێن تا دەگەنە پشت سنووری ئێران، کوردستانی باکوور زۆربەی شاخاوییە و بەزنجیرە شاخ تەنراوە، ئەم شاخانە کۆتاییان نایەت؛ زنجـیـرەیەکی تر دێت بەپێـشـوازتەوە، تەپۆڵکە و گـردۆڵکەی بێ بڕانەوە بەو کێـوانە ئەڵقاوئەڵق دراون، کـوردسـتان لێـژگە و نشـێوی ئێجگار زۆرە، هەندێکـیان لە هاویندا دەبنە وشکە چەم و کـزر دەبنەوە و ئەوپەڕی خۆرئاوای کـوردسـتان؛ بەشـەکـانی فورات ئاودێریان دەکەن، ئەو بەشانەی فورات لە بەرزاییـیە دوورەکانی باکوورەوە بۆی شۆڕ دەبنەوە و دەکشێن بەرەو پشت ئەرزەڕووم و زنجیرە چیا سەرکەشەکانی (میرجان داخ) و (مەنزوور داخ) و (ئاتمنام داخ)، ئەم کێـوانەش لە باکووردا تێکڕا سەنگەرێکی سروشتی سەختن. لە پاشدا هێـڵـی سنوور بەرەو باشوور وەردەگەڕێ و دەوروبەری چیـای (بیرتیا داخ)یش دەگرێتەوە، بە(مەڵاتیا) و (خەربووت)یشدا تێدەپەڕێ و ئابلـۆقەی چیـای (زیارەت داخ) ئەدات، لێـرەوە هێـڵـی سنوور بەرەو خـۆرئاوا مل دەنێ و دەگـاتە (بەلتیـف)ی دەوروپشت بەرزاییـیەکـانی (ئۆرفـا) و هەمـان هێڵ بەتـیـژیی وەردەگەڕێ و بەرەو ناوچە نزمەکانی (بیرەجیک) شۆڕ دەبێتەوە.

بەم شـێوەیە چیـای (زیارەت داخ) لە خۆرئاواوە گـەمارۆی کـوردسـتـانی داوە، گرد و چیـاکـانی کـە ئەرزەڕووم و دەریاچەی (وان) بەیەکـدی دەگـەیەنن؛ کـەوتوونـەتە لای باکـووری خـۆرهەڵات، بەرزترین چیـای ئەم نـاوچەیە لووتکەی (بینگوڵ داخ)ە کـە (٣٢٠٠)م لە ڕووی دەریاوە بەرزە، دەربەندێکی تەنگ و قـووڵ - کە زۆر ستەمە بڕینی - دەکـەوێتـە دەریاچەی (وان)، ئەم دەربەندە لە (بەتلیس)ەوە دێت و لە (باڵاک) دەڕژێتـە دۆڵـی دیجلە و ئابلـۆقـەی خـۆرهەڵاتی ئەو ناوچەیە دەدەن، ڕووباری دیجلە لە (باڵاک)ەوە تا (جـەزیرەی ئیـبنوعـومـەر) دەبێـتـە سنوورێکی سـروشـتی ئەم نـاوچەیە، ڕووباری دیجلە لە نزیک (خەربووت)ەوە هەڵدەقوڵێ و لە دیاربەکرەوە بەرەو باشووری خـۆرهەڵات دەکـشـێ تا دەگـاتە باڵاک، لەوێشـەوە بەرەو باشـوور دەچەرخێ، ڕێڕەوی سەرەوەی دیجلە ئەو ناوچەیە دەکات بەدوو بەشی چونیەک (متساوي).

لە بارەی بەشی سـەرووی کوردسـتانی باکوورەوە زۆر شت نەزانراوە، هەندێک ناوچە بگرە لە گەڕیدەیەکی بەناوبانگی وەک (سێرمارک سایکس)یش یاخیی بووە، ناوبراو دانی بەو ڕاسـتـیـیـەدا ناوە؛ کـە بەهیچ جـۆرێک نەیتـوانیـوە بچـێت بەپەرێزی ئەو ناوچانەدا، دانیشتوانی ئەم ناوچانە وشک و کەللە ڕەق و نەخوێندەوارن، بۆیە ئامادەنین هیچ شـتـێک لە بارەی خـۆیان و نـاوچەکـەیانەوە؛ لەلای بێگـانان بدرکـێنن، زۆربەی





زانیـارییـەکـانی (مـارک سـایکس)یش لە ڕێگای ئەو کوردانەوە بووە؛ کە بۆ بازرگـانی چوونەتە شاران و ئەمیش هێدی هێدی کۆی کردوونەتەوە، ئەو بازرگانانە بەسەرهاتی خۆیان و خێڵەکانیان دەماودەم بیستووە و بۆ خەڵکیان باس کردووە، ئەم ناوچانە هەتا دەست داگری سەخت و شـاخاوین، ڕێبـوار تا بەرەو باکـوور بڕوات ناوچەی شـاخاوی و تووشتر دێتە ڕێگای، چەم و دەربەندەکانی ناوچەکە؛ لە لووتکەکانی (مـوراد سوو)وەوە پاراو دەبن، بەدەگمەن ترۆپکی چیاکانی ناوچەکە لە (١٥٠٠)م کەمتر لە دەریاوە بەرز بن، ئەو زنجـیـرە شـاخـە و فـورات دەبنە جـۆرە سنوورێکی سـروشـتی لە باکـووردا و (٢٠٠٠) تا (٣٠٠٠)م لە دەریاوە بەرزن گـرنگـترین شـارەکـانی کـوردسـتـانی باکـوور ئەمانەن:

**مووش**: دانیشـتوانی کـورد و ئەرمەنین و چوارده هەزار کەسێک دەبن (لەو کاتەدا - وەرگێڕ)، کەوتۆتە شوێنێکی بەرزی تەلان تەلان و ڕووی کردۆتە باکوور، قەڵا بەرزەکەی شـار بەدەوری ترۆپکی (گیـرتک داخ)دا ئەڵقـەی داوە، دوو جـۆگا لە چیـاکـانی نزیک شارەوە هەڵدەقوڵێن و شارەکە دەبڕن، یەکێکیان لە خـوارووی خۆرهەڵاتی شـارەوەیە، ئەوی تریش لە خـوارووی خـۆرئـاواوە، تەلان و لێـژگەکـانی قـەراخ شـاریش بەڕەزە ترێ داپۆشـراون، هەوای شـار زۆر بژوێن و سـازگـارە، لە زسـتـاندا زۆر سـاردە و نـاوبەناویش بەفری زۆری لێ دەبارێ، باشووری شارەکەش بەدارستـانی چڕ و زەبەنگ تەنراوە، دیارە سووتەمەنی لە شوێنی وەهادا ئێجگار زۆرە.

**بەتلیس**: ئەم شارە کەوتۆتە سەر دۆڵـی ڕووباری (بەتلیس سـوو)، گۆشەی باکووری خـۆرئاوای دەریاچەی (وان) لـەم شـارەوە (١٥)کم دوورە، شـاریش کـەوتۆتە نێـو دەربەندێکی قـووڵ؛ کە لە باکوورەوە بەرەو باشـوور کشـاوە، بەشی خۆرهەڵاتی شـاریش لاپاڵێکی ڕووتەن و گـردێکی بەردەڵانە و نزیکەی هەزار پێـیـەک بەرزە، لە ناوەڕاسـتی شـار و بەری ڕاسـتی ڕووباری (بەتلیس سـوو)دا قـەڵایەکی دێرینی داڕووخـاو هەیە، ڕووباری خوسرەوی بەلای خۆرئاوای قەڵاکەدا تێدەپەڕێت، لە بەشی باکووری شاریشدا بەرزاییـیـەکی ترۆپک تەخت (ساراتین) هەیە و هەموو دەزگـاکانی دەوڵەت لەو شـوێنە ساراتینەدا ڕۆنراون، پردێکی بەردین لەسەر ڕووباری بەتلیس ڕاکشـاوە و هەر دووبەری شارەکە بەیەکدی دەگەیەنێت، شارەکە ڕوو لە قیبلەیە؛ بۆیە لە هاویندا زۆر گەرمە و لە زسـتـانیـشـدا بەفـرێکی زۆری لێ دەبارێت، گـوایا وا بڵاوە کـە نەخـۆشـیی باداریی (ڕۆمـاتیزم) لەم شارەدا تەشەنەی سەندووە و دەمی ژندۆتە خەڵکەکەی، وەلێ سازگـارە و دانیشـتوانی گوزەرانیـان زۆر خۆشە لە دەوروبەری شـاردا هەندێک کـانیـاوی کـانزایی

(مەعدەنی) هەن؛ ئاسن و گۆگردیان زۆرە، ئاوی خواردن بەبۆڕی گۆزە هێنراوە بۆ شارەکە، سەرچاوەی ئاوی خاوێن لە دەربەندی (ئافنج)ەوە دێت و بەو بۆڕیانە بەشاردا دابەش دەبێت و سەروبەریش بەشیان دەکات. سامانی کشتوکاڵی شاریش کە دەبرێنە دەرەوە بریتین لە گەنم ، خوریی، فرە جۆر چەرم و کەوڵ، مازوو، جەوی و کەتیرە، لە بریی قوماشی (ساسۆن) جاوێکی سووری زبر وەبەرهەم دێنن، لە نزیک شارەوە چەند کانە ئاسنێک هەن و بەشێوەیەکی کۆن و ڕەمەکییانە ئاسنیان لێ دەردێنن، لە پێش جەنگدا نزیکەی سێیەکی دانیشتوانی شار ئەرمەنی بوون، چەردەیەک خێزانی (یەعقوبییە)کانیش لەوێدا دەژیان، بەڵام کوشتار و ئاوارەکردن ڕێژەی سەرەوەیان زۆر کەمتر کردۆتەوە، دانیشتوانی دیکەی شارەکە ئیسلامن و هەندێکیان لە ئاییناریدا ئێجگار وشک و کەللە ڕەقن، سەبارەت بەگۆشەیەکی دیکەی کوردستان؛ کە کەوتۆتە باکوور؛ وە باکووری خۆرهەڵاتی دەریاچەی (وان)؛ هەگبەکەمان کەمی تیا کۆبۆتەوە و شتێکی وا نییە شایەنی باس بێت، چونکە ناوچەیەکی شاخاوی ئێجگار سەختە، هەندێک جۆگای وەک (موراد سوو)ش بەو هەرێمەدا تێدەپەڕێت، دانیشتوانی ئەو هەرێمەش ئاوێتەن، فرە جۆر خێڵن و لە دەریای نەزانی و نەخوێندەواریدا نوقمن.

دامێنی کوردستانی باکوور لەم کاتەدا هەرێمێکی زۆر ئاوەدانە و دانیشتوانی زۆرن، گەلێک لە خێڵە بەدەسەڵاتەکانی کورد لەم ناوچەیەدا دەژین، خەڵکی ئەم ناوچەیە – بەپێچەوانەی دانیشتوانی کوردستانی باشوورەوە – کەمتر دەکەونە دوای ئاو و لەوەڕ و ژیانی ڕەوەندیی، ئەمان لە ئیشوکاری پیشەسازیدا لە کوردەکانی ویلایەتی ئەرزەڕووم و (وان) زیرەک و کاراترن، ناوچەیەکی گرد و تەپۆڵکاوییە، گردەکانی بەدەگمەن (٩٠٠)م بەرزن، تەنها ئەو کێوانە نەبێت کە دەکەونە نێوان (سیڤریک) و (دیاربەکر) و (میدیات) و (ماردین)؛ کە ١٨٥٠م لە ڕووی دەریاوە بەرزن و لە هەندێک شوێندا دەگەنە ١٢٠٠م، ئەم ناوچەیە لە ڕاستیدا دامێنی زنجیرە شاخێکن و لە باکوورەوە شۆڕ دەبنەوە تا دەڕژێنە ناو چەم و دەربەندەکانی نێوان (دیاربەکر) و گردەکانی دەوروبەری خەربووت و مووش، لە باشووریشەوە بەرەو دەشتە نزمەکان، یاخۆ بەرەو ئەو شاخە بەرزانەی کە لە دەوری حەوزی (میزۆپۆتامیا) کشاون، ئەم هەرێمە (دامێنی کوردستانی باکوور – وەرگێڕ) نزیکەی هەموو ناوچەکانی ویلایەتی دیاربەکر و شارە سەرەکییەکانی وەک: بیرەجیک، ئۆرفا، دیاربەکر، ڤیران شار و ماردین دەگرێتەوە، دیاربەکر و ماردین هەریەکەیان پایتەختی سنجەقێکن، وەلێ (ئۆرفە) خۆی پایتەختی سنجەقێکی سەربەخۆیە.





**بیرەجیک**: مەرکەزی قەزایە و دەکەوێتە بەری چەپی ڕووباری دیجلەوە، دانیشتوانی (٤٠٠٠) ماڵێک دەبن و زۆربەیان تورکن و (٥٠٠) ماڵێکی کوردی تیا دەژین، ئەرمەنییەکانیش (٣٠٠) ماڵێک زیاتر نین، لە ئەنجامی چەوسانەوە و ستەمدا؛ ژمارەی ئەرمەنییەکان هاتنە کزی و زۆربەیان لەناوچوون.

پیشەی زۆربەی دانیشتوانی بیرەجیک کشتوکاڵە، گەنم و جۆ و خوری، کەرێ، ئاژەڵداریی، گرنگترین بەرهەمی ناوچەکەن و دەبرێنە بازاڕی حەلەب، سەوزە و ماسی لەم شارەدا زۆرە، ئەو کارێزەی ئاوی لێ دەخۆنەوە دەبێتە جۆگایەک و بەشاردا تێدەپەڕێ و دەڕژێتەوە فورات، جگە لەو کارێزەش چەند کانییەکی ڕوون و سازگاریش لە ناو شاردا ژیانی خەڵک ڕادەپەڕێنن، شارەکە لە دامێنی چیادا ڕۆنراوە، گەڕەکی ئەرمەنییەکان لە ترۆپکی شاخدایە و لە هەموو بەشەکانی تری شار بژوێن – فێنک – و سازگارترە، زۆربەی دەوروبەری شار ناسازە و سوپای مێشوولە دەمی تێ ژەندووە و سام و ترسی تیا دەچێنێت، لە کاتێکدا نەخۆشی مەلاریا بەدەگمەن هەیە، لە هاویندا و بەتایبەتی لە تەمووز و ئابدا زۆر گەرمە، بەڵام هەوا بەگشتی توند و تووش نییە و تا ڕادەیەک لە هەوای (حەلەب) شێدار و خۆشترە، لەم ناوچەیەدا بە(بەلەم) لە فورات دەپەڕنەوە، ڕێگایەکی خۆڵی قیرتاو نەکراو (بیرەجیک) و (نوسەیبین) و (عینتاب) بەیەک دەگەیەنێت، خاکی ئەم ناوچانە بەگشتی سوورباوە و لە زستاندا دەبێتە لیتەییەکی خەست، دوو ڕێگای لێژ لە شارەوە دەردەچێت: یەکەم بەرەو (تورتن محەمەد) و دووەمیش بەرەو ژوور بۆ (چاریک داخ) دەکشێت، گالیسکەی ناوچەکە بەئاسانیی هاتوچۆ دەکەن؛ جگە لەو ڕۆژانەی کە بارانی زۆر دەبارێ و ڕێگا دەبێتە لیتە و، بەتایبەتی بارهەڵگرە قەبەکان دەچەقن، هەموو گوندەکانی سەر ئەو ڕێگایە پاراون و کەم ئاوییان تیا بەدیی ناکرێت و لە (نوسەیبین)دا خان هەیە.

**ئۆرفە**: پایتەختی سنجەقە و زۆربەی دانیشتوانی عارەب و کوردن و، بەڵام بەتورکی ئەدوێن، ئەم شارە کەوتۆتە بەشی باکووری خۆرئاوای دەشتی (حەڕان)، ئەم دەشتەش لە خۆرئاواوە چیای (نەمروود داخ) و لە باکووریشەوە دامێنە دوورەکانی چیای (کراجە داخ) و لە خۆرهەڵاتیشەوە (تیک تیک داخ) ئابڵوقەیان داوە، شارەکە لەسەر دوو گردی بەردەڵان ڕۆنراوە، دەربەندێک دەکەوێتە نێوان ئەم دوو گردە و جۆگایەکیش بەو دەربەندەدا تێدەپەڕێت، لە بەشی کۆنی شارەکەدا چەند قەڵا و شوێنەوارێکی مێژوویی هەن، گەڕەکی تازە کەوتۆتە بەشی باکووری شارەکەوە، گەلێک کانی ڕوونی چاوقرژاڵیی دەڕژێنە ناو ئاوی دەربەندەکە، پاکترین و سازگارترین کانیی ئاڵاوەتە

دەشتی دامێنی شار، دەشتی ئۆرفە بەپیتترین دەشتە، هەموو جۆرە میوە و دانەوێڵەیەکی تیا وەبەرهەم دێت وەک: گەنم ، جۆ، گاڵ، نیسک، زەڕات، کونجیی، هەرزن، چەڵتووک، گوش، لۆکە، سێو، ترێ و زەیتوون...

ڕێگای نێوان ئۆرفا و سیرۆج (١٢) میلی لێ قیرتاو کراوە، دوو هەورازی لێژ و هەڵەت لە نێوان سیرۆج و بیرەجیکدا هەیە و قوڕەسوورەش لە کاتی باراندا دەبێتە لیتەیەکی خەست، بەڵام هاتوچۆی ڕێگاوبان لە زستاندا باشە و هاتوچۆی ناوچەکەش ئاساییە.

**ڤیران شار**: پایتەختی خێڵە کوردەکانی (میللی)یە و دەکەوێتە لای باشووری چیای (کراجە داخ) و ڕێگای نێوان ئۆرفا و ماردین دەکات بەدوو کەرتەوە، لە ڕۆژانی ئیبراهیم پاشای سەرۆکی چەڵەنگ و ژیری خێڵەکانی میللیدا – واتا لە سەدەی پێشوودا – ئەم شارە زۆر بووژایەوە و گەشەی کرد، شاری کردبوو بەبنکە و شوێن دەسەڵاتی خۆی، کشتوکاڵ لەم ناوچەیەدا چ لە ڕووی چۆنیەتی و چ لە ڕووی زۆرکردنی زەوی کشتوکاڵەوە پەرەی سەند، وەلێ دوای مردنی ئیبراهیم پاشا و لەساڵی ١٩٠٨دا لە لایەن تورکەکانەوە هێرش کرایە سەر ئەم شارە و گەلێک لە دانیشتوانی کوژران.

**ماردین**: پایتەختی سنجەقە و کەوتۆتە دامێنە باڵاکانی شاخێکەوە کە (٨٣٠)م لە ڕووی دەریاوە بەرزە و بەسەر دەشتەکانی (میزۆپۆتامیا)دا دەڕوانێت، شوێنی ئەم شارە زۆر سەخت و بەرزە؛ بۆیەکا دەرگای ئەم شارە تەنها لە باکوورەوە وازە – کراوە –، قەڵایەک لە شارەکەدا هەیە و لە بەردی سەخت ڕۆنراوە، ئەم قەڵایە بەدرێژیی لای خۆرهەڵاتی شار کشاوە، دانیشتوانی ماردین (٤٠) هەزار کەسێک دەبن و (١٢) هەزاریان[٥] فەلەن، قەشەکانی کاسۆلێکی سووریا و کەلدان و ئاسوورییەکان کورسی تایبەتییان لەم شارەدا بووە، زۆربەی دانیشتوانی بەعارەبی دەدوێن و تورکیش بەڕەوانیی دەزانن، لە کاتێکدا تەنها سێیەکی دانیشتوانی شار بەکوردیی دەدوێن، لەم شارە و دەوروبەریدا ئەم سێ خێڵە کوردە دەژین: (میشکی) لە گەڕەکی میشکییەکان کە دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای شار، خێڵی (داشی) لە گەڕەکی (دەروازەی شوورا)دا کە

(٥) هەندێک قەبلاندنی دیکە وا دەگەیەنن کە ژمارەی فەلەکانی ئەم ناوچەیە ٢٠ تا ٢٢ هەزار کەس دەبن، بەڵام زۆربەیان لە کاتی شالاو و ڕاونانی ئەرمەنییەکاندا ئاوارەکران، بۆیەکا لە کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا نەتوانرا ژمارەی وردی فەلەکان تۆمار بکرێت.
–نووسەران–





دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شار، خێڵی (میدڵخانی) لە گەڕەکی (ژێر قەڵا)دا کە دەکەوێتە باکووری شار. ڕێگاکانی دەرەوەی شار بەهۆی چەند ڕێگر و جەردەی کوردەوە ناهێمن و ئاڵۆزن، بۆیەکا زۆربەی دانیشتوانی شار تفەنگ و دەمانچەیان هەیە، گەنم و جۆ و زەڕات و نیسک؛ لەم شارەدا بەزۆریی وەبەرهەم دێن، ناوبانگی کەرێی ماردین لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دەنگی داوەتەوە، لە شاری ماردیندا باخ و دارستانی زۆر هەیە، بەتایبەتی باخی چوالە ئێجگار چڕ و زەبەندە، خوریی لەم شارەدا بەزۆریی دەڕێسرێت، گۆرەوی و پووزەوانەی سووری ماردین بەناوبانگن و دانیشتوانی شارەکان بەکاری دێنن، هەندێک لە دانیشتوانی شار دارفرۆشیی دەکەن و دەچنە چیاکانی (ئوردلا داخ) و (پالیاک داخ) و (کراکولی)ی نزیک شار، موغەیری و سۆپای لێ تاوەدەن، لە ناو قەڵاکەی ماردیندا ئەستێڵ هەیە، (کانی حوجرە)ی ناو شار بەدرێژیی ساڵ ورشەی دێت و وشک بوون نازانێت، لە خۆرهەڵاتی شاردا دوو کانی تر هەن بەناوی (کانی گۆیزە) و (کانی بەهشت)، لقێک لە هێڵی ئاسنی بەغدا دەگاتە ئەم شارە، بەڵام ئەم هێڵە تەواو نەبووە و بەشاردا تێناپەڕێت، ڕێگای نێوان ماردین و دیاربەکر قیرتاوە، چەند ڕێگایەکی دیکەش لەم شارەوە بۆ ناوچەکانی: گردی ئەرمەن، سەرچاوە، وێران شار، ئۆرفا، دارین و نوسەیبین دەردەچن و لە کاتی باراندا داناخرێن. هەوای ئەم شارە لە زستاندا زۆر ساردە و لە هاویندا زۆر فێنکە، لە ئۆکتۆبەرەوە باران دەبارێ و لە کۆتایی نیساندا باران دەبڕێت، لەو ماوەیەدا باران بەڕەهێڵە و خوڕ دەبارێ و زریانی بەفر و تۆف دای دەگرێتەوە، مەلاریا لەم شارەدا نییە، بەڵام گرانەتا خزاوەتە ناوچەکە و دایبێژاوە.

**دیاربەکر**: پایتەختی ویلایەتە و گرنگترین شاری کوردستانی باکوورە، کەوتۆتە ئەو پێدەشتە نزمەی کە لەگەڵ ڕەوتی دیجلەدا دەست پێدەکات، شوورایەکی دێرینی ئێجگار تۆکمە و پتەو بەدەوریدا کێشراوە، بەرزیی ئەو شوورایە ١٧ تا ١٨ پێیە، چەند پایە و قوللە دیواری شوورەکەی پێکا شەکەت داوە، لە ناو قوللەکاندا ئەشکەوتی گەورە دروست کراوە و لە کاتی ترس و لێقەوماندا خەڵکی شار پەنایان بۆ دەبەن، وەک دەڵێن زەخیرە و بژێوی ساڵێکی ڕەبەق لەو قەڵایانەدا حەشار ئەدرێن، لە ڕووباری دیجلەوە و بەژێر زەویدا ئاوی پاک بۆ چەند تانکی و ئەستێڵێک ڕاکێشراوە، چەند ئۆردووگایەک هەن کە میل و چارەکێک لە دەرگای باکووری شارەوە دوورن، لە نزیک ئۆردووگاکانەوە کانییەک هەیە بەدرێژایی ساڵ وشک ناکات.

دانیشتوانی شار لە پێش جەنگدا (٥٠) هەزار کەسێک دەبوون، بەڵام ئێستا لە

(٤٠) هەزار کەس تێناپەڕن، (١١) هەزاریان ئەرمەنی و (سووربی) و (کەلدانی)ن، ئەوانی تریش کوردی بەڕواڵەت تورکن، فەلەکانی ئەم شارە - وەک هەموو شارەکانی تر - زۆربەی پیشەسازییان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو، ئیسلامەکانیش بەکشتوکاڵ و دوکاندارییەوە خەریک بوون، یا لە دەزگاکانی دەوڵەتا کاریان دەکرد، ئەرمەنییەکان کارگەیەکی ئاوریشم چنینیان هەیە، هەندێک کارگەی سابوونسازیی بچووکیش لە شاردا کار دەکەن، ئاغاکانی ناوچەکە دەستیان بەسەر زەویوزاری ناوچەکەدا گرتووە، کورد و ئەرمەنی نێو گوندەکانیش زەوی دەکێڵن و خۆشی دەکەن، ئەرمەنییەکان وڵاخی جووت و تۆو دەخەنە ئیش و بەنیوەکاریی بۆ ئاغاکان کار دەکەن، جیاوازیی نێو هەژاران و ساماندارا‌ن ئەوەندە زەقە هەموو کەس هەستی پێدەکات.

دیاربەکر لە بەرهەمهێنانی گەنم و برنجدا بەناوبانگە، ئاژەڵداریی و بەخێوکردنی لە چیای (کراجە داخ)دا ئەنجام دەدرێ و کەرەی دیاربەکریش بەناوبانگە، هەروەها نیسک و مێوژ و کونجی و برنج و لۆکە و هەنار و شووتی و ترێ و هەڵووژە و هەنجیر و بادام و زەیتوونیش لە نزیک شاردا وەبەرهەم دێن، خەڵکی شار مازووی زۆر دەچنن و بەبازرگانانی مووسڵ و ڕواندز و شوێنەکانی تری دەفرۆشن زۆریشی دەگەنە (بۆمبای) و (لەندەن)، مازوویش سێ جۆرە: سەوز، شین، سپی، وەلێ شینەکەی لە هەموویان بازاڕی گەرمترە، هەوا زۆر گەرمە و سوپای مێشوولەیش دەمی ژەندۆتە شارەکە و ناوی بەخراپ زڕاندووە، لە زستاندا هەرچەند ساڵانە بەفری زۆری لێ دەبارێت؛ بەڵام زۆر سەخت و تووش نییە، ڕێگای نێوان دیاربەکر و ماردین لەم دواییەدا بیرازێکی[٦] باش کراوە و ئێستا قیرڕتاوە، ڕێگای نێوان ئاراکا و ماردین لە کاتی جەنگدا؛ لۆری و ترێڵەکانی ئەڵمانیا وێرانیان کردبوو، لەم دواییەدا ئەویش بیراز کرایەوە، ئەو ڕێگای بەسیڤریکدا دەڕوات بۆ ئۆرفا قیرڕتاو نییە؛ بەڵام بۆ هاتوچۆ و گواستنەوە بەکاردێت، ڕێگای (گردی ئەرمەن) و (ئارادا) تا ڕادەیەک باشە؛ بەڵام لە کاتی باراندا دەبێتە لیتە و قوڕ.

**میدیات**: شارۆچکەیەکی ئاوەدان و خۆشە و کەوتۆتە دامێنی بەرزاییەکانی (تەورلعابدین)، لە بواری پێویستی ئاودا تەنها بەخۆی پشت ئەستوورە و لە حەوز و ئەستێڵەکانەوە بۆی دێت، باسی ئەوەش دەکرێت کە لە هاویندا ئاوی شار دێتە کزی و دەچێتە بازاڕی کڕین و فرۆشتنەوە، لە ساڵی ١٩٠١دا زۆربەی کانی و کارێزەکان

(٦) بیراز یا میراز: تەسلیح، تەعمیر -وەرگێڕ-





وشک بوون، لە ساڵانی نەبار و نەهاتیی کشتوکاڵدا خەڵکی شارەکە پەنا دەبەنە بەر شوێنەکانی تر و بژێوی خۆیان دابین دەکەن، زۆربەی دانیشتوانی فەلەی یەعقوبین و هەندێکیان ئیسلامن.

**نوسەیبین**: ئەم شارە کەوتۆتە بەری خۆرئاوای ڕووباری (چاغ چاغە)، پردێکی دێرینکاری تۆکمە لەسەر ئەم ڕووبارە ڕاکشاوە، ڕووبارەکەش بەدەشتەکانی دامێنی (تەورلعابدین)دا تێدەپەڕێت. هەرچەند ئەم شارە لە ڕووی جوگرافیاوە کەوتۆتە باشوور؛ بەڵام پەیوەندیی سیاسییان لەگەڵ کوردەکانی (تەورلعابدین)دا وای دەسەپێنێت کە بخرێتە سەر هەرێمی کوردستانی باکوور، دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە کەمن و (٦٥٠٠) خێزانێکی کوردن؛ بەڵام بەهۆی تێکەڵی و دراوسێیەتی خێڵە عارەبەکان؛ هەندێک شێواز و نەریتی نەتەوایەتیان دۆڕاندووە، بەرگ و ڕەفتاری عارەبان زۆر کاری کردۆتە سەر ئەو خێڵە کوردانە و بگرە ئاڵوگۆڕی نامە و نووسین بەعارەبیی بوو، شوێنی ئەم شارە زۆر گرنگە مەڵبەندی خێڵە عارەبی (تەی-طی) و خێڵەکانی (داکشوەری) و (تاجیکی) و چەند خێڵە کوردی ترە، سەرۆکانی ئەم خێڵانە لەو هەرێمەدا هەڵکەوتوو و بەڕێزن؛ چونکە لە کاتی لێقەومان و کوشتاری فەلەکاندا بوونە لانە و پەنایان، لە دەوروبەری ئەم شارەدا چەند گوندێکی فەلەنشینی هەن و زۆربەیان کەوتوونەتە لای خۆرهەڵاتی شار، خێڵە عارەبی (تەی) (٣) هەزار خێزانێک دەبن و دانیشتووی (٣٥) گوندن و زۆربەی ئەو گوندانەش کەوتوونەتە لای باشووری خۆرئاوای شارەکە و لە ژێر ئاڵای پەیمانێکی خێڵەکایەتی و سەر خێڵێکدان. لە کوردستانی باکووردا گەلێک ناوچەی گرنگی تر هەن وەک: (سام سات)ی سەر ڕووباری فورات، سیڤرێک لە نێوان ئۆرفا و دیاربەکردا، دیریک لە نێوان ئۆرفا و ماردیندا، سەرچاوە لە پێدەشتا، چالیک لە سەرووی جەزیرە و دەوروبەری دیجلەدا، (سعیرت) لەسەر ئاوی (بۆتان سوو)دا گرنگی ئەم شوێنانە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی بازرگانییان و ئیدی هیچ تایبەتییەکی تریان نییە.

کزی و پووکانەوەی بازرگانی ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هێڵی ئاسن؛ کە تەنها ڕێگای ئاسنی بەغدایە و دەگاتە ناوچەی (بنماتلی) و (١٠)کم لە خۆرهەڵاتی (نوسەیبین)ەوە دوورە، ئەمیش لقێکە بەسەرچاوەدا بەرەو ماردین دەکشێت، لەوێش دەچەقێ و هێڵەکە دەکوژێتەوە، لقەکانی تری ئەم خێڵە ئیشیان تیا دەکەن و نەخراونەتە کار، ماردین بەکورتە هێڵێک؛ بە(عیزەت پاشا) و (بادینا)وە بەستراوە، ئەم ناوچانە چەند دێهاتێکی کوردن و هەر گوندەی لە (٣٠) خانووی (گڵ) تێناپەڕێت و

کەوتوونەتە دامێنی چیایەکی بەرز و سەرکەش، دارستانی چڕ و سەوز لە باشووری خۆرئاواوە گەمارۆی داون، هەندێک خانووی وشکە کەڵەکیش لەم ناوچەیەدا دەکەونە بەرچاو و هێشتا تەواویش نەکراون. بەو پێیە تەنها یەک هێڵی ئاسنی سەرەکیی کوردستانی باکووری بەئاسیای بچووکەوە بەستۆتەوە، بەڵام هێڵی ئاسن لە هیچ لایەکەوە کوردستانی باکووری بەدۆڵی دیجلە و فورات و کوردستانی باشوورەوە نەبەستووە، لە رووی باری ناوخۆی ئەم هەرێمەشەوە دەتوانین بڵێین: سنوور و کۆسپە سروشتییەکانی ناوچەکە ئەوەندە بەهێزن؛ پرۆژەکانی ئاوەدانی و بازرگانییان تیا کز کردووە.

٣- **کوردستانی باشوور**: کوردستانی باشوور بەشێکە لەو هەرێمەی کە لایەکی لە دەریاچەی (وان)ی ئەوپەڕی خۆرهەڵاتی دیجلە و گردۆڵکەکانی ئێرانەوە دەست پێدەکا و؛ لایەکەی تریشی لە دەریاچەی (ورمێ)وە بەرەو مەندەلی و (پشتکێو) شۆڕ دەبێتەوە، لە دامێنی دەریاچەی (ورمێ)وە زنجیرە شاخێکی سەرەکیی وەک (بەرزاییەکی پان و بەرین) دەردەچێ و پەلوپۆ دەهاوێ و لە دامێندا دەبێتە بەردە لمینە (صخور رملية).

نیشتمانی کوردەکانی ئێران ئێجگار شاخاوی و هەڵدێر و تووشە، ئاژەڵ و گەنمی زۆرە، رووباری سیروان و زێی بچووک لەوێوە هەڵدەقوڵێن و دەکەونە گەشتوگەڕان، ئەم هەرێمە نیشتمانی[٧] کۆنی کوردە و ئێستا و لە کۆنیشەوە بایەخێکی تایبەتی بووە. لە چاو کوردستانی باکووردا شوێنێکی بالاتری بووە، دانیشتوانی لە رووی چالاکی و هوشیاریی سیاسییەوە زرنگ و هوشیارترن، ژمارەی خێڵە رەوەندەکانی هەرێمی باشوور لە ژمارەی هەرێمی باکوور نزیک دەبنەوە، بەڵام شێوازی رەوەندی و کۆچکردنی بەردەوام لە باکووردا؛ کۆسپێکی ئێجگار نەگریسە لە بەردەم کشتوکاڵ و بووژانەوەی شارستانیدا، لێرە و لە شوێنە دوورەکانی تری کوردستاندا؛ وەک چیا سەختەکانی

(٧) دەشێ و زۆریش لە راستییەوە نزیکە؛ کە بنەچەی کوردانی ئەمڕۆ بچێتە سەر (کوردینی)؛ ئەوانەی لە (بلین) و (سترابو) باسیان دەکەن و دەڵێن: جەنگاوەر و ئازان، جەردەیی دەکەن و سەر بۆ هیچ دەسەڵات و هێزێک شۆڕ ناکەن ئاگادارە سیاسییەکان بنەچەی ئەم نەتەوەیە دەبەنەوە سەر (کاردۆخی)یەکان، ئەوانەی کە بەرەنگاری فەرماندەی بەناوبانگی یۆنانی (گەزەنفون) و دە هەزار پیاوەکەی بوونەوە و لە چیاکانی باشووری ئەرمینیاوە هەتا خۆرهەڵاتی دیجلە هەڵیان برین - بڕوانە یاداشتەکانی Xan Anabasis سەبارەت بەکشانەوەی گەزەنفون لاپەڕە(٥-٨). -نووسەران-





باکووری ویلایەتی دیاربەکر و نێوان دەریاچەکانی (وان) و (ورمێ)؛ بارودۆخێکی باش بۆ ئاژەڵداریی و پیشە هاوچەشنەکانی رەخساوە، لە لایەکی دیکەشەوە شەڕوشۆڕ و تاڵان و برۆ و ئاوارەکردنی لە ناکاو؛ کێشەیەکی وەهایان بۆ خێڵەکان خوڵقاندووە؛ کە پارە و پوولیان گورج و گۆڵتر بخەنە کار و ئاژەڵی زۆرتر بکڕن و پەروەردەی بکەن، ئاشکرایە ئاژەڵداریی هاتوچۆی خێرای پێویستە، بگرە کاربەدەستە بوودەڵەکانی تورکیاش ئارەزوویان لەوە نەبوو کە دژایەتی جەردەکان بکەن، یاخۆ هانی خێڵەکان بدەن بۆ ژیانی ئاسوودە و نیشتەجێ بوون، نەبوونی رێگای گواستنەوە لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی باکووردا هەستی پێ دەکرێت و دیاردەیەکی زەقترە، نەبوونی رێگاوبان بازرگانی لە ناوچەکەدا کز و لاواز کردووە، تەنها دەرفەت و رێگای سەرەکیی لە کوردستانی باکووردا؛ بۆ ناردنی کەلوپەل و ساخکردنەوەی داهات لە بازاڕەکاندا رووباری دیجلەیە، هێڵی ئاسنی نێوان (نوسەیبین) و مووسڵ و بەغدا ئێستایش تەواو نەبووە.

لە کوردستانی باشووردا هەندێک شاری کوردنشینی تر هەن وەک (جەزیرەی ئیبنوعومەر)، زاخۆ، ئاڵتون کۆپری، هەولێر، کەرکووک، رواندز، سلێمانی، کۆیە، مووسڵ؛ کە پایتەخت و بازاڕی هەرێمن و بەشێوەیەکی ئاسایی زۆربەی دانیشتوانیان کوردن.

**جەزیرەی ئیبنوعومەر**[٨]: ئەم شارە لەسەر رووباری دیجلە رۆنراوە، کەوتۆتە سەر دوورگەیەکی نزمی بەردەڵان، بەڵام لە وەرزی لافاودا دەبێتە دوورگە و (ئاو) ئابڵوقەی دەدات، جگە لەو شوێنەی کە پردێک بەسەر لقی خۆرئاوای رووبارەکەدا کشاوە؛ ئیدی ئامووشۆ و رەوت لە ناوچەکەدا بەبەلەم دەکرێت، ئەو پردە گچکەیە بەپایەی خشت و کۆڵەکەی دار دروست کراوە، تەپۆڵکەی رووتەن گەمارۆی شاریان داوە، هەوای لە هاویندا زۆر گەرم و ناسازە، بەگشتی ئاوی بیرەکانی ناو شار لێڵ و پیسە، ئاوی رووباریش پێویستی بەپاڵاوتن هەیە، زۆر دانیشتوانی شار و گوندەکانی دەوروبەری کوردن، خەڵکی دەوروبەری شار زۆربەیان لە خێڵی (میران)ن، خێڵەکانی نێو گوندەکانی قەراخ شار لە زستان و بەهاردا بەئاژەڵداریی و وڵاخ بەخێو کردنەوە خەریکن، لە مانگی حوزەیراندا لە نزیک شار کۆدەبنەوە و بەرەو چیا و هەوارگەکانی

(٨) جەزیرە: وشەیەکی عارەبییە و بەو شوێنە دەڵێن کە ئاو لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی دابێت. -نووسەران-

هاوین ڕەو دەکەن و لە ڕووبار دەپەڕنەوە، لە زستانیشدا دەگەڕێنەوە هەوارگەکانی زستانییان، کوردەکانی ئەم ناوچەیە ئاژەڵ و ڕانێکی ئێجگار زۆریان هەیە، بۆیەکا وڵاخ کڕ و بازرگانەکان لە دیمەشقەوە دەمیان ژەندبووە ئەم ناوچەیە و هاتوچۆ و مامەڵەیان لەگەڵ دانیشتواندا گەرم بوو، (عەبدولکەریم پاشا)ی موستەفا پاشا (باوکی لە کاتی جەنگدا مرد) سەرداری جەزیرەیە و ئەم شارەش لە بەشە ئیدارییەکانی تورکیادا قەزایە.

**زاخۆ**: ئەم شارە کەوتۆتە لای باشووری خۆرهەڵاتی جەزیرە و نزیکەی (٩٠) میلێک لێی دوورە، دوورگەیەکی بەردینە لەسەر ڕووباری خابوور، ئەم ڕووبارە لە سەرووی شارەوە هاژە دەکا و دەڕژێتە دەشتێکی چەوینی بەربڵاو، پانی شارەکە (٤٠٠) یاردە دەبێ و پردێکی بەردین بەشی خوارووی شار بەسەرروویەوە دەبەستێ، پردەکە لە وەرزی لافاودا ئاوی ڕووبار دایدەپۆشێ، هەوای شار - بەقسەی کاربەدەستانی - خۆش و سازگارە، هەندێکیش دەڵێن ناسازە و لە هەوای (جەزیرەی ئیبنوعومەر) سەخت و تووشترە، سەبارەت بەتەشەنەکردنی مەلاریاش بەخراپ ناودەبرێت، وێڕای ئەوانەش ئاوی خابوور خۆی ناسازە؛ چونکە دێهاتی زۆر کەوتوونەتە بەشی سەرووی ئەم ڕووبارە، گەنم و جۆ و برنج و جۆرەها میوە لەم شارەدا وەبەرهەم دێن، دەوروبەری شاریش بۆ ئاژەڵداریی لەوەڕگایەکی باشە.

هەندێ ڕاپۆرت وا دەگەیەنن کە لە بەرزاییەکانی باکووری زاخۆدا وەک مارسیس هاربول و شرانش، کانی خەڵووزی بەردین هەیە، بەڵام دواکەوتوون، زاخۆ مەرکەزی قەزایە و دانیشتوانی کورد و کەلدانی، جوولەکەن و هەندێکیش عارەبی تیا دەژین. ناوچەی بیرە نەوتەکان کەوتۆتە خۆرهەڵاتی زاخۆ و بەری لای ڕاستی خابوور و سەعات و نیوێک لە شارەوە دوورە، کوردانی ئەو ناوچە بەشێکی ئەو نەوتە لە نزیک بیرەکانەوە بەهۆی چەند مەنجەڵێکی تایبەتییەوە پاک دەکەنەوە و دەیپاڵێون، بەڵام بەشی زۆری بۆ پاڵاوتن ڕەوانەی زاخۆ دەکرێت؛ لەوێ دوو مەنجەڵی تایبەتی بۆ پاکژ کردن و پاڵاوتنی نەوت هەن، سەرکۆزەری ئەو نەوتە کە بریتییە لە بەرهەمە لاوەکییەکانی (قەتران)؛ بۆ جۆشدانی گەرماوەکان بەکاردێت، بەڵێندەرێک ئەو کارە ڕادەپەڕێنێت و ئەگەر دەوڵەت لە بریی ئەو کارەکان ئەنجام بدات قازانجێکی ئێجگار زۆر دەکات. بیرە نەوتەکان بۆ پەرەسەندن و باش کردنی بەرهەمیان پاکژ و جۆماڵیان دەوێت، بۆ ئەوەی تۆز و زبڵ ئاوێتەیان نەبن؛ دەبێ دەرگاکانیان کلۆم بکرێن، کوردەکانی (گەرگەریە) کە لەبەری خۆرهەڵاتی دیجلەدا دەژین و لە بارەیانەوە شتێکی کەم دەزانین؛ لە نیوە ڕێگای نێوان مووسڵ و زاخۆدا نیشتەجێن.





**ڕەواندز**: ئەم شارە لە سنووری ئێرانەوە زۆر نزیکە و کەوتۆتە خۆرهەڵاتی مووسڵ و (٨٠) میلێک لێوەی دوورە لەسەر تەوارە (پارچە) زەویەکی بەرز و لێژ ڕۆنراوە و بەرەو دەربەندە قووڵەکەی (ڕەواندزجا) شۆڕ دەبێتەوە، لە دامێنی شارەوە بەسەر پردێکی بێ لاوانەی داریندا لەو دەربەندە دەپەڕنەوە، لە باکووری شار و بەدووریی نیو میلێکدا قەڵایەکی کوردکار هەیە و بەسەر شاردا دەڕوانێت، ئاو و ڕەزی زۆرە و کەم تا زۆریش مەی لێوە بەرهەم دێن، بازرگانی سەرەکی و کار ڕووی کردۆتە گوێز و خوری و مووی بزن، زۆربەی دانیشتوانی کوردن، مەرکەزی قەزایە و هەر بەناوی خۆیەوە ناو دەبرێت.

**ئاڵتون کۆپری**: ئەم شارە (پردێ - وەرگێڕ) دەکەوێتە دوورگەیەک لە دامێنی (زابی خواروو)دا، جۆگەی خۆرئاوای شارەکە؛ زۆربەی ڕۆژانی ساڵ کزر و وشکەچەمە، بەسەر سێ پایەدا پردێک ڕاکشاوە، لە دوورگەی خۆرهەڵاتیشدا پردێکی یەک پایە هەیە و (٦٠) پێ پانە، دانیشتوانی تورک و کورد و هەندێکی عارەبن، تورکانی شار لەگەڵ عارەبەکانیدا ناکۆک و نادۆستن، لێرەدا زمانی تورکی باوە، گەنم و جۆ لە دیجلەوە بەکەڵەک (قەیاخ، قفە) دەبرێنە بازاڕەکانی دەرەوەی شار، بەڵام بازاڕی دانەوێڵە ساردە و قەبارەی گچکەترە، خوری و دار تا ڕادەیەک بازاڕیان گەرمە، داری سووتەمەنی لە بەرزایی و چیاکانی نزیک شار دەهێنرێ و ئاوی خواردنیش لە گردەکانی نزیک شارەوە دێت.

**کەرکووک**: ئەم شارە لەسەر جادەی گشتی نێوان بەغدا و مووسڵە، **١٨٧** میل لە باکووری بەغداوە دوورە، کەوتۆتە بەری چەپی ڕووباری (خاسە سوو)، قەڵای کەرکووک کەوتۆتە سەر گردێکی تەخت و نزیکەی (١٣٠) پێ بەرزە، بەهۆی ئەوەی شوێنی قەڵاکە بەرز و کپە؛ بۆیەکا زۆر گەرم و ناسازە، دانیشتوانی ئاوێتە و فرە جۆر نەتەوەیە لە تورک، کورد، عارەب، زۆربەی دانیشتوانی بەعارەبی و کوردی دەدوێن و بەگشتیش لە تورکی دەگەن، لەهجەی کوردی ئەم شارە لقێکە لە لەهجەی موکریی، گەنم و جۆ بەرهەمی سەرەکیی ئەم ناوچەیەن و برنجیش کەمتر هەیە، لە گوندەکانی دەوروبەری شاردا پاقلە و شووتی و خەیار و کەمێکیش ترێ وەبەرهەم دێن، ئاژەڵی زۆریش لە دەوروبەری شاردا بەخێو دەکرێت، شارەکە بەگشتی کەم ئاوە؛ بۆیەکا پەنا دەبەنە بیرەکانی ناوچەکە و ڕووباری خاسەیش لە هاویندا کزر و وشکە، بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئەسپ و ماینی عارەبی لەم شارەدا گەرمە، لۆکەش وەبەرهەم دێت و دەچێتە دەرەوەی شار، بەڵام بازرگانی سەرەکیی و بەبایەخ نەوتە، لە کانییەکانی

(باباگوڕگوڕ)دا کە (٥) میل لە خۆرئاوای شارەوە دوورن؛ نەوت بەلێشاو هەیە، جگە لە نەوت، گوێز، خوری، گەنم و جۆ، کەتیرە و کەمێکیش مەی بازاڕیان گەرمە، داری میوە وەک لیمۆ، هەنجیر، هەڵووژە، ترێ و زەیتوون لە کەرکووکدا هەن.

**سلێمانی**: گەورەترین شارە لە کوردستانی باشووردا و دوو هەزار و پێنج سەد ماڵێک دەبێت، شەست میلێک لە خۆرهەڵات و باشووری کەرکووکەوە دوورە، دامێنی دوو چیای بەرزی کردووە بەهەوارگە و ئارامگەی خۆی، دەربەند و دۆڵەکانی لای سەرووی پڕن لە ئاوڕێژگە و قەڵبەز، هیچ سەنگەر و شوورایەک لە دەوری شاردا بەرچاو ناکەوێت، تێکڕای دانیشتوانی کوردن و چەردەیەک عارەب و تورکیشی تیا هەن، زمانی کوردی زمانی تێکڕای دانیشتوانە؛ وەلێ زۆربەی دانیشتوان لە فارسیی دەگەن.

هەتا ساڵی ١٨٥١یش خێزانێکی ئایینی ڕەسەن سەرداری سلێمانی بوون، بنەچەی ئەو خێزانە دەچێتەوە سەر (مەلا ئەحمەد شێخ)، بەڵام عبدالله پاشا و ئەحمەدی برای دەستیان بەسەر ئیشوکاری شاردا گرت، ئۆردووگای (حامیە) تورکیش خرایەوە کار و ئیسماعیل پاشا - کە تورک بوو - کرا بەفەرماندەی شار، پیشەسازیی سەرەکیی شار چەکسازییە (چەخماخ سازیی - وەرگێڕان)[٩] کە بازاڕێکی گەرمی هەیە و لە ناو خێڵە کوردەکانی دەوروبەری شاردا زۆر لە برەودایە، پێڵاوسازیی و زیندروون زۆر پێشکەوتوون، دانەوێڵە و سەوزە و بەرهەمەکانی ئاژەڵداریی؛ لە گوندەکانەوە بەلێشاو دەڕژێنە شار، بەرزاییەکانی لای خۆرهەڵاتی سلێمانی بەدارستانی سەوز و چڕ گەمارۆی شاریان داوە، ئاوی خواردنی ئێجگار باشە، کانی و کارێزی زۆر لە هەموو گەڕەکەکانی شاردا تافەیان دێت، ئەم شارە لە سەدەی پێشوودا زۆر ئاوەدان و پێشکەوتوو بووە، بەڵام لەم دواییەدا ناکۆکی و ئاڵۆزیی سیاسی نێوان کۆمەڵانی جۆربەجۆری ناو شار و باج سەندن لەسەر فرۆشراوەکانی ناو شار - کە لە ١٥٪ نزیک دەبوو - بازرگانی شاریان کز و کەنەفت کردبوو، بگرە لەم کاتەیشدا سلێمانی بازاڕێکی گەرمە بۆ کڕین و فرۆشتنی مەڕ و بزن و هێستر و چارەوێ - خێول - و وڵاخ، خێڵە کوردەکانی ئەم ناوچەیە زۆر بایەخ بەمۆچاندن و بەخێوکردنی چارەوێ دەدەن، هێرش و

(٩) وەکو مێژوو ڕوونی کردۆتەوە ساڵی (١٨٥١) کۆتایی بەمیرنشینی بابان... لە لایەن عوسمانییەکانەوە هات... لەم ساڵە لەشکری والی بەغدای ئەو سەردەمە نجیب پاشا شاڵاوی کردە سەر لەشکری ئەحمەد پاشا و بەسەریا زاڵ بوو و ئەحمەد پاشای بەدیلی ڕەوانەی ئەستەمووڵ کرد.





شاڵاوی خێڵە کوردەکان لە باشووردا گەیشتۆتە سنووری (سامراء)، گوندی (حایف)ی سەر زێی بچووک - بەقسەی گوتووان - ئەوپەڕی دێهاتی کوردە، کە ڕێبوارێک لە باکوورەوە ڕوو بکاتە وڵاتی (میزۆپۆتامیا)؛ ڕێی دەکەوێتە ئەم گوندە، لە بەغدایشدا ناوچەیەکی کوردنشین هەیە و دانیشتوانی لە (٥٥٠٠) کەس تێدەپەڕن، لە بەسرەیشدا بازاڕێکی گەورەی گوێز فرۆشتن هەیە و لە کوردستانەوە بۆی دەڕوات، (کرادی) یاخود (کوردی) کە لە چیاکانی کوردستانەوە کۆدەکرێتەوە؛ دەچێتە بازاڕەکانی بەسرە و باکوور و خۆرئاوای مووسڵ، خوریی کوردستان تیسک درێژ و زبرە، لە مافوورسازیی و تەونکاریی قورسیشدا بەکاردێت.

٤- **کوردەکان**: لە سەدەی حەڤدەمینی پێش لە دایکبوونی عیسا پێغەمبەرەوە کوردەکان هاتوونە ئەم ناوچەیە و لە دەشتەکانی دیجلە و فوراتدا نیشتەجێ بوون، بەڵام لە سەرەتاوە زۆری نەخایاند زەوییە نزمەکانی لای چەپیان جێ هێڵا و بەرەو باکوور و خۆرهەڵات؛ بەرەو دامێنی چیاکان؛ بەرەو ئەرمینیا و ئێران ڕەویان کرد، کە کوردەکان چوونە ناو ئەرمەنییەکان: کوردان ناوچە بەرز و چیا سەرکەشەکانیان بۆ خۆیان هەڵبژارد و ئەرمەنییەکانیش قووڵایی دەربەند و چەم و دۆڵ، بەو شێوەیە ژیان و هەڵپەی ژیاریی لە ڕەگ و دەمارياندا کەوتە پلدان و بزێویی. کوردەکان بۆیەکا دەشتی فوراتیان جێ هێشت، چونکە لە بنەچەدا ڕەگەزێکی چیانشین و ئێجگار بزێون، بەڵام خێڵانی نێو چیاکان؛ لە زستاندا بەرەو پێدەشتەکان شۆڕ دەبنەوە، لە ڕاستیشدا سەرما و زریانی چیا سەرکەشەکانی کوردستان؛ چ مرۆڤ و چ دڕندەش وەک یەک ڕاودەنێن. کوردەکان و ئەرمەنییەکان بەڕادەیەک ئازا و چەڵەنگن؛ بۆ تورکانی دراوسێیان دەستەمۆ نەبوون و لە بۆتەی ئەواندا نەتوانەوە؛ چونکا خوێنی (ئاریی) لە دەمارەکانی ئەواندا هێشتا قوڵپ دەدا و دەبزوێت، دەبینین گەلی کورد لە ئەنجامی تێوەگلان و کارکردنیان لە سوپای تورکدا تووشی شەپۆلی مەزهەبی سووننی بوون، بەنموونە کوردانی دانیشتووی باشووری دەریاچەی ورمێ لە تورکان سوونیترن،[١٠] کوردانی لە زاگرۆس بەرەو ژوور؛ بەلای

(١٠) پاش شەڕی (چاڵدێران) لە نێوان سوڵتان (سلیم)ی عوسمانی و شاه (اسماعیل)ی سەفەوی لە ساڵی (١٥١٤)ی زایینیدا، کوردستان زەرەر و زیانێکی گەورەی لێ کەوت و ئەم ناوچەیە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی (صفوی)ەوە دابەش کرا... چونکە لەو قۆناغەدا هەستی سەربەخۆیی و نەتەوەیی لە ناو ئەو قەومانەی کەوا لە سێبەری دەوڵەتی سەفەوی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا... دەژیان هێمان خۆی نەنواندبوو... ئەمەش بەهۆی ئەوە بوو کەوا هەموو لایەک موسڵمان بوو کەس بیری لە جیاوازی نەتەوەیی =

شیعەدا دای دەشکێنن و لە دڵیشەوە حەز لە (ئەرواحیە)[11] دەکەن و لوڕەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە، پوختەی مەسەلەکە ئەمەیە کە کوردەکان باوەکو بەگشتی ئیسلامن، بەڵام ئایین بەسەر هەموو شتێکی ئەواندا زاڵ نەبووە، لە هەمان کاتیشدا بەتەواویی لە ئایینی ئیسلام نەگەیشتوون و بەڕەهاییش باوەڕیان پێ هێناوە، تورکە عوسمانییەکانی هاوچەرخیش؛ ڕەگ و توخماتێکی کوردیان[12] پێوەیە، ئەو توخماتەش بەزەقی لە تورکانی نێو ئەرمینیادا دەردەکەوێت، ئەوەتا نموونەی زەق و ئاشکرای ڕەگەزی کورد و تورک؛ وە بەپێی (زانیاریی ڕەگەزناسیی) دەسەلمێت کە دەچنەوە سەر ڕەگەزی (ئاریی)، لەو بڕوایە داین کە سەرەتای تێکەڵبوونی کورد و تورک بەخەستی؛ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سیازدە و چواردەی زاینی، ئەوەتا لە ناوچەی (سیلیسیا)دا - بەتایبەتی - ڕەفتار و نەریتیان دەقاودەق لە یەکدی دەکەن، چونکا هەردوو نەتەوەکە لە ناوچەیەکدا دەژین و پێکدا ئاڵاون، تەنانەت تێکستی ڕێکخستنی خێڵیشیان لە یەکدی دەچن، کەواتە تێکەڵبوونیان زۆر نزیک و لەبارە، هەرچەند هەریەکەیان لە هەرێم و مەڵبەندێکەوە هاتوون؛ بەڵام ئەمە کارێکی ئەوتۆی نەکردووە کە ئاوێتەی یەکدی نەبن و پێکدا نەئاڵێن، تورکان لە تورکستانەوە هاتوون کوردانیش لە سنووری خۆرئاواکانی وڵاتی فارسەوە، (کۆنیت) دەڵێ: ئەو خێڵانەی کە تێکەڵ بەیەکدی بوون ئەمانەن: (بیبیریس تورک)، (سیرکتتلی - کوردەکانی جیرد gerd)، (کاراسانت عەشیرەتی)، (میننج عەشیرەتی)، هەردوو ڕەگەزەکە ڕەوەندن و بەتاڵان و ڕێگرتنەوە دەقیان گرتووە، بەڵام کاربەدەستانی عوسمانی لەساڵی ١٨٦٦دا چەند هەنگاوێکی توندوتیژیان نا؛ بەو نیازەی کە ناچاریان بکەن لە ژیانی ڕەوەندیی دوور بکەونەوە و ڕوو بکەنە ژیانی ئاسوودەگیی و بەختیاریی، خولیای ڕەوەندی (دنە)یەکی

= نەدەکردەوە بەڵام ئیتر ئەوە بوو کەوا دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە جیاوازی مەزهەبی و مەسەلەی شیعە و سوننی هاتە کایەوە بەدەسیسەی سەفەوییەکانەوە... (بڕوانە... د. حسن جاف گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - بەرگی (٢١و٢٢)... هۆزی جاف... لە سایەی... هتد)

(١١) وا دیارە مەبەست لە (ئەرواحیەت) ئایینی (یارسان) و عەلی ئەڵڵاهییەکانە کەوا زۆربەی هۆزە کوردەکانی ناوچەی کرماشان و لوڕستان پەیڕەوی دەکەن.

(١٢) بەدەگمەن مێژوونووسان ڕەگەزی تورکیان بردۆتە سەر کورد یان کورد بۆ سەر ڕەگەزی تورک. جێی سەرسامیشە ئەم نووسەرانە ئەم جۆرە بڕیارانە ئەدەن بێ ئەوەی بەڵگەیەکی مێژوویی ڕوونمان بدەن بە دەستەوە.





کاریگەرن بۆ بێ ئۆقرەیی و دوورکەوتنەوە لە وڵاتی خۆیان، پیشەی سەرەکییان ئاژەڵ و وڵاخ بەخێوکردنە لە دامێن و لاپاڵی چیاکاندا، بەشێکی کەمیان لە گوند و شارەکانی دەشتدا دەژین و داسەکناون، بەچەرچێتی و قاچاخچێتی تووتن بژێو دابین دەکەن، بەدەگمەن بەکرێ کار دەکەن، تەونکاریی بەڕە و مافووری تووکن تاکە پیشەسازییە لە ناوچەکەدا، کوردان لەو باوەڕەدان کە مێرگ و پاوەنی دەشت و لاپاڵەکانی خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتی (ئەدەنە) قەشەنگترین مەڵبەندە؛ بۆیەکا هەمیشە خۆیان بۆ ئەوێ کێش دەکەن، کوردانی ناوچەی سنجەقی (کۆسان) و (ئوسمانی) بەنەگریس و دڵڕەق و تووڕە ناویان دەرکردووە، ئەوەندەی ئەو کوردانە مرۆڤی خاوێن و ساکارن؛ بەهەستێکی بەرزەوە دەڕواننە کەرامەت و شەڕەف ئەوەندەش تورکەکان نتم و دووربینترن لە کوردەکان.

ئافرەتی هەردوو نەتەوەکە عەبا و چارشێو ناپۆشن و ئازادییان زۆرترە، بەڵام زۆربەی ئیشوکاری دەست دەکەوێتە سەر شانی ئافرەتان، وەک دەرکەوتووە گەلێک لە کوردانی (سیلسیا) لەکاتی دروێنە و خەرمانانداا بۆ دەشتەکان ڕەودەکەن، هەندێکیان دەگەنە ناوچە دوورەکانی وەک دیاربەکر و لە بازاڕەکانی (تەرسوس) و (ئەدەنە)دا کۆدەبنەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ وەرزێری و سەپانی دەخەنە بەردەم جووتیارانی ئەو ناوچانە، بەپێی پێکهاتنێکی (عەقد) هەفتانە کاریان بۆ دەکەن.

خەواس و تایبەتییەکانی ڕەگەزی کورد زۆر و فرە جۆرن، کۆمەڵێک هۆز و خێڵن و لە چوارچێوەی ژیانی ساکاری سروشتیدا دەژین، زمانی کوردی کە بەکرمانجی ناو دەبرێت شێوەیەکی ڕەمەکی و جلفەی فارسییە[13] هەرچەند زۆربەی خێڵ و تیرەی کوردەکان لە

(١٣) بەو مەبەستەی کە خوێنەری ئازیز بە ئاگاتر بێت لە زمانەکەی؛ چەند پەرەگرافێک لە سەرەتا ئێجگار بەنرخەکەی (قامووسی زمانی کوردی)ی مامۆستا ع. زەبیحی وەردەگرین و ڕووی خۆزگەمان دەکەینە کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کوردی؛ کە ئەو سەرەتا بەنرخە مێژووییە بخاتە دووتوێی کتێبێکەوە و چاپی بکاتەوە، ئەمانەش ئەو چەند پەرەگرافەیە:

«ئەو زمانەی کە ئێستا کورد قسەی پێ دەکەن گەلێ لە زمانەوان و ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنگی دەگەڵی خەریک بوون، زۆربەی ئەو زانایانەی کە بەشێوەیەکی گشتی یا تایبەتی لەزمانی کوردی دواون؛ گوتوویانە کە ئەم زمانە لە بنەمای زمانەکانی هیندۆ ئۆروپایی و بنەماڵەی (هیندۆ ئێرانی) و لە خێزانە زمانی (ئێرانی)یە و دەگەڵ زمانی فارسی خزمایەتی نزیکی هەیە»، «زۆربەی مێژوونوسانی بەناوبانگ لەو باوەڕەدان کە کوردی ئیمرۆ نەوەی مادەکانی دوێنێن»، زەبیحی لەم بوارەدا قسەی پرۆفیسۆر (مینۆرسکی) دەهێنێت کە لەگۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد بەرگی یەکەم بەندی یەکەم ساڵی ١٩٧٢دا =

ناوچە دوور و قوژبنەکانی کوردستاندا خاوەنی لەهجە و شێوەی تایبەتی خۆیانن؛ بەڵام زمانی کوردی هەتا ئێستایش نەچۆتە چوارچێوەی نووسینەوە، ئاڵوگۆڕکردنی نامە زۆربەی بەعارەبی و تورکییە، خێڵە دەشتەکییەکانی کورد بەدەبەنگ و دڵڕەق و ترسنۆک[١٤]ناسراون، وەلێ گەلێک لە شارەزاکان؛ ستایشی خاوێنی و دڵپاکیی کوردە نیوە ڕەوەندەکان دەکەن و کوردانی نێو شارانیش بەوە دەناسن کە کارامە و چالاکن، وەلێ لە بواری بیرکرنەوەدا قووڵ ڕۆناچن، لە بواری پیشەسازیی و چالاکیی بازرگانیدا لە عارەبەکانی دراوسێیان کارامەترن، بەسروشت هەوەسیان لە دزییە و بگرە – بەقسەی گوتووان – کوڕانی ئاغایەکی (مونەوەر)ە و ڕۆشنبیری وەک (بەسراوی)یش لە جەردەییدا مەشقێکی باشیان کردووە، کوردە شارییەکان زۆربەیان جووتیاری لێهاتوون، نیمچە ڕەوەندەکانیش بەئاسنگەریی و جۆڵایی و هەلاجی و کارگەچێتییەوە خەریکن، خاوەن پیشەکان لەگەڵ ژن و خێزانیاندا بەناسکیی مامەڵە دەکەن، گوساخ (سەخی) و میوان پەرستن، جوامێر و جەنگاوەرێکی ئازا و جەربەزەن، لە عارەبەکان هێمن و

= بڵاو کراوەتەوە: «ئەگەر کورد نەوەی مادەکان نەبن ئەدی نەتەوەیەکی وا کۆن و بەدەسەڵات چیی بەسەر هات و ئەو هەموو هۆز و تیرەی کوردە، کە بە یەک زمانی ئێرانی و جیاواز لە زمانە ئێرانییەکانی تر قسە دەکەن؛ لە کوێوە هاتوون؟»،

«دوو زمانی کۆنی (مادیی) و (ئاوێستایی) کە گومانی تێدا نییە ئەو کانی و سەراوانەن کە شەقە جۆگای زمانی کوردی ئیمڕۆیان لێ هەڵگیراوە». زەبیحی لە باسی لەهجەکانی زمانی کوردیدا قسەیەکی تری (مینۆرسکی) هێناوە کە لە هەمان ژمارەی گۆڤاری کۆڕی زانیارییدا هاتووە:

«عاملێکی بنجیی هەیە کە پیاو سەری لێی سوڕ دەمێنێ و یەکیەتی کۆنی کوردان پیشان دەدا؛ ئەویش زمانەکەیانە کە چەندیی لەهجەکانی فەرقیان هەبێ؛ هێشتا لە بارەی دەنگ و ڕێزمانەوە یەک زمانە و زمانێکی ئێرانییە، ئەگەرچی تا ڕادەیەک دەگەڵ زمانی گەورەی ئێرانی فەرقی هەیە»، مامۆستا د.کەمال مەزهەر لە کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی کورد) دەڵێ: «جا ئەگەر ئێمە نەڵێین فارسی لە کوردییەوە وەرگیراوە؛ دەسا بیروباوەڕ فرۆشان چۆن ڕووی ئەوەیان هەیە بڵێن کوردی لە فارسی وەرگیراوە، ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێیت ئەو باوکە کوڕی کوڕەکەیەتی». –وەرگێڕان–

(١٤) قەت لەگەڵ ئەم بۆچوونەوەیە نین کورد لەوەتی هەیە و هەبووە لەسەر خاکەکەی هەمیشە و دایم وەک ئازا و دلێر و هۆشیار و بەئینساف ناوبانگی دەرکردووە، نەک هەر ئەوەش بەڵکو زیاتر لە هەچ شوێن و لایێکیش بووە هەر وەکو گەلی ئازا و مەرد و دەست بڵاو و دەست و دامێن پاک ناسراوە.





ساکارترن، کوردەکان لە بواری خوێن ڕشتندا زۆر دڵڕەقن، تێکڕا لە کاتی جەنگ و هێرشدا ئێجگار جەربەزە و ناپاکن، لە کاتی ئاساییدا زۆر سادە و خاوێنن، نیوە ڕەوەندەکان بەگشتی سوارچاک و لێهاتوون، ئەم کۆمەڵە سیفات و تایبەتییانە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە قۆزراوەتەوە، بەتایبەتی لە کاتی دەسەڵاتی سوڵتان عبدالحمیددا (١٨٧٦-١٩٠٩)؛ دەزگایەکی غەیرە نیزامی بەناوی (حەمیدیە)ی[١٥] لێ ساز کردن، ئەم دەزگایە پەلی بۆ زۆر شوێن هاویشتبوو، جەردەیی و ڕێگریشیان بەدەمەوە دەکرد، لە بوڵقان و شوێنەکانی تریشدا وێڕای تاڵان و چەپا و ئیشێکی تریان پێ ئەنجام نەدرا، ڕەشترین خاڵ لە مێژووی کورددا ئەمەیە کە لە تورکیای نوێ و لە ساڵی ١٩٠٨دا دژی ئەرمەنییەکان خۆیان کرد بەمقاش و ئامێرێک بەدەست دکتاتۆر و ستەمکارانەوە.[١٦] دەوڵەتی تورکیا ویستی خۆی نوێ بکاتەوە و دەسەڵاتی مەرکەزیی بیووژێنێتەوە، بۆ ئەم نیازەی گڵاوترین و نامەردانەترین ڕێگای گرتەبەر:

ئیبراهیم پاشای سەرۆکی (یەکیەتی میللی) و سەرۆک خێڵی (میللی)ی بەنامەردانە کوشت، لە هەمان کاتیشدا جووڵانەوەی کوردەکانی (هەمەوەند)ی کەرکووکی زۆر بەدڕندانە دامرکاندەوە، تاڵان و جەردەیی لە کوردستاندا پەرەی سەند،

(١٥) ئەم تیپە سوارە نانیزامییە بەناوی دانەریەوە ناو نرابوو کە سوڵتان عبدالحمیدی دووەم بوو (١٨٧٦-١٩٠٩). ئەم تیپە لە ڕووی سەربازییەوە بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، لە جەنگی ساڵانی (١٨٧٧-١٨٧٨)دا ئەم تیپە سوارەی کوردە بەشدارییەکی ئەوتۆی نەکرد، خۆی بە ڕێگری و تاڵانەوە خافڵاند، لە ساڵی (١٩٠٠)دا مەشق و (خۆ ئامادە کردنی گشتی سەربازیی) ڕاگەیاندرا، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی خێرا لەو بڕیارەی پاشگەز بۆوە، چونکە کوردەکان بەرەنگاریی بوونەوە و سەریان بۆ خزمەتی سەربازیی شۆڕ نەکرد، هۆی سەرەکیی ڕێکخستنی ئەم دەزگا نیوە سەربازییە لە بناخەدا بۆ مەرایی و ڕاکێشانی هەستی کوردان بوو، مەبەست لەوە بوو کە لە ژێر سێبەری دەزگایەکی نیوە سەربازییدا ئازادتر بن؛ ئەفسەرانی ئەم دەزگایە؛ وێڕای دەسەڵاتی عورفی؛ هەموو دەسەڵاتێکیان بوو، ئەگەر دەزگای سوارە لەگەڵ دەسەڵاتی مەدەنییدا بە شەڕ بهاتبانایە؛ لە کۆشکی سوڵتانەوە پشتگیریی لە سوارە دەکرا و پلە و نیشانی سەربازییان وەک ئەفسەرەکانی دیکەی تورک بوون؛ بۆیەکا لە پێش چاوی خێڵە کوردەکان بەرێزتر بوون. –نووسەران–

(١٦) بەڵێ هەندێ لە سوارەی (حەمیدییەکان) دەستیان لەو کوشتارەی ئەرمەنەکان هەبوو، بەڵام زۆربەی کوردەکان لەم خوێن ڕشتنەدا بەشدارییان نەکرد و زۆر لە (ئاوەرەکانی) ئەرمەنییەکانیان لە مردن پاراست. بڕوانە... د. کمال مظهر احمد... (كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى الصفحات ٢٩٢-٢٩٦).

هەندێک لە گەورەکانی کورد بەڕووسەوە پەیوەندییان کرد. کاری پەیوەندی کوردان زیانی زۆرە بۆ ناوچەکە و کۆسپێکە لە بەردەم گەشەکردنیا، کوردان بەسووکیی دەڕواننە ژیانی نیشتەجێبوون و ئاسوودەیی، تالان و هێرشبردنە سەر دراوسێکانیان – کە لە ڕووی شارستانییەوە بووژاوەتر بوون – کارێکی وای کردبوو کە کشتوکاڵ و جووتیاریی بەکارێکی مەترسیدار و بێ مایە دەدرایە قەڵەم، ئەرکی کشتوکاڵ بەڕادەیەکی زۆر سەخت و گران بوو؛ کزریی و (بەیاریی) دەمی ژەندبووە زۆربەی زەوی ناوچەکان، دەسەڵاتی تورک و دەزگا ئیدارییەکانی ئێجگار بۆگەن و کرمۆڵ بوون، تێکڕای ئەمانە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆز و تاریکیان هێنابووە کایە، تروسکەیەکی هیوا و ئاسایش نەبوو بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ داسەکنێن (نیشتەجێ بن) و بەئاسوودەیی بژین و خێروفەڕی کشتوکاڵ بۆ زەوی بگێڕنەوە، لەگەڵ ئەو بارە دژوارەشدا گەلێک لە کوردەکان نیشتەجێ بوون و سەرگەرمی کشتوکاڵ و زەوی خۆشکردن بوون؛ لە کاتێکدا لە بارەی دواڕۆژەوە چشتێک نازانن و متمانەشیان بەئێستا نییە، سەبارەت بەهۆی بەرهەمهێنانی نوێ و فابریکەی هاوچەرخەوە چشتێک نازانن، بگرە وەک ڕۆژهەڵاتییەکانی تر ئەمانیش کەمتەرخەمن، کوردان بەڕەوەندییەوە دەقیان گرتووە، دەڵێن هۆی ئەوەیە کە ئاژەڵداریی و ڕەوگداریی بووەتە خولیا و کەسابەتیان، وڵاخیان تۆکمە و بەهێزن و لە ڕەوتی ژیاندا کەلەبەرێکی فراوانیان بۆ دەگرن، بەڵام لە زستاندا بەرگەی زەبر و شاڵاوی سەرما و زریانی چیاکان ناگرن، ڕەوگداریی بەزۆریی لە چیاکانی ئەرمینیادا هەیە، ڕەوەندیی خولیای کوردەکانە؛ بەڕادەیەک خێڵەکانی (میران) لە کاتی جەنگدا و بۆ سێ ساڵێک کۆچکردنی ساڵانەیان لێ قەدەخە کرا و سەپێنرا بەسەریاندا کە لە دەشتەکانی دەوروبەری (جەزیرەی ئیبنوعومەر)دا نیشتەجێ بن؛ بەڵام ئەوەتا ئەم ساڵ کەڵکەڵەی هەوارگەکانی نزیک دەریاچەی (وان)یان لێ ورووژاوەتەوە، لە پاڵ ڕەوگدارییدا ئاژەڵدارییش دەکەن و مەڕ و بزنێکی ئێجگار زۆر ڕادەگرن، بەپێچەوانەی عارەبەکان؛ حوشتریان نییە، چونکا بەرگەی ژیانی کێوەکانی کوردستان ناگرێت، ئەوانەی کە تازە چوونەتە شارەکان؛ فرە جۆر کشتوکاڵ و دانەوێڵە دەکەن، بەڵام پیشەی زۆربەی خەڵکی شارەکان جۆلایی و چنین و ئاسنگەرییە، کوردەکان (بەتایبەتی چیانشینەکان) ئارەزوویان لە دژایەتی یاسا و کردنی جەردەیی هەیە، باج بەکەس نادەن و ئەگەر بیشیدەن لە نیوەی دەدەن، هەر کاتێک دەرفەتیان بۆ ڕەخسا؛ زۆربەیان هەڵدەکەنەوە سەر ڕەوەندیی.

لە ساڵی ١٨٦٠دا دەوڵەتی عوسمانی باشتر گەمارۆی کوردی دا و دەستی خستە





خوێنیان، لە کاتێکدا لە پاش جەنگی (قرم) ویستی عێراق باشتر بخاتە ژێر زەبر و ستەمی خۆی؛ یەکەم جار ئاوڕی لە کوردەکان دایەوە و کۆت و کەلەپچەی بۆ زۆر کردن. کوردەکان زۆر ڕووخۆش و قۆشمە و قسە خۆشن، بەڕادەیەک ساکارن لە گێلی و ڕیژگاوییەوە نزیک دەبنەوە، کە چوونە ئیشوکاری سوپا و پۆلیسیی؛ ئێجگار لێهاتوو و جەربەزەن.

کوردە دەشتەکییەکان یاساویست و ئاشتیخوازن، وەلێ کوردەکانی دانیشتووی چیاکانی سەر سنووری ئێران و عێراق هەمیشە مەترسین بۆ دەشتەکییەکان، هەوارگەی زستانی ئەو کوردانە کەوتۆتە دەشت و مێرگەکانی بەری خۆرهەڵاتی دیجلە و لە سەرەتای تشرینی یەکەمەوە هەتا کۆتایی مارت تیا دەمێنێتەوە، خێڵە نیوە ڕەوەندەکانیش لە مارتەوە دەچنە دەوار هەتا کۆتایی وەرزی داس و دروێنە دەمێننەوە، لە مانگی حوزەیرانەوە خۆیان و ئاژەڵ و وڵاخیان بەرەو لەوەڕگا و پاوەنی کوێستانەکان ڕەو دەکەن و دەڕۆن هەتا دەگەنە سەر چیاکانی (ئاراکوت داخ) و (هەورامان داخ) و ئەو شوێنانەی کە بەسەر ئێران و (میزۆپۆتامیا)دا دەڕوانن، کوردە ڕەوەندەکان بەر لە وەرزی درەو و داس؛ بەرەو کوێستان کۆچ دەکەن و دەشت جێ دەهێڵن، لە دەشت و دۆڵەکانی مووسڵیشدا هەمان جموجۆڵ و کۆچکردن ڕوو دەدات، دانیشتوانی چیاکانی دەوروبەری دەریاچەی (وان) و نێوان ئەو شاخانە و (هەمەدان) ئێجگار چڕ و زەبەندن، ئەو خێڵە ڕەوەند و نیوە ڕەوەندانە؛ سەرانە و باج دەخەنە سەر خەڵکە نیشتەجێکان و هەندێک جاریش تاڵانیان دەکەن، لە کاتێکدا کەوتنە مەترسیی پەنا دەبەنە سنوور و خۆیان دەکەن بەنێو کوردەکانی ئێران و تورکیادا، کوردەکانی ئێران و (لوڕ)ە بنەچە کوردەکان ڕەوەندی سەد لە سەد نین؛ بۆیەکا بایەخێکی ئێجگار زۆریان بەکشتوکاڵ داوە؛ بەتایبەتی بەگەنم کە بەشێکی زۆری بەرەو باکووری (کرمان) دەڕوات. ئەوەی شیاوی باسە کوردە نیشتەجێکانی نێو چیاکانی سەر سنوور پیشەساز و دەست ڕەنگینن، جووتیاری ئازا و لێهاتوون، جەنگاوەری دڕ و جەربەزەن، هاوینان لە نزیک گوند یاخۆ لە سەربانەکانیان دەوار هەڵدەدەن، زۆربەی گوندەکانیان قەڵا و سەنگەری سەختیان تیا ڕۆناوە؛ بەو نیازەی خۆیان لە شاڵاوی دراوسێکانیان بپارێزن.

**ڕسکانی خێڵە کوردەکان**: دەشێ و زۆریش نزیکە کە خێڵی کورد بەم شێوەیە ڕسکابێت: کۆمەڵە خێزانێک ماوەیەکی درێژ لە شوێنێکدا پێکەوە ژیا بن و یاخۆ دراوسێی یەکدی بووبن، یاخۆ بەنیازی خۆپاراستن پاڵیان بەخێڵێکی بەهێزترەوە دابێت، بیرۆکەی (دوژمنی هاوبەش) لە ناو خێڵەکانی عارەبدا زۆر باوە و هۆیەکی

بەهێزە بۆ پێکاشەتەکدانی ڕۆڵەکانی هۆزێک، لە ناو کورداندا ئەو بیرۆکەیە ئاسەواری نەماوە و بگرە هەرگیزیش نەبووە، پەیوەندی خێڵایەتی لە ناو کوردانی نێو شاراندا زۆر لاواز و بێ بایەخە، بەڵام لە ناو کۆچەراندا بەتین و زیندووە، زۆر جار تاقمێک لە خێڵەکەی خۆی دادەبڕێ و تەرە دەبێت و دەچێتە ناو کۆمەڵێکی تر؛ یاخۆ کۆمەڵێکی نوێ ساز دەکات، ئەم خێڵە نوێیە هەر کەسێک لە خێڵەکانی ترەوە پەنای بۆ بهێنێت؛ بێ سڵکردنەوە دەیبانێ (تبنی) و دەیگرێتەوە خۆ؛ چونکا ژمارەی کەسەکانی زۆرتر دەبێ و توانا و هێزی تریش دەچێتە پاڵی، خێڵە گچکەکانیش لە چوارچێوەی خێڵە گەورەکاندا دەبزوێن و ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

گەورەی خێڵەکان بەئاغا یا سەرخێڵ ناو دەبرێن، ئاغا و سەرخێڵەکان بۆ ئەنجامدانی کاری خۆیان تەنها بەلێهاتن و کارامەیی خۆیان پشت دەبەستن، هەندێک سەرخێڵ بەخزمانی نزیکی خۆیان پشت ئەستوورن، ئەو خزمانە دەبنە دەزگایەکی پرس و ڕاوێژ پێکردن، سەرۆک خێڵێک متمانە و پشتگیریی ئەو خزمانە بدۆڕێنێت؛ بێگومان بێ پشت دەمێنێتەوە و سام و توانستی دێتە کزی و پووکانەوە، زۆر جار کەمینەیەکی (أقليّة) نەگریس و لاسار دەسەڵاتەکانی سەرخێڵ ئیفلیج دەکەن و یا دەبێ ئەویش بێتە سەر ڕای ئەوان؛ یاخۆ بکەوێتە کێشەیەکی خوێناویی، دیارە ئەمەش زۆر دەکەوێت لەسەری و لە ئەنجامدا یا خۆی لەو کێشەیە کەنار دەگرێ؛ یا خۆیشی و خێڵەکەی تووشی لاوازیی و نوشوستی دەبن، هەندێک سەرۆک خێڵ بەرگی ئایین دەپۆشن و ئەوەندەی تر بەهێز دەبن و لق و پەل دەهاونە سنووری خێڵەکانی تر، سەرۆک خێڵە ئیسلامەکانی ناوچەی (نەهرەین) و (سلێمانی) دەسەڵات و سامێکی ئێجگار زۆریان هەیە.

**دانانی سەرۆک خێڵ**: وەک نەریتێک دەبێ ئاغا لە بنەماڵەیەکی جیا بێت، لە کاتێکدا ئاغایەتی و سەرۆک خێڵیی بەبنەچە و بۆمانەوە نییە؛ بەڵکو لە پاش مردنی سەرۆک؛ گەورەی لقەکان لە دانیشتنێکی گەورەی نائاساییدا کۆدەبنەوە و سەرۆکێک بۆ خێڵەکە هەڵدەبژێرن، لە ناو پاڵێوراوەکاندا دەگەڕێن بۆ لێهاتوو و بەتوانا و خاوەن ئەزموون و دنیا دیدەکان، ئەگەر هەموویان ڕایان یەک نەکەوت؛ ئیدی ئەو خێڵە دەکەوێتە گێژاوی دووبەرەکیی و پاشاگەردانی. ئەوەی شیاوی باسە خێڵە کوردێک بەناوی ئاغای سەرخێڵیان یا بەناوی باوکی یا باپیریەوە ناو دەبرێت، بەنموونە: عەلادینی کە لقێکە لە خێڵە کوردی (بەرازیی)؛ بەناوی خێڵەکەوە یا بەناوی موستەفا بەگی سەرخێڵی؛ یا بەناوی باوکی موستەفا بەگەوە (شاهێن) ناو دەبرێت. بیر و





بۆچوونی خێڵە کوردەکان وا دەخوازێت کە نەریت و ڕەوشتی پاشماوەی هۆز بپارێزرێن، زاڵترین یاسا لە ناو خێڵدا یاسای نەریتە کۆنەکانە وەک: پاراستن و ڕاکێشانی دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنی ئەو خوێنانەیە کە لەمەوپێش ڕژاون، گرتنە ئەستۆ و وەدووکەوتنی ئەو تۆڵانە واجبێکی شەرەفمەندانەیە بۆ هەموو یەکێکی ئەو خێڵە، ئابڕووچوون بەشی ئەو خێڵەیە کە وەدووی تۆڵەی خۆی نەکەوێ و هەقی تەواو لە خاوەن هەق وەرنەگرێتەوە، تاقمی ستەم لێکراویش دەبێ لە پێش تۆڵەسەندنا بچنە لای سەرۆک خێڵ و پێکەوە لە کێشەکە بکۆڵنەوە، هەندێک جار ئەو تاقمە پەنا دەبەنە بەر پیاوانی ئایینی؛ ئەمان و سەرۆک خێڵ دەچنە لای هەردوو بەرەی کێشەکە و ناوبژییان دەکەن و تا لەسەر شتێک پێک دێن، هەندێک جار پەنا دەبەنە بەر ئەنجومەنی خێڵ، وەلێ ئەوەی سواری قسەی خۆی ببێ و ئامۆژگاریی لە کەس وەرنەگرێت و خوێن خۆش نەکات؛ دەبێت سوڵح و ئاشتی بخاتە ژێر پێ و تۆڵەی خۆی بسێنێت، هەندێک جار بەخوێندان چارەی کێشەکە دەکرێت (هەردوو لای کێشەکە لەسەر چەردەیەک پارە یا ژن پێک دێن – وەرگێڕ)، زۆربەی خەڵک بەمەش قایەڵ نابن؛ چونکا بەبۆچوونی ئەوان خوێن خۆشکردن زەبوونی و ترسنۆکییە لەبەردەم دوژمندا. لە کاتێکدا خێڵەکە لەبەردەم مەترسی دوژمنایەتی ترسناکتری دیکەدا بێت، ئیدی دوژمنایەتی پێشوو تا کاتی خۆی کپ دەکرێتەوە، (١٧) با قووڵتر بۆ ناو باسەکە شۆڕ ببینەوە: تێکڕای فەرمانەکانی خوا مرۆڤ هان دەدەن بۆ لێبوردن و دۆستایەتی و تەبایی لە ناو یەکتردا، ئەمەش بۆ پاراستنی ژیانی خۆیانە. دوو خاڵی زۆر توندوتیژ هەن شلکی و بەرەڵایی لەو دوو خاڵەدا نابێت بکرێت: ئەوەی خۆی دەخاتە سایە و پەنای خێڵەوە دەبێ وەک گلێنەی چاو بپارێزرێت، ئەو میوانەی کە بەڕەسمیی داوای یارمەتی لە خێڵێک دەکات؛ پێویستە بێت بەهانایەوە و کاری بۆ ئەنجام بدات، ئەم یاسا خێڵەکییە ئەرکێکی ئێجگار دروست کردووە و ئەنجامدانی زۆر ستەمە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە بۆیە کراون بەیاسا و نەریت؛ تا لە کاتی مەترسییەکی گەورەدا پیاوانی خێڵێک بێ پەنا و هانا نەبێ.

(١٧) چما لە باسی (ڕسکانی خێڵە کورد)دا نووسەرانی ئەم کتێبە نەیان وت بیرۆکەی (دوژمنی هاوبەش) لەناو کورداندا ئاسەواری نەماوە و بگرە هەرگیزیش نەبووە؟؟ ئیدی دوژمنایەتی کەم بایەخ بۆ خەفە دەکرێ (وەرگێڕ)

**ڕۆشنبیریی لە نێو کوردانددا:** کوردەکان ڕۆشنبیری بەربڵاویان کەمە، ئەوان بەگشتی توانای ئەوەیان نییە بیرە ڕووتەکان (الافکار المجردة) وەربگرن، زۆرتر توخماتی کار و فەرمانن نەک بیرکردنەوە، زمانەکەیان وەک دەڵێن هێشتا نەچۆتە ئاستی پێنووسینەوە، ئەو کوردانەی بۆیان ڕەخساوە کە لە دەرەوەی کوردستان ناوبانگ دەربکەن ژمارەیان کەمە، ئەوان چوونەتە قوتابخانەکانی ئەستەمووڵ و لە کۆلیجی جەنگیدا مەشقیان کردووە؛ یا لە بنکە و قوتابخانە ئەکادیمییەکان دەرچوون، ژمارەی ئەو کوردانە هەرگیز لە دوازدە کەس تێناپەڕن، پێنج کەسیان ( بەلای کەمەوە) لە دەوڵەتی عوسمانیدا پلە و پایەی باڵایان هەیە وەک: سەید عبدالقادر، ژەنراڵ شەریف پاشا، عیزەت پاشا، سەعید پاشا، زەکی پاشا، پلەی سەعید پاشا و زەکی پاشا گەیشتە (وەزیری دەوڵەت) لە حکوومەتەکانی ساڵانی پێشوودا کران بەوەزیری ناوخۆی دەوڵەت، سەید عبدالقادر ئەفەندی لە کاتی سوڵتان عبدالحمیددا ئاوارە کرابوو، لە پاش دروستکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کرا بە(سیناتۆر)، لەم کاتەشدا (سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاوێژ پێکراوانی دەوڵەت)ە ژەنراڵ شەریف پاشایش کە لە (ستۆکهۆڵم) وەزیری باوەڕپێکراو بوو؛ ئێستا وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانییە، زەکی پاشای ناسراو بە(حەلەبی) ئەندامی لیژنەی ئیتیحاد و تەرەقی بوو، لە بیر و باوەڕیشدا میانەڕەو (معتدل) بوو، لە جەنگی بولقانی دژ بە(سربییە)کاندا فەرماندەی سوپای (ئوسکوب) بوو، لە پاشدا چووە ئەسپانیا و جەمال پاشای خوێنڕێژی لە سووریا کرد بەسەرۆکی ئەرکان، ئەم پلەیە بوو جەمال پاشای ناوبراوی بەرز کردەوە و ئامادەی کرد کە لە دواڕۆژدا بکرێت بەئەندامی (دەزگای باڵای ڕاوێژی سەربازیی) قەیسەر لە بەرلین.

# بەشی دووەم

## بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد

**مێژووی بزووتنەوەکە**: لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٨دا بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی سەری هەڵدا و داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد، (سورەیا بەگ بەدرخان) کە یەکێک بوو لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان؛ سەرۆکی ئەو بزووتنەوەیە بوو، پێش ئەم بزووتنەوەش بەدرخانییەکان دژی دەوڵەتی عوسمانی شۆڕشیان کردبوو، لە پاش شۆڕشەکە سورەیا بەگ رووی کردە ئەستەموڵ و لەوێش نیشتەجێ بوو، کە لە ئەستەموڵدا بارودۆخی نوێی بەدیی کرد و کاربەدەستانی نوێی تورکیاش ئەو بارودۆخەیان پێ باش بوو؛ بۆیەکا سورەیا بەگیش ئەو هەلەی قۆزتەوە و رۆژنامەی (کوردستان)ی دامەزراندا، لە رۆژنامەکەدا بیری (قەوارەیەک) بۆ کوردی خستە ناوناوان و کەوتە لێدوانی، لە ئەنجامی پەیدابوونی ناکۆکی و نەگونجانی بیروڕای سورەیا لەگەڵ کاربەدەستانی ئیتیحاد و تەرەقیدا؛ بەناچاریی ئەستەموڵی پایتەختی جێ بهێڵێ و روو بکاتە میسر، لەوێش رۆژنامەکەی خستەوە کار و لە هەفتەیەکدا دوو جار دەکەوتە بازاڕ.

وا دیارە لەو کاتەدا بیری دامەزراندنی (قەوارەیەک بۆ کورد) پێشوازییەکی باشی لە کوردستاندا لێ نەکرا، چونکا سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکەیە لە کاتی خۆیدا نەبوو و بە(نەبەکامیی) لە دایک بووە و کەسیش ئومێدی زۆری پێ نەبووە، لە کاتی جەنگی جیهانیدا بزووتنەوەکە چەواشە کرا و خرایە گێژاوی ئاڵۆزیی و تەمومژەوە، لە کاتێکدا کوردەکان ژێردەستەی تورک بوون، وەلێ لە تاوانی سەربڕین و ئاوارەکردنی ئەرمەنییەکاندا؛ بوون بەهاوبەشی تاوان و مقاش بەدەست تورکانەوە، هەرچەند بەشێواز لە کوردستان و ئەرمینیادا کورد و ئەرمەن پێکەوە بەئاشتی دەژیان؛ بەڵام کینەی ئایینی و رەگەزیی؛ هەمیشە وەک ئاگری ژێر ژیلەمۆ وەهان و نەرمە بایەک گەشیان دەکاتەوە و کڵپەیان پێ دەسێنێت، بەڵگەی تۆکمە و سەلماومان هەیە کە کوردەکان لەو کوشتارانەدا بەشدارییان کردووە، با لێرەدا بەتەنها باسی ویلایەتی خەربووت بکەین؛ حاجی (قەزا) کوردە و لە خێڵە کوردی (ئاسلۆلی)یە و ئەندامی ئەنجومەنی ئیدارەشە، خەلیل بەگیش کوردە؛ ئەم جووتە لە بواری نامرۆڤانەی کوشتاری ئەرمەنیدا ناو و شۆرەتی گڵاویان بۆ خۆیان پچڕیوە!





کوردەکان لە هەموو دەرفەتێکدا سەلماندوویانە کە زۆربەیان مقاشێکن بەدەست زۆر و ستەمی تورکانەوە، سەرۆکی خێڵە کوردی (بازیکی) کە پیاوێکی هەڵکەوتوو و دیار بوو؛ لەو کێشانەدا بەشداریی نەکرد، دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە پێنج ساڵی ڕابوردوودا کوردەکان هەمیشە و بەگشتی دوژمنی سەرسەختی تورکان بوون.

**سێ کێشە لە کوردستانی باکووردا**: بەر لەوەی (ئاگر بەست) لە نۆڤەمبەری ١٩١٨دا[١] مۆر بکرێت؛ سێ کێشە لە کوردستانی باکووردا هاتنە کایە و زەمینەیەکی لەباریان خۆش کرد بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و سەربەخۆیی کوردستان،

**کێشەی یەکەم**: دەوڵەتی تورکیا مامەڵەی لەگەڵ کورددا نامرۆڤانە بوو،

**کێشەی دووەم**: شاڵاوی هێزەکانی رووسیا بۆ سەر کوردستان و رەفتاری گڵاوی بەتالوێنە هێرشبەرەکان لەگەڵ کوردەکاندا،

**کێشەی سێیەم**: رێبازی کاربەدەستانی ئینگلیز و مامەڵەی لەگەڵ دەوڵەتی نوێی عارەبدا، بەنموونە: ئێمە بەتوندی لایەنگیر و پشتگیری ئەوە بووین کە پێویستە عارەبەکان تا رادەیەک سەربەخۆ بن.

کێشەی یەکەم و دووەم هەست و سۆزی کوردیان بۆ لای ئێمە راکێشا و بەتوندی خزمەتی بەرژەوەندیی ئێمەیان کرد، زۆرتر لە ئێمە نزیک بوونەوە و هاوکارییان لەگەڵ ئێمەدا راگەیاند، بەڵام کێشەی سێیەم رێز و سامی ئینگلیزیان شکاند و تووشی چورتم و نووچدانییان کرد، سیاسەتی رەسمی تورکیاش لە نێوان دوو رێبازی جیاواز و دژ بەیەکدا دەسووڕایەوە: رێبازی پەرەپێدانی ستەم و داپڵۆسینی کورد، رێبازی هەوڵدانێکی کەم بۆ دڵنیاکردنی گەلی کورد. لیژنەکانی ئیتیحاد و تەرەقی بەفیز و لووت بەرزییەوە تەماشای تێکڕای کێشەکانیان دەکرد، بۆیەکا بێزارکردنی باری ئیداریی نێو تورکیا سەری نەگرت و تووشی چەواشەیی و سەر لێشێوان بوو، لە لایەکی تریشەوە هەست و سۆزی نەتەوایەتی کورد گەشەی دەکرد و کڵپەی دەسەند.

**لێدانی خێڵی هەمەوەند**: دەوڵەتی عوسمانیش ئاگری رق و کینەی خۆی بەسەر خێڵەکانی (هەمەوەند) و (جاف)دا باراند، ئەم دوو خێڵە بەهێزترین خێڵی سەر سنوور

(١) ئاگر بەستی مودورس

بوون،[٢] هەمەوەندەکانی دیسان تەروەنە و ئاوارە کردەوە، سەعید قەرەداخی کە سەرۆکی (هەمەوەند) بوو لە ساڵی ١٩٠٩دا کوشتی، ئەم سەرۆکە پیاوێکی هەڵکەوتووی ستەمکاری دڵڕەق بوو، لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی ئایینییەوە شۆرەت و ناوێکی زۆری هەبوو، خوێنی بەناهەق ڕژاوی سەعید قەرەداخی شۆڕشێکی توند و بەربڵاوی بەرپا کرد، خێڵی هەمەوەند کەوتنە تۆڵەسەندن لە دەوڵەتی عوسمانی، ئەم ڕاپەڕینە درێژەی کێشا هەتا نازم پاشای والی بەغدا کێشەکەی چارە کرد و لە ساڵی ١٩١٠دا ڕێکەوتنی ئاشتبوونەوەی لەگەڵدا مۆر کرد، هەرچەند ئەو ڕێکەوتنە لاواز و پووچەڵ بوو؛ بەڵام ئەو بارودۆخە بۆ ماوەیەکی کەم خایاندی، خێڵی هەمەوەند هەتا جەنگی ئەوروپایش ملیان بەکەس نەدا و سەریان بۆ کەس شۆڕ نەکرد، هۆزی جاف کە خێڵێکی گەورەی کورد بوو، لە هەمان ساڵدا کێش کرایە ناو کۆڕی ڕاپەڕین و ململانێ، باج و سەرانەیەکی زۆر داسەپا بەسەریاندا، ئەوانیش بۆ چەند ساڵێک ئەو بڕیارەیان خستە پشت گوێ، بەمەبەستی دەستەمۆکردنیان؛ (مەحموود پاشا)[٣] یان کرد بەوالی مووسڵ، ساڵێکی نەخایاند ئەویش لابرا و نەیتوانی کار بکاتە سەر هیچ شتێکی نێو کوردەوارییی.

موستەفا پاشای باجەڵان کوردێکی هەڵکەوتووی تری نێو کۆمەڵگای کوردەوارییە، سەرۆک خێڵی باجەڵانە؛ کە لە ناوچەی سنووری[٤] تورکیا و ئێراندا دەژین، ئەم خێڵە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا ناکۆکە و بگرە دوژمنایەتی خەستیشی لەگەڵ دەکات، تورکان لە ئیبراهیم پاشای باجەڵان کەوتبوونە گومان و دڵیان لێی کرمێ بوو کە بەلای ئینگلیزدا دای دەشکێنێت؛ بۆیەکا لە ساڵی ١٩١٢دا بۆ ماوەیەک گرتیان و خستیانە بەندیخانە، دەسەڵاتدارانی سەربازیی تورکیا لە کاتی جەنگدا زۆر بەنامرۆڤانە لەگەڵ

(٢) مەبەست لە سنووری ئەوسای دەوڵەتی عوسمانییە، لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەدا دەوڵەتی عوسمانی شاڵاوی بردە سەر خێڵی هەمەوەند و ژمارەیەکی زۆری لێ ئاوارە کردن بۆ (ئەدەنە) کە لە تورکیایە و (تەرابلوس) لە سووریا، بەڵام زۆری نەخایاند گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان، بۆ زانینی زۆرتر بڕوانە کتێبی (مێژووی سلێمانی و دەوروبەری – مامۆستا ڕەفیق حیلمی) –وەرگێڕ–

(٣) مەحموود پاشای جاف... کرا... بە(والی) ئورفە، بەڵام ئەو پلەوپایەی قبوڵ نەکرد چونکە وای زانیوە ئەم بڕیارەی عوسمانییەکان پیلانێکە دژ بە عەشرەتی جاف و یەکێتی خێڵەکانیا و دوورخستنەوەی لە سەرۆکایەتی ئەو هۆزە.

(٤) دیارە لێرەشدا مەبەست لە سنووری تورکیای عوسمانییە –وەرگێڕان.





کوردانداا دەجووڵانەوە، بەداپڵۆسین و جەربەزەدان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن، باج و سەرانەیەکی ئێجگار گران و قەبەیان لەسەر دانابوون، بگرە ئەو باجانەش لە سنوورێکدا نەدەوەستان، وێڕای ئەوانەش سەرۆکانی ئایینی دەشکاند و لەکەداریان دەکردن، لە پاداشتی ئەو هەموو ڕەفتارە نامەردانەی تورکان بەرامبەر کوردان؛ خێڵە کوردەکان چوون بەهانای دەوڵەتی تورکیاوە، بەتالیۆن و هێزی زۆریان ساز کرد و لە ناوچەی (شوعەیبە)[٥]دا بەرەنگاری ئێمە بوونەوە، زۆر بەئازایانە لەگەڵ ئێمەدا کەوتنە جەنگ و کوشتار، ئەوەیە هەڵوێست و ڕەفتاری جوامێرانەی کوردان، وەلێ دەوڵەتی تورکیا زۆر بەبێ ڕەحمانە کەوتە وێزەیان، کار گەیشتە ڕادەیەک کوردان تێکڕا سوپای تورکیان جێ هێشت و ڕوویان کردە ناوچەکانی تر، ئا لەم کاتەدا بۆ ئێمە و ڕووسی هاوپەیمان جادەکە پانە و دەرفەتێکی باشمان بۆ ڕەخساوە، کوردان بەگەرمیی پێشوازییان لێ دەکردین، بەڵام ڕەفتاری خراپی ڕووسەکان لە ناوچە کوردەکاندا ئەو دەرفەتە زێڕینەی لە دەست داین. کوردەکان لە پێش جەنگدا قینیان لە ڕووسەکان بوو، وەلێ ستەم و ڕەفتاری خراپی تورکان وای لێ کردن خۆیان بهاوێژنە ژێر باڵی ڕووسەکان، بۆ نموونە: سەرۆکی ناوچەی (بارزان) و سەرۆک خێڵەکانی تری ناوچەی مووسڵ دەیانویست پەنا بەرنە ناوچەکانی ڕووسیا.

دەوڵەتی عوسمانی گفت و بەڵێنەکانی خۆی دەشکاند، داخوازی بەردەوامی کوردیان بۆ چاککردنی ئیداری ڕەت دەکردەوە، بۆیەکا کوردان لێیان نائومێد بوون، لە سەرەتای ساڵی ١٩١٤دا وا ڕاگەیەندرا کە خێڵەکانی هەمەوەند و جاف و دزەیی ئامادەن یارمەتی لە ڕووسەکان داوا بکەن، بەڵام هاتنی سوپای ڕووس بۆ ناوچەی کوردستان؛

(٥) لە هێرش و شاڵاوی شوعێبەدا بۆ سەر ئینگلیزەکان؛ شێخ مەحموودی نەمریش ڕۆڵێکی باشی گێڕا، مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا دەڵێ: (شێخ مەحموود لە شەڕەکانی شوعێبەدا یەک دوو شەڕیان کرد و بە خۆی و لەشکرێکی هەزار سوارەی کوردەوە کە بریتی بوو لە هۆزی جاف بەسەرۆکایەتی حەمە عەلی بەگ و کەریم بەگی جاف و هۆزی دەلوو و زەنگەنە و داودەی ناوچەی گەرمیان یارمەتی لەشکری تورکی دا دژی ئینگلیز، ڕەشید پاشای خەڵقی سولەیمانی و کۆنە موتەسەڕیفی (منتفک = ذی قار) و چەند پیاوێکی ناوداری تری کورد لەو شەڕی شوعێبەدا کوژران.

هۆزی جافیش بەسەرۆکایەتی حەمە عەلی بەگی حەمە پاشا سەرەڕای هۆزانی دەلۆ و زەنگەنە و داودەی ناوچەی گەرمیان یارمەتی لەشکری تورکیان دا دژی ئینگلیز و بۆ پاراستنی خاکی وڵات لە شاڵاوی ئینگلیزەکان –وەرگێڕان–

کوشتن و تالان و گرانی و برسێتی لەگەڵ خۆی هێنا، لە ئەنجامی ئەم باردۆخە نالەبارەدا و لە زستانی ١٩١٥ەوە هەتا ساڵی ١٩١٦؛ ڕواندز و ناوچەکانی دەوروبەری وێران کران، لە ساڵی ١٩١٦ دا بوو مەفرەزە سەرەتاکانی هێزی باشووری ڕووسەکان بڵاو بوونەوە و گەیشتنە شاری خانەقین، ئەم شارەیان تاڵان کرد و دایان بێژا، بارودۆخی خانەقین تەنها بەکشانەوەی ڕووس و داگیرکردنی بەغدا لەلایەن ئینگلیزەوە چارە دەکرا ئەمەش لە مارتی ساڵی ١٩١٧دا بوو، لە ساڵی ١٩١٤دا ژەنراڵ شەریف پاشا بەهرە و توانستی خۆی خستە خزمەتی سوپای ئینگلیز، بەڵام لەو کاتەدا ئیشمان بەو خزمەتە نەبوو، چونکە بارودۆخی ناوخۆی کوردستان نەدەشیا و نەدەبا لەوە زیاتر چالاکیی خۆمانی تیا پەرە پێ بدەین.

**کە بەغدامان داگیر کرد**: لەو کاتەوە بەغدامان گرت و لە (قەسری شیرین)دا بووین بەدراوسێی هێزەکانی ڕووسیا؛ ئەفسەری باڵای سیاسی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێمە لە ناو خێڵەکانی دەوروبەردا (خانەقین)یش داگیر بکەین، بەڵام لەو کاتەدا ئەنجامدانی ئەم کارە نەدەکرا، زۆر بەستەم هێز ساز دەکرا و بگرە توانایش نەبوو، هەر ئەوەمان بۆ کرا داوا لە موستەفا پاشای باجەڵان بکەین؛ کە لە بریی ئێمە چاوداشتی ناوچەکە بکا و هێمن و ئاسایش بپارێزێت، بەڵام ڕووسەکان لە سەرەتای نیساندا و لە خانەقین نەیان فامیی چۆن ڕەفتار بکەن، لە کاتێکدا کوردەکان زۆر بەسۆز و نیهادی پاکەوە دەیان ڕوانییە ڕووس و هاوپەیمانەکان؛ وەلێ هێزەکانیان بەرەڵا و ڕەفتار پیس بوون، دەربەستی پاشەڕۆژی خۆیان نەبوون، شاری خانەقین بەداگیرکردنی ڕووس ئاڵۆزا و ترس و سام باڵی کێشا بەسەریا.

لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نالەبارەدا؛ موستەفا پاشای باجەڵان ناچار بوو کە پەنا بباتە لای کاربەدەستانی ئینگلیز، داوای لێ کردن کە بۆ پاراستنی گیان و سامانی خەڵک ئەفسەرێکی سیاسیی دابنێن، بەڵام ئەو کارە بەبێ ڕەنجان و زویربوونی ڕووسەکان ئەنجام نەدەدرا، هەر لەم کاتەدا بوو لێشاوی نامەی خێڵەکانی باجەڵان و جاف و شەرەفبەیانی و تاڵەبانی و پیاو ماقووڵانی قزرەبات بۆ ئێمە دەهاتن، تێکڕا لە ڕووسەکان بێزار بوون، وا ڕایان دەگەیاند کە ڕووسەکان دەیانەوێت خەڵکی ناوچەکە وەدەرنێن، بەزۆر وا دەکەن لە خەڵکەکە سەرلەنوێ بچنەوە باوەشی تورکان کار گەیشتە ئەو ڕادەیە کە لە کۆتایی هەمان ساڵدا موستەفا پاشای باجەڵان خۆی هەیپێی لێ بکات بۆ بەغدا و ڕاستەوخۆ کێشەکە بخاتە بەردەم کاربەدەستانی ئینگلیز، وای ڕاگەیاند کە





کوردانی نێو ئێران و تورکیاش خراپتر لەمان بەدەست ڕووسەوە تووش هاتوون، تاڵاو و سزایان بەگەرووودا دەکەن، هەرچەند موستەفا پاشا دۆستی ئینگلیز بوو؛ بەڵام – وەک خۆی ڕای گەیاند – ڕووسەکان ماڵ و سامانیان تاڵان کردووە، هەڕەشەی ئەوەشی لێ دەکەن کە تێلاکوتی بکەن، ئیبراهیم پاشا بەمەوە نەوەستا و بەبەڵگەنامەی پوخت و بێ لایەن لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕەفتاری ڕووسەکانی واڵا کردەوە:

١- ڕووسەکان لە سەرەتاوە ئەو شتانەی کە لە خەڵکیان دەکڕیی بەزیو دەنرخاند، ئەمەش زۆری نەخایاند و بڕیاریان دا کە بەپارەی کاغەزی ڕووسیا شت بکڕن.

٢- خەڵکی گوندەکانیان تاڵان کرد و ئاژەڵ و وڵاخیان بەتاڵان بردن و ڕەوانەی ئەودیو سنووریان کردن، مەزرا و خەلە و خەرمانیان بەتەواویی بنەبڕ کرد و تاکە قڕانێکیان بۆ نەبژاردن.

٣- کرداری ڕووسەکان نانی گەنمیشی لە ناو خەڵکا بڕیی و ئاسەواریان نەهێشت، تەنیا چینە فرە سامانەکان دەیانتوانی (گەنمەنان) بخۆن.

٤- ئەوەی لە شار دەرچووبایە – با وەکو پسووڵەی ڕەسمیشی بخستبایە ڕوو – بەبێ دزی و تاڵانی (قەوزاق) دەرنەدەچوو.

٥- دەستیان بەسەر خواردندا گرت و هەموویان بۆ خۆیان زەوت کرد، ئەفسەرانی ڕووس ماڵ لە پەڕی شار دەگەڕان و خواردنیان کۆ دەکردەوە، بگرە بێوەژنە هەتیوبارەکانیش لەو هەڵپە و پێشێلکردنانە بێ بەش نەبوون.

٦- بنەوانی جۆگاکانیان دادەشکاند و پڕیان دەکردەوە، داخوازییەکانی خەڵکیان دەخستە پشت گوێ، بۆیەکا باخ و ڕەزی ترێ هەمووی لە ناو چوو.

٧- خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون و ڕەویان کرد بۆ (کفری) و پەنایان بردە لای هێزەکانی تورکیا و پاراستنیان لەو هێزانە دەخواست.

٨- (ساڵەیی)یەکان کە لە سەرەتادا ملیان بەتورک نەدەدا و قایەل نەدەبوون هیچ پێداویستییێکی ژیانیان بدەنێ... ئێستا (بە هۆی ڕەفتاری ڕووسەکانەوە – وەرگێڕان) بۆ هەموو شتێک ئامادەن؛ بەمەرجێک لە ناوچەکە دەرنەکرێن.

٩- بەسەرۆکایەتی شۆڕشگێڕی ئێرانی (سەردار محی) و (عەلی ئەکبەرخان)ی سەرۆکی خێڵی (سنجاوی) و چوار سەد کەس ڕایان کرد و دایانە چیای (بەمۆ) کە پەنجا میلێک لە باکووری خانەقینەوە دوورە، ئەمانە بەو نیازە هەڵهاتبوون کە بچنە لای ئینگلیزەکان، بەڵام ڕاپۆرتی سەر بەڕووسەکان ترساندنی و لە خشتەی

بردن و نەهاتنە لای ئێمە.

لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەی پێشوودا سام و شۆڕەتی هاوپەیمانەکان لە ناو خەڵکدا دابەزی و ناویان بەخراپی زڕا، لەم لایشەوە تای ترازووی تورکان خۆی گرت و قورستر بوو، جارێکی دیکە موستەفا پاشای باجەلان بۆ دانانی ئەفسەرێکی سیاسی ئینگلیز لە خانەقیندا هاواری لێ هەستایەوە، لەبەر ئەو هۆیەی کە لە سەرەوە باسمان کرد (زویر نەبوونی ڕووسەکان - وەرگێڕ) بۆ چارەکردنی ئەو بارودۆخە نالەبارە تەنها هەنگاوێک نەنرا.

**کشانەوەی ڕووس لە خانەقین و هاتنی ئەفسەری سیاسی:** لە کۆتایی حوزەیراندا؛ ڕووسەکان لە سنووری ئێرانەوە کشانەوە. تورکانیش سەرلەنوێ خانەقینیان داگیر کردەوە، لە جاران دڕندانەتر دەستیان کردەوە بەوێرانکردن و تالان و کوشتار، چارەڕەشی و کەساسیی ئەم شارە زۆرتر پەرەی سەندەوە، کە سوپای عوسمانی لە کۆتایی ئابدا کشایەوە لە شار؛ زۆربەی خەڵکەکەی گەڕانەوە، ئەو زەڕاتەی کە لە چیاکاندا و لە ترسی عوسمانی و ڕووس حەشاریان دابوو؛ زەوییان بۆ خۆش کرد و چاندیان، لەو کاتەدا خێڵی (داودە) بەسەرۆکایەتی شێخ حامد و خێڵی (تاڵەبانی) - وەک پێویست - سەلماندیان کە بەهێزن و دەتوانن بەرەنگاری عوسمانی بکەن و ئازووقە و خواردنیان لێ ببڕن، لە پاییزی هەمان ساڵدا سوپای عوسمانی لە (کازا)دا تێشکا و تووشی نوشوستی هات، تێکشکانی عوسمانی لە کازادا بووە هۆی ئەوە کە ئەڵمانیا و تورکیاش نەخشەی هێرشبردنە سەر (میزۆپۆتامیا) پشت گوێ بخەن و دەستبەرداری ببن، مەسەلەی دانانی ئەفسەرێکی سیاسی ئینگلیز لە خانەقیندا و لەو ڕۆژەدا بیرۆکەیەکی باش و گونجاوە؛ بۆیەکا لە دیسەمبەری هەمان ساڵدا ئەو ئەفسەرە دانرا، هاتنی ئینگلیز بۆ خانەقین بووە مایەی خۆشی و شادیی، خەڵکی شار لە پەنا و حەشارگەکانیان دەرچوون و گەڕانەوە شارەکەیان، وەلێ ئێمە لەو ڕادەیە زۆرتر و وەک پێویست نەمان دەتوانی یارمەتی بووژانەوەی کشتوکاڵ بدەین، لەوەش دەترساین کە بەشێکی بەرهەمی کشتوکاڵ سەرلەنوێ بگاتەوە دەست عوسمانییەکان؛ بۆیەکا پشکۆی نائومێدیی خرایەوە بەدڵی خەڵکی شاردا.

لەو ڕۆژانەدا ئاژاوە و پشێویی کەوتە ناو خێڵەکانی باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی خانەقین، بەڵام زۆری نەخایاند متمانە و تەبایی گەڕانەوە ناوچەکە، ئازووقە و خواردەمەنی بەئاسانی دەگەیشتن و بگرە هەتا دەهاتیش فرەتر دەبوون، بووژانەوەی خانەقین و زۆربوونی خواردن و ئازووقە کارێکی دژواری کردە سەر تورکان و عەماریان





کەوتە کزیی، لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨دا هێزەکانی ئێمە چوونە (کفری) و (تووز) و (کەرکووک) و خێراش ئەفسەری سیاسییان بۆ دانرا و زۆربەی سەرۆک خێڵی ناوچەکە ڕایان گەیاند کە بەپێی توانا ئامادەن یارمەتی سوپای ئینگلیز بدەن.

**سیمینارێک لە سلێمانی:** پیاوانی ماقووڵ و گەورەی نێو کۆمەڵ لە سلێمانی سیمینارێکیان ساز کرد و سەبارەت بەدابینکردنی پاشەڕۆژی سیاسی کورد کەوتنە پرس و ڕا و لێکۆڵینەوە، لە هەمان کۆڕدا بڕیار درا کە حکومەتێکی ناوچەیی کورد بەسەرۆکایەتی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی[٦] کاکە ئەحمەدی شێخ دابنرێت، شێخ سەرۆکی بنەماڵەی بەرزنجییەکان بوو، کوردەکان بڕیاریان دا کە ڕێبازی دۆستایەتی ئینگلیزەکان بۆ خۆیان هەڵبژێرن، لە هەمان کاتیشدا شێخ ئێمەی ئاگادار کردەوە کە خۆی هەتا دەگاتە هەرێمی (سنە)ی نێو ئێرانیش؛ بگرە نوێنەری هەموو کوردە، نامەکانی شێخ ڕایان دەگەیاند کە ئامادەیە دەسەڵات و (حوکمداریی) بداتەوە دەست ئێمە یا خۆی نوێنەری هەموو کورد بێت لە ژێر ڕکێفی ئێمەدا.

تێشکانی ڕووس لە قەفقاسدا بار و هەڵوێستی نوێی هێنایە گۆڕێ، بووە هۆی ئەوە کە نەتوانین هەندێک هەڵوێستی بەنرخ بقۆزینەوە و سوودی لێ وەرگرین، ئەو هەرەسەی ڕووس - بۆ ماوەیەکی دوور - ئێمەی هاویشتە نێو دوودڵی و شپرزە بوون.

لە سەرەتای بەهاردا کۆمەڵێک بەسەرۆکایەتی (ژەنراڵ دویستوڤیل)[٧] نێردرا بۆ ناوچەکە، پێویست بوو ئێمەیش بەهانایەوە بڕۆین و یارمەتی سەربازیی بدەین، لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە بەزەحمەت ئۆردووگا و سەنگەرەکانی پێشەوەمان لە وڵاتی (میزۆپۆتامیا)دا دەپاراست، ئازووقە و تەقەمەنی پێویستیش زۆر بەگران دەگەیشتنە هێزەکانی نێو ئێرانمان، بۆیەکا دەبوو شاری کەرکووک جێبهێڵین و شێخ مەحموود لە سلێمانی بکەین بەنوێنەری خۆمان، هێزەکانی ئینگلیز لە (کفری) و (تووز) کشانەوە،

(٦) لە ڕاستیدا شێخ سەعیدی کوڕی سەید محەممەدی کوڕی کاکە ئەحمەدی شێخە -وەرگێڕان-

(٧) (د. فریتز غرۆبا)ی سەفیری ئەڵمانیا لە بەغدا؛ لە کتێبی (رجال ومراكز قوى في الشرق) ج١ لاپەڕە ١١٩دا باسی ناردنی ئەم ژەنراڵە دەکا و دەڵێ: لە کۆتایی ساڵی ١٩١٧دا ئینگلیزەکان هێزێکیان هێنا بۆ فریا و یارمەتی ئاشوورییەکان نارد، فەرماندەی ئەو هێزە ژەنراڵ (دنسترفیل) بوو، مەبەستیش لە ناردنی ئەو هێزە داگیر کردنی سەرچاوەکانی نەوتی (باکۆ) بوو، ژەنراڵی ناوبراو هەڵپەی ئەوەی بوو کە بەری چەپی هێزەکانی ئینگلیز بە ئاسووری و ئەرمەنییەکان بەهێزتر بکات. -وەرگێڕان-

دیسان تورکان سلێمانیان داگیر کردەوە و خێرا حوکمی عورفییان تیا ڕاگەیاند، ئەو کەسانەی دۆستایەتی و هاوکاری ئێمەیان کردبوو بەتوندی سزا دران و باج و سەرانەی ئێجگار گرانیان بەسەردا سەپا، بگرە شێخ مەحموود خۆیشی گیرا و دوور خرایەوە بۆ کەرکووک، بەڵام بەباشیی[٨] مامەڵەیان لەگەڵ کرد و زۆری نەخایاند ئازاد کرا.

هەرچەند سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی تورکان شلک و کەم بایەخ بوون؛ بەڵام کوردەکان زۆر دەترسان و بەتەرێزە (تحفظ)ەوە دەیانڕوانییە ئەو سەرکەوتنانە، ئێمەش هەڵپەی ئەوەمان بوو کە هێزێکی لیڤی لە کوردان ساز دەین، بەڵام بەهۆی ترس و سڵکردنمان؛ لەو بوارەدا سەرنەکەوتین، بەڵام تورکان توانیان هێزێکی سوارە لە کوردان ساز بکەن و لە بەشی باکووری فارسدا دژی ئێمە بکەونە کار، چەند گچکە خێڵێکی وەک خێڵی مەریوانیان بەزۆر هێنایە پاڵ خۆیان و ڕاپێچی شەڕیان کرد، بەڵام هەورامییەکان تۆزقاڵێک هەڵوێستیان نەگۆڕا و لە سەر دوژمنایەتی عوسمانی هەر مانەوە.

**تێکشکانی تورکیا و داگیرکردنی کوردستان:** هەڵوێستی شەڕ لە بەرەکانی فەرەنسەدا گۆڕا و، سەرکەوتنی ئێجگار کاریگەر لە فەلەستیندا وەدەست هات، ئەمانە تێکڕا فەرماندەکانی تورکیان گێژ و شپرزە کرد، گیانی دەستپێشخەرییان خەساندن، جگە لەمانەش هێزەکانی تورکیا دوا پیاوی هێزەکانیان بۆ پاراستنی شوێنە گرنگەکانی وڵاتەکەی خۆیان کشاندەوە، ئێمەیش ئەم هەلەمان قۆزتەوە و بۆ بەرژەوەندی خۆمان بەکارمان هێنا، تێکڕای ئەم ڕووداوانە بەباری ئینگلیزدا تەواو بوون و تەوژمی متمانە و باوەڕی میللەتیان لە کوردستانی باشووردا بەرەو بوونی ئینگلیز برد، نەخشەی گشتی هێرش و کارەکان بەم جۆرە بوو:

هێزی سەرەکیی بەرەو مووسڵ هێرشی برد، بەنیازی بەرگریی و پشتگرتنی هێرشی سەرەکیی نێو ناوچەی بەرزاییەکانی دیجلە؛ تابوورێکی گچکەتر بەرەو (ئاڵتوون کۆپری) بەڕێ کرا، لە ٢٥ی ئوکتوبەردا هێزەکەی باکوور چووە نێو کەرکووک، لە ڕۆژی دواییدا سوپای تورک کە لەسەر دیجلە بوو ئابڵۆقە درا و لە ٣٠ی هەمان مانگدا بەناچاریی خۆی دا بەدەستەوە، هەر لەم کاتەدا تابوورێکی دیکە شوێنی دوژمن کەوتن

(٨) مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیا لاپەڕە ٥٢ دەڵێ: شێخ مەحموود لە کەرکووک خرایە بەندیخانەوە و لە دوای محاکەمەیەکی سەرزاریی بەخنکاندن مەحکووم کرا بەڵام لە ئەنجامدا ئازاد کرا -وەرگێڕان-





و بە(زێی) گچکەدا هەڵیان بڕیین.

لە ١ی نۆڤەمبەردا؛ کە دەنگوباسی (ئاگر بەس) ڕاگەیەندرا؛ چەند هێزێک بۆ گرتنی[٩] (مووسڵ) خرانە ڕێگا، لە ١٠ی نۆڤەمبەردا (١٩١٨ - وەرگێڕان) ویلایەتی مووسڵ لە هێزەکانی سوپای عوسمانی پاک کرایەوە، بەو نیازەی دەسەڵاتمان بەسەر کوردەکاندا مسۆگەر بکەین، خێرا بەسەرۆکایەتی (مێجەر نۆیل) کۆمەڵێکمان نارد بۆ سلێمانی و لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەردا گەیشتنە ئەوێ.

**نۆیل خۆی سەرپشک بوو:** نۆیل خۆی کرابوو بەسەرپشک و دەسەڵاتی ئەوەی پێ درابوو کە ئەگەر سوودی هەیە و لەگەڵ بارودۆخی ئەو کات و شوێنەدا بگونجێت؛ شێخ مەحموود بکات بەنوێنەری ئێمە لە سلێمانی، بۆ دانانی کاربەدەستان لە چەمچەماڵ و هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەش خۆی سەرپشک بوو، نۆیل دەبوو لەگەڵ سەرکردەی مەڵبەندەکان پەیوەندیی بکا و ئاسایش و یاسا بۆ ئەو ناوچانەش بگێڕێتەوە کە لەو کاتەدا لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوون، دەبوو نۆیل[١٠] بۆ سەرۆک خێڵەکانی

(٩) مامۆستا د. کەمال مەزهەر لە کتێبی (کوردستان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا) ئەم ڕاستییەی پڕ بەپڕ پێکاوە کە دەڵێ: هێزەکانی بەریتانیا لە باشووری عیراقدا ئامادە کران بۆ ئەوەی پێش کۆتایی هاتنی جەنگ زۆرترین ناوچەی کوردستان بگرن (لاپەڕە ٣١٤ وەرگێڕانی محمدی مەلا کەریم) -وەرگێڕان-

(١٠) وەک د. حەسەن کەریم فەتاح جاف بۆی ڕوون کردینەوە کە (خۆی لە بەگزادەکانی جافە) و گوتی:

بەفەرمانی حکومەتی ئینگلیز میجەر نوئیل پاش داگیرکردنی شاری سلێمانی چۆتە لای مەحموود پاشای جاف کە ئەو سەردەمە لە دوو ئاوایی زەڵم دەبێ و هەر خەبەری دەدەنێ کەوا مێجەر نوئیل لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی ئینگلیزی پایە بڵندا هاتووە بۆ لای... پاشا ناچێ بەپیریانەوە و بەرگی پاشایی عوسمانی لەبەر دەکات و هەرچی نیشانە و میدالیۆنی پێ بەخشراوە هەمووی دەکا بە قەدی خۆیدا و لەناو ڕەشماڵەکەیدا چاوەڕێیان دەکا. کاتێ نوئیل پاشای بەو بەرگە هەیتوهووتە دەبینێ و تەماشا دەکا ڕوتبەی پاشا لە ڕوتبەی ئەو گەلێ بەرزترە و بۆیە یەکسەر لەبەردەمیدا دەوەستێ و یەک تەمەنای بۆ دەکێشێ و بەخوزووعەوە ڕادەوەستێ و دانانیشێ تاوەکو مەحموود پاشا خولکی دانیشتنی دەکات و پاش بەخێرهاتن کردنی، نوئیل ڕووی دەمی دەکاتە پاشای کوردان و دەڵێت:

پاشا دەزانی بۆچ هاتوومە بۆ لات؟

لە وەڵامدا... پاشا دەڵێ... بشیزانم حەز دەکەم لە زاری تۆ بیبیستم. =

ڕوون بکاتەوە کە بەریتانیا نایەوێت بەسەر ڕۆڵەکانی کوردستاندا دەسەڵاتێک بسەپێنێت کە بەنەریت و ڕەوشتیان نامۆ بێت، کوردانیش دەبێ لە ناوخۆیاندا یەک بگرن و کێشە گشتییەکانی خۆیان بەسەرپەرشتی ئەفسەرانی ئینگلیز چارە بکەن، دەبێ ئەو باجانەش بدەن کە بەیاسای عوسمانی هاتوونەتە سەریان، خۆ ئەگەر پێویست بوو؛ بۆ پاراستنی یاسا و بووژانەوەی ناوچەکەش دەستکاریی ئەو باجانە دەکرێن؛ بگرە بۆ لابردنی ئەو باجانەش نۆیل هەر خۆی سەرپشک بوو، دەبێ دانیشتوانی ناوچەکەش لەوە بگەن کە ئەو باجانە بۆ جێگیرکردنی یاسا و گەشەکردنی شارستانی ناوچەکە پێویستن. مێجەر نۆیل[11] کە گەیشتە سلێمانی؛ شێخ مەحموودی کرد بە(حوکمدار)ی ناوچەکە و کۆمەڵێک کوردیشی کرد بەیاریدەدەری، چەند هاووڵاتییەکی تریش لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی ناوچەکە و لەژێر چاودێریی ئەفسەرێکی ئینگلیز

= نوئیل: ئینگلیز دەیەوێ خزمەتی ناوچەی کوردستان بکات و یارمەتی گەلی کورد بدات و مافی بۆ دانێت و لە دەست عوسمانییەکان و زوڵم و زوڵمکاریان ڕزگاری بێت، جا بۆ ئەم مەبەستە چاوەنواڕی پیاوێکین وەکو جەنابتان کە سەرۆکی هۆزی گەورەی جافیت بۆ ئەوەی هاریکاریمان لەگەڵدا بکەیت بۆ بەجێهێنانی ئەم مەبەستە.

مەحموود پاشا دەڵێ: بەداخەوە من ناتوانم لەگەڵ ئێوەدا هاریکاری بکەم... چونکە... بەتەواوەتی لە مەبەستی ئێوە دڵنیا نیم... ئێوە ئەگەر... بەڕاستی... بتانەوێ مافی کورد بدەن و خزمەتی ئەم میللەتەی ئێمە بکەن و مەبەستتان ڕاست بێ... هەزاری وەک منیش لەگەڵتانا نەبێ ئێوە هەر سەر دەکەون... من موسڵمان و بیرباوەڕی ئایینیم یەکجار بەهێزە و ئەم بیروباوەڕەم ڕێگای ئەوەم ناداتێ لەگەڵ ئێوە هاریکاری بکەم، هەروەهاش من پیر بووم هێزی ئەوەم تیا نەماوە کە بۆ کارێ وەکو ئەمەی فەرمووت دەست بدەم، جا... لەبەر ئەم سێ هۆیە من نەهاریکاریتان لەگەڵ دەکەم و نە چاوەڕێی ئەوەش بن لێم کەوا بەشێوەیەک یان شێوەیەکی تر لەگەڵتانا بجووڵێمەوە.

(11) مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا لاپەڕە ٥٩ دەڵێ: (وێڵسن)ی حاکمی گشتی عێراق (نۆیل)ی لەگەڵ هەیئەتێکی بچووک بەڕێی چیاکانی بەینی کفری و چەمچەماڵدا ناردە (داریکەلی)، کە گەیشتنە سلێمانی لە (١/١١/ ١٩١٨)دا لەبەر دەرگای سەرا کۆبوونەوەیەکی گەورەی ساز کرد بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵ، ڕایگەیاند کە شێخ مەحموود لە لایەن حاکمی عێراقەوە بە (حوکمداری کوردستان) ناسراوە، مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە هەمان بەرگدا دەڵێ: (مێجەر نۆیل خۆی ناوی حاکمی سیاسی لێ نرا، لە بینای (مەکتەبی ئەعدادی) زەمانی تورکەکان دادەنیشت، بێ ئەندازە حورمەتی حوکمداری دەگرت و بەبێ ڕەزامەندی شێخ؛ کاتبێکی بچووک وە یا خزمەتکارێکی بۆ خۆی دانەنا... تا لە سلێمانیدا بوو ماوەی نەدا بەدەرکەوتنی کەموکوڕیی. -وەرگێڕ-





دانران، بڕیاری دا کە تێکڕا مووچەخۆرانی تورک بگۆڕێن بەکوردی ناوچەکە، لە ڕاستیدا یاسا و دەزگاکەی ئێمە دەرەبەگانە بوو؛ شێخ و ئاغاکانمان کرد بەنوێنەری خێڵەکانی خۆیان، بۆ هێنانی خواردن و (تۆو) و شتی جۆربەجۆر؛ چەند هەنگاوێکی نوێ نرا، ئەو هەنگاوانە نەک بەتەنها بۆ قەلاچۆکردنی گرانیی و برسێتی بوو؛ کە تا دەهات پەرەی دەسەند؛ بەڵکو بۆ ئەوەش بوو کە بازاڕ و بازرگانیی لە ناوچەکەدا ببووژێتەوە، بگرە داخوازییە ئایینییەکانی خەڵکیش ڕەچاو کرا و فەرمان درا کە لەسەر کیسە و باخەڵی بەریتانیا هەندێک مزگەوتی گوندەکان بیراز بکرێن، بۆ ئەنجامدانی هەندێک لە دروشم و (بۆنە) ئایینییەکان پارە و یارمەتی دابین کرا، لە ١ی دیسەمبەری هەمان ساڵدا (بەرپرسیاری مەدەنی گشتی) سەری لە شاری سلێمانی دا، لەگەڵ ٦٠ پیاوێکی سەرکردە و هەڵکەوتووی ناوچەی کوردستانی باشووردا کۆڕێکی ساز کرد، بەدرێژیی هەڵوێستی سیاسی ئەو سەردەمەی بەگشتی بۆ باس کردن.

کوردەکان ماوەیەکی زۆر بوو ئازار و تاڵاوی تورک و ڕووسیان دەچەشت، بۆیەکا هەستی نەتەوایەتی کورد زۆر بەتەوژم و خەملیو بوو، هەرچەند دژی گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورک بوون؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوەیان دەسەلماند و پێی قایەل بوون کە (پارێزگاریی ئینگلیز)یان پێویستە.

**مۆرکردنی بەڵگەنامەیەک لە سلێمانی**: لە پاش چەند و چوون و لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەل... داخوازییەکانیان پێشکەش کرد، وایان ڕادەگەیاند کە کوردان بخرێنە ژێر ڕکێف و پارێزگاری ئینگلیز و بەدەسەڵاتی عێراقەوە گرێ بدرێن، بەرامبەر بەم هەڵوێستە بەرپرسیاری مەدەنی گشتی بەڵگەنامەیەکی مۆر کرد و تیایدا ڕایگەیاند کە کوردان خۆیان سەرپشکن بچنە ژێر سەرکردایەتی شێخ مەحموود یا نەچن، لەو ئاقارەدا بواری هەڕەشە و داسەپاندن نادرێت، لە ئەنجامدا بڕیار درا کە خەڵکی کفری و کەرکووک و خێڵەکانی دەوروبەری لە دەرەوەی دەسەڵاتی شێخدا بن، ئەوەش باس کرا کە کوردانی نێو ئێران دەبێ بۆ ئێران دڵسۆز بن، شێخ دەیویست بۆ هەموو بەش و دەزگاکانی دەوڵەت ئەفسەری ئینگلیزی بۆ دیاریی بکرێت، سەرپەرشتی هێزەکانی لیفی بکرێ و دەبێ ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو دەزگایەش کورد بن.

لە هەمان کاتدا کۆڵۆنێڵ (لیچمان) حکومەتی بۆ ویلایەتی مووسڵ دانا و خێرا - بەنیازی پەیوەندیی بەکوردەکانەوە - ئەفسەرێکی بۆ ناوچەکانی (ئاکرێ) و (زاخۆ) و ناوچەکانی سەر سنوور نارد، بەڵام وتووێژ لەم ناوچانەدا - لە چاو کوردەکانی باشوور -دا زۆر ئاڵۆز و گرانتر بوو، چەند کۆمەڵێکی گچکەی فەلەکان لە ناوچەکانی

(بەتلیس) و (وان) و (ورمێ)دا دەستی کرد بەئاژاوە، کێشەی توند و تیژی ئەرمەنیش سەرباری هەموو شتێک، لە هەمان کاتیشدا مووچەخۆرانی عوسمانی لە شوێنەکانی خۆیاندا هەر مابوون و بەکەیف و پێخۆشبوونەوە دەیان ڕوانییە ئاگری ناکۆکی ئایینی نێوان کورد و ئەرمەنی، بگرە هەتا بۆیشیان لوابێت بەنهێنی و لە ژێرەوە نێلەی ئەو ئاگرەیان داوە و نەوتیان پیا کردووە.

کێشەیەکی دیکە فرە جۆریی دانیشتوانی ویلایەتی مووسڵ بوو کە ڕەگەزی عارەب تیای زۆرتر بوو، داخ لە دڵان و ئاژاوەچییان هەمیشە لەسەر پل بوون؛ کە بەکاغەزی ڕقی نێوان کورد و عارەب گەمە بکەن، بانگەشە و پڕوپاگەندەی فەرەنسایش لەو ڕۆژەدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕا؛ گوایا فەرەنسا لە بواری پاراستن و پاڵپشتی فەلەکاندا شۆرەت و ئاکارێکی باشی هەبوو، بەڵام بەریتانیا هەموو ئایینەکان بەیەک چاو تەماشا دەکات، ئەم خاڵەی دوایی هەست و سۆزی ئایینی فەلەکانی دژ بەئینگلیزەکان دەورووژاند، لە هەمان کاتیشدا فەلەکان لە بانگەشە و گەزافی فەرەنسا کەوتنە گومان، چونکە پڕوپاگەندەیەکی تریان کەوتەوە بەرگوێ: گوایا داگیرکردنی ئینگلیز کارێکی کاتییە و زۆر ناخایەنێت و، فەرەنسا ناوچەکە دەگرێتەوە دەست. مرۆڤی کوردیش ئەرمەنی بەمرۆڤی درۆزن و دووڕوو دەزانێت، بەو چاوە ئەرمەنی تەماشا دەکات کە لە فێڵبازیی و دەروون کرمۆڵیی و پاشقولدانا بەشی کەسی نەداوە،[١٢] لە هەمان کاتیشدا ئەرمەنی لە ئازایی و بەهرەی شەڕکردندا بێ بەشتر و هەژارترە، مرۆڤی کورد – تا ڕادەیەکی زۆر – بڕوای وایە کە سیفاتی ئازایی و بەهرەی جەنگاوەریی؛ پلە و پایەی مرۆڤ بەرزتر دەکەنەوە، وا لە دڵیان چەقیبوو؛ کە ئەرمەنییەکان لە دەوڵەتی دوارۆژدا بەشیان زۆرتر دەبێت، ئەو بۆچوونەی کوردیش لە بۆشەوە نەهاتبوو، ئەوە بوو لە هەموو لایەکەوە پڕوپاگەندە گوێی ئاخنیبوون: کە گوایا لە ئەوروپادا نەخشە و پیلانی ئێجگار قووڵ و ترسناک دەکێشن و گوایا پاشایەتی ئەرمەنی زیندوو دەکەنەوە، کورد وا هەستی دەکرد کە لە بواری زیرەکی و ڕۆشنبیریدا و لە چاو ئەرمەنیدا لاواز و بابردەڵەیە، ناتوانێت وەک ئەرمەنی هەست و داخوازییەکانی بخاتە بەرچاو، لە دەلاقەی سۆزی ئایینییەوە کورد بۆ ئایینی ئیسلام ترس و خەم دای گرتبوو، بەچاوی خۆی دەیدیی کە ئایینی عیسا چۆن لە جیهاندا گەشە دەکا و پەرەدەستێنێت، وەلێ ئیسلامیش تا دێت بەرەو

(١٢) نازانین... نووسەری ئەم کتێبە ئەم باوەڕە سەیرەی لە کوێوە هێناوە، چونکە ئەوەی زانراوە و دەیزانین کەوا کورد و ئەرمەنی پێکەوە بوون و لەسەر خاکی کوردستانا ژیاون بۆ ماوەی هەزارەهاساڵ –وەرگێڕان–





پووکانەوە دەڕوات، لاف و گەزافی بۆش و بێ بایەخی ئەرمەنی کوردانی تۆقاندبوو، هەندێک ڕاپۆرتیش دەگەیشتنە کوردان کە گوایا (٥٠) پەنجا هەزار فەلە لە عێراقەوە ئامادەن بیان گێڕنەوە سەر شوێن و ماڵی خۆیان، ئەو فەلانە لەمەوپێش لە کوردستان دوور خرابوونەوە، ئێستایش گوایا بەچەک و تفاقی باش چەکدار کراون و ئامادەن تۆڵەی کوشتاری ئەرمەنییەکان بسێنن؛ کە کوردیش بەشدارییەکی کارای تیا کردووە!

کورد لە پشتیوانی خاوێن و بێ لەکەی ئێمە کەوتبووە گومان و دڵی لێمان کرمێ بوو، وای دەزانی کە ئێمە ناتوانین لووتی ئەرمەنییەکان بشکێنین و سەریان پێ شۆڕ بکەین، فێڵ و ساختەی تورک و بیروباوەڕی (ئیسلامەتی باکوور)یش هانی ئەوەی دەدان کە هەمیشە چەکدار و ئامادەی هێرش و بەرەنگاریی بن (واتا بەرەنگاریی نەخشەکانی ئەرمەنی بۆ داگیرکردنی ناوچەکە).

**شێخ مەحموود و سنووری دەسەڵاتی:** لە سلێمانی و لە کۆتایی دیسەمبەردا خەڵک لەوە کەوتبوونە گومان؛ کە چۆن ڕێگا دراوە بەشێخ سنووری دەسەڵات و هێزەکانی پەرە پێ بدات؟ شێخ لەمەوپێش بەوە ناسرابوو کە بەردەوام دژی دەوڵەتی تورکیا بووە و سەرپێچی لێ کردووە، وێڕای ئەمانەش ستەم و زوڵمی بنەماڵەی شێخیش ئەوەندە زۆر بوو[١٣] سەرڕێژی کردبوو، بگرە لەو بوارەدا مووچەخۆرانی عوسمانییان ڕووسوور کردبوو، بەڵام دەسەڵاتە بەربڵاوەکانی شێخ کەس نەیدەتوانی چاویان لێ بپۆشێ و بەکەم بایەخیان بزانێت، بەڕادەیەک ئەگەر چەردەیەک لە دەسەڵاتەکانی قارس بکرێت و سنووریان بۆ دابنرێت سەرلەنوێ دەست دەکاتەوە

(١٣) نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ خۆیان گێل دەکەن و خەڵکیش چەواشە دەکەن، چما تۆزێک لەمەوپێش خۆیان نەیان وت: (یاسا و دەزگاکەی ئێمە دەرەبەگانە بوو، شێخ و ئاغاکانمان کرد بەنوێنەری خێڵەکانی خۆیان)، دیارە یاسا و دەزگای دەوڵەت دەرەبەگانە بێت هەڵپەی زەوتکردنی زەوی و زوڵم دەگەنە ئەوپەڕی. مامۆستا د. کەمال مەزهەر لە کتێبی (کوردستان لە جەنگی جیهانی یەکەم لاپەڕە ٣٥٦)دا دەڵێ: (نفووز و دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا و لە ژێر حوکمی ئینگلیزدا ئێجگار پەرەی سەند و ڕەگی داکوتا، بەڵام لە پاش جێگیربوونی دەسەڵاتی بۆرجوازی لە ئێران و تورکیادا دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی لاواز بوو، وە لە تورکیادا... لە ئێرانیش لاوازتر بوو)، کەس ناتوانێت چاو لە ستەم و زوڵمی ئاغا و شێخەکانی ئەو سەردەمە بپۆشێت، بەڵام نووسەرانی ئەم کتێبە بۆ چاو لە ستەم و زوڵمی ئەو بەگ و شێخ و ئاغایانە دەپۆشن کە نۆکەر و جاسووسی خۆیان بوون و نەخشەکانی ئینگلیزیان ئەنجام دەدا؟! –وەرگێڕ–

بەشۆڕش و یاخیبوون، شێخ مەحموود بۆ نەگبەتی (دیارە بۆ نەگبەتی کورد – وەرگێڕ) لە بواری زیرەکی و هۆش و (بیرکردنەوە لە ئاسۆی دوارۆژی دوور)دا مناڵ و سادە بوو، بەڵام مناڵێکی کارا و بلیمەتی کەم وێنە بوو، پشکۆی هەوا و کەڵکەڵەی سەرداریی مێشکیان پڕ کردبوو، وێڕای ئەمانەش چینێکی مشەخۆری هەڵمەتەکاس دەوروبەریان لێ گرتبوو، بەبیروباوەڕی سادە و پڕوپووچ مێشکیان ئاخنیبوو، دەیاندا بەگوێیدا کە خۆی بە(حوکمداری هەموو کوردستان) بزانێت و لە سنووری دەسەڵاتی خۆی زێدەڕۆیی بکات.

**لە پاش ئاگربەست**: لە پاش مۆرکردنی ئاگربەست؛ لە کوردستانی باکووریشدا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بەوزە و تەوژمێکی نوێوە تەقییەوە، وا دیارە عەلی ئیحسان پاشای کەڵەپیاوی تورک و ئەندامانی دیکەی ئیتیحاد و تەرەقیش ئەو بزووتنەوەی کوردیان دەبانان (تبنی) و لە ئامێزیان دەگرت و نێڵەیان دەدا، گوایا بەو نیازەی هاوپەیمانەکان چەواشە و سەرقاڵ بکەن، لە کانوونی دووەمی ١٩١٩دا ئەندامی ئیتیحاد و تەرەقی لە خەربووت؛ کوردیان بەتوندی هان دەدا کە لە کۆنگرەی سوڵحدا داوای سەربەخۆیی بکەن، خودی عەلی ئیحسان پاشا بەچەند گەورەی کوردەوە پەیوەندی کرد، چەک و پارەی زۆری بۆ ڕشتن؛ بەو نیازەی کە ئینگلیز هاتە ناوچەکە و داگیری کرد کوردەکان بەڕوویاندا ڕاپەڕن، ئەمەش دەگێڕنەوە کە عەلی ئیحسان[(١٤)] پاشا ناکۆکی و دوژمنایەتی نێوان دوو خێڵی (بەرازیی) و (سەراوی) بەهەل زانیوە، خێڵە کوردی بەرازیی کە لە دەوروبەری (سیروج)دا دەژیان؛ هانی داون کە خێڵی سەراوییەکان بکوژن و قەلاچۆیان بکەن تەنها بەو بیانووەش کە گوایا سەراوییەکان دۆستی ئینگلیزن!

پەیوەندی عەلی ئیحسان پاشا بەکوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگ، بۆ ئەو ڕۆژانەی کە یەکێک بووە لە شۆڕەسوارانی کوشتاری ئەرمەنییەکان، لە دەوروبەری دەریاچەی (وان) و بەتلیسدا خۆی ئەو کوشتارانەی نێڵە دەدا، کاتێک لە ئێراندا بوو، سەربازی دەناردە سەر خەڵک و ماڵ و سامانی بەتاڵان دەبردن و وەک پاداشت بەسەر ئەفسەرانی پایە نزمدا دابەشی دەکردەوە، ئەمەش ڕوویەکی پیس و چەپەڵی تر بوو لە ئاکار و شەخسیەتی عەلی پاشا!!

(١٤) عەلی ئیحسان پاشا هەتا شوباتی ساڵی ١٩١٩یش فەرماندەی سوپای شەشەمینی تورکیا بوو –نووسەران–





بەپشتیوانی کاربەدەستە باڵاکانی تورکیا کەوتە فرتوفێڵ و پیلان نانەوە، بۆیەکا لە کۆتایی هەمان مانگدا (کانوونی دووەمی ١٩١٩ – وەرگێڕ) هەستی ناڕەزایی و نائارامی کەوتە نێو کوردانی دیاربەکر، ئەم پیاوە لەم شوێنە دوورانەدا زۆر چالاکانە کاری دەکرد، یەکێک لە سەرکردەکانی خێڵی (کراکیشلی) گرت و بەگوناهی (نەیار بەتورکان) لە بەندیخانەی توند کرد، عەلی پاشا چما بۆ سەربەخۆیی کوردستان کاری دەکرد و بەسەرزاریی شۆڕەسواری ئەم مەیدانە بوو، بەڵام لە ڕاستیشدا دەرکەوت کە لاف و گەزافەکانی تەنها بۆ چەواشە و سەرقاڵکردنی هاوپەیمانەکان بوون، دەیویست فریویان بدا و کۆسپ بخاتە بەردەمیان و نەتوانن کوردستان داگیر بکەن، لە هەمان کاتیشدا و بەنهێنی هەڵپەی ئەوەی بوو کە کوردستان سەرلەنوێ بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی تورکیا.

**هەنگاوەکانی ئینگلیز لە پاش ئاگربەست**: (سێر مارک سایکس) لە کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا[(١٥)] یەکێکی بۆ هەرێمەکانی (میدیات) و (تەورلعابدین) نارد، بەو نیازەی تێبگات کە ئایا خەڵکی ئەو دوو مەڵبەندە لەگەڵ ئینگلیز هاوکاری دەکەن؟ لە هەمان کاتیشدا نەهێڵێت ئازووقە و تەقەمەنی بگاتە دەست عەلی پاشا، (عەلی باتی) لە (موزیزا)وە؛ ڕەشید بەگ لە میدیات و (تەورلعابدین)ەوە هاوکاری خۆیان بۆ ئینگلیز ڕاگەیاند و پێنج هەزار چەکداریان بۆ کۆڕی جەنگ ئامادە کرد، لە هەمان کاتدا قایمقام دەیویست (داخوازیی سەربەخۆیی بۆ کوردستان) بەخەڵک مۆر بکات، ئەوانیش مۆریان نەکرد و ڕایان گەیاند کە هەتا ئەو کاتەی لە دەوڵەتی بەریتانیاوە ئامۆژگاری تایبەتییان بۆ نەڕوات ئەو بەڵگەنامە مۆر ناکەن، بەم هەڵوێستەیان خۆیان لە خێڵەکانی دەوروبەریان هەڵوێرا ئەو خێڵانەی کە عەلی ئیحسان پاشا سەرکەوتووانە لە خشتەی بردبوون و بەلای خۆیا دای بریبوون. لە ئەنجامدا (سێر مارک سایکس) ئامۆژگاری تایبەتی بۆ ئەوان و عەبدولعەزیز و میلکی ئاغا نارد (ئەمانە تازە وەرگەڕابوون و بەلای ئینگلیزدا دایان ئەشکاند)، داوای لێ کردن کە هیچ جۆرە یارمەتییەکی عەلی ئیحسان پاشا نەدەن و فەلەکانی ناوچەکەیان بپارێزن.

زۆری نەخایاند دڵسۆزیی ئەو خێڵانە کەوتە بەردەم مەحەک و تاقیکردنەوە، عەلی ئیحسان کردییە سەر عەلی باتی بۆ هەزار تفەنگ و ئاژەڵ و ئازووقە، ئەویش بەتوندی داواکەی عەلی پاشای پەرچ دایەوە و نامەی هەڕەشەی نارد بۆ قایمقامی میدیات، پێی

(١٥) لە ساڵانی ١٨٩٥ – ١٩٠٥... هاتۆتە ناوچەکەمان –وەرگێڕان–

ڕاگەیاند کە ئەگەر تورکان هێرش بەرنە سەر فەلەکان و ئازاریان بدەن، ئەمانیش لە تۆڵەی ئەواندا هێرش دەبەنە سەر ئۆردووگاکانی تورک لە میدیات و (ساعوور)دا.

لە جەرگەی ئەو هەموو پیلان و نەخشانەوە؛ کە لە دژی کورد ساز دەکران پارتێکی تر بەناوی (پارتی سەربەخۆیی کورد و تورک) هاتە سەر شانۆی ڕووداوەکان، بەکورتی ئەم حیزبە دەیویست ئەگەر کورد لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی نوێی تورکدا نەژیی نابێت بچێتە ژێر ڕکێفی هیچ هێزێکی بیانییەوە، عەلی بەگ ناوێک لە دیاربەکرەوە لە کۆتایی مانگدا؛ داوای لە دەوڵەتی تورکیا کرد کە ڕۆژنامەیەک بەزمانی ئەو پارتەوە دەربکا و بانگەشە بۆ ئەو بیرۆکەیە بدات.

لە (ماردین)دا ئاژاوەچییان فوویان کرد بەکەڕەنای[١٦] شەڕ و ئاشووبدا، ئەمانیش هاتنە ڕیزی ئاژاوەکانی تر، هەندێکیان لە ساڵی ١٩١٥دا بەشدارییان لە کوشتاری ئەرمەنیدا کردبوو؛ دەترسان ئینگلیزەکان بیان گرن و سزای تاوانیان لێ بسێننەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدرێت، یاخو سەرلەنوێ بخرێتەوە ژێر دەسەڵاتی تورکیا؛ ئەوان لە هەردوو حاڵدا لە سزادان ڕزگار دەبن. زۆری نەخایاند (بەسراوی) سەرۆک خێڵی (کێشکانی) کورد و خێڵی (شێخانی) هاوپەیمانی داوای پارێزگارییان لە ئینگلیز خواست، بەسراوی لە داخوازییەکەیدا سوور بوو لە سەر ئەوە کە تێکڕای خێڵەکانی ئەو ناوچەیە جگە لە (موستەفای شاهێن بەگ) و (بۆرانی کوڕی ناحۆ) و (حاجی ئەحمەد بەگ) و (غالب بەگ) و کوڕەکانی: موستەفا و موسلیم و دیمۆ نەبێت؛ هەمان هەڵوێستیان هەیە، ئەوانەی کە لە سەرەوە ناویان هات؛ بەیارمەتی تورکیا نەخشەیەکی تیرۆر و ترسناکیان ئەنجام دەدا، چەند هەفتەیەکی کەمی خایاند ئاگری بزووتنەوەکە تەشەنەی سەند و کوردەکانی تریش بەسەرۆکایەتی عەلی باتی هەمان بانگەوازی دراوسێکانیان ڕاگەیاند، کوردەکانی (سعیرت)یش[١٧] کە (٧٥) میلێک لە باشووری خۆرئاوای دەریاچەی (وان)دا دەژیان؛ هێرشیان بردە سەر ئۆردووگای تورکان و دوو ڕەشاشیان لێ زەوت کردن. عەلی ئیحسان پاشا کە

(١٦) کەڕەنا: بۆڕی سەماوەر یاخۆ ئەو بۆڕیە دەم گەورەیە کە بۆ بانگەواز و گۆرانی... لەبریی بلەندگۆ بەکار دەهات، لە کوردستانی ئێراندا زۆر بەکاردێت، ئاشووب: فیتنە، ئاژاوە. –وەرگێڕ–

(١٧) سعر یا ئیسعرد: شارێکە لەسەر سنووری ئەرمینیا و کوردستاندا و (٥٠٠٠) کەسێک دەبێت، لەمەوبەر بەپیشەسازیی چەک و قوماش بەناوبانگ بوو، ئەسقە فنشینی کەلدانییەکانیش بوو (فەرهەنگی مونجد) –وەرگێڕان–





تێگەیشت بەزۆر مل نادەن؛ کەوتە پیلان و بەرتیلدان بەسەرۆکانی کورد، چەک و تەقەمەنییەکی زۆری دا بەبەرتیل، ئەو سەرۆکانەش بەسوپاس و سنگی فراوانەوە وەریان دەگرت، بەڵام زۆری نەخایاند لوولەی چەکیان لێ وەرگێڕا و کردیانە سنگی ئەو کەسانەی پێیان بەخشیبوون، بەم جۆرە لەبریی بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی بەهێز و تەوژم بۆ ئازادیی؛ بزووتنەوەیەکی دوژمن بەتورکانی لێ ڕسکا.

**ڕاپەڕینی خێڵەکان تەشەنە دەسێنێت**: سادق ئاغای سەرۆک خێڵی (هازرو) لە (سەلوان)دا دەژیا و تورکان لێی بەگومان بوون، ئەمیش بزووتنەوەیەکی ناوچەیی بەرپا کرد و داوای ڕزگاربوونی کوردستانی دەکرد لە ئاگری دەسەڵاتی عوسمانی، هەروەها ڕاپەڕینی خێڵە کوردەکانی (باشقەڵە)ش ڕاگەیەندرا کە (٧٠) میل لە باکووری خۆرئاوای (ورمێ)وە دوور بوون، ئەم خێڵانە (سەربەخۆیی)یان ڕاگەیاند و وا بڵاویان کردەوە کە بەشێک لە کوردەکانی نێو ئێرانیش چوونەتە پاڵیان، بەنهێنیش لەلایەن بەکرێگیراوانی تەبرێزەوە یارمەتی دەدران، زەقترین بەرنامەی سیاسییان بریتی بوو لە: هەڵگیرسانی بزووتنەوەیەکی (ئیسلامیی گشتی)، بۆیەکا دەیان ویست ڕێگا نەدەن بەگەڕانەوەی ئەو فەلانەی کە لە هاوینی ساڵی ١٩١٨دا لە ناوچەکانی خۆرئاوای (ورمێ) دوور خرابوونەوە، سمایل خانی سمکۆ کە سەرۆکی خێڵەکانی شکاک بوو؛ لە کەڵەپیاوانی ئەو بزووتنەوە بوو، لە مارتی ١٩١٨دا بوو سمایل خان (مار شەمعوون)ی بەنهێنی کوشت،[١٨] کە سەرۆکی کۆمەڵی (قەشەکانی کەلدان) بوو، مووریدەکانی ئەو قەشەیە لە نێوان شارەکانی (سەڵماس) و (کوتور)دا دەژیان و کەوتبوونە سەر سنووری باکووری خۆرئاوای دەریاچەی (ورمێ).

ئاژاوەکان درێژەی کێشا و عەلی ئیحسان پاشا لە گەمە و پیلانی چارەکردندا دۆڕانی

(١٨) مامۆستای مێژوو و کەلەپوور نووسی کورد (عبدالرقیب یوسف) لە کتێبی (بانگەوازێک بۆ ڕووناکبیرانی کورد) لاپەڕە ٤٧دا دەفەرموێ:

(بەهۆی بیرەوەری ئەحمەد ئاغاوە ڕاستی مەسەلەیەکی مێژوویمان بۆ یەکالا دەبێتەوە کە ئەویش کوژرانی (مار شەمعوون)ە، ئەحمەد ئاغا باسی ئەوەی بۆ کردین چۆن سمکۆ هاتۆتە کن خوالێخۆشبوو عەباسی مەحموود ئاغا... پێمان گوت سمکۆ بەهەڵەدا چوو کە مارشەمعوونی کوشت، ئەویش گوتی: من خۆم چەند جارێک لە سمکۆم بیستووە دەیگوت خۆزگە مار شەمعوونم نەکوشتایە زۆر پەشیمانم، ئەوە (جەواد پاشا)ی تورک بەمنی کرد گوتی ئەگەر بیکوژی هەم کوڕەکەت بۆ بەرەڵا دەکەین و هەرچی تالانێکی تۆیشمان بردبێ پێتی دەدەینەوە و پشتیوانی بزووتنەوەکەشت دەکەین). –وەرگێڕ–

و بگرە وای لێ هات حەزی بەکپکردنەوەی ئەو ئاژاوانە نەدەکرد و لە هەندێک شوێندا نێلەشی دەدان، بۆیەکا دەوڵەتی عوسمانی لە ۲۱/ی شوباتدا خانەنشینی کرد، بەڵام ئەوانەی بوونە جێگری ئەو؛ تێکڕا دۆستی ئەو بوون و کار و نەخشەکانی ئەویان ئەنجام دەدا، دۆستەکانی عەلی پاشا ئەمانە بوون: (شەوقی بەگ، سیدقی بەگ، حاجی بەگ، مەمدووح بەگ، بولبل بەگ) و هەندێکی تر.

لە (ماردین)ەوە پێمان ڕاگەیەندرا کە نەجیب ئەفەندی کارگێڕی بانقی کشتوکاڵ؛ خێڵەکانی هان داوە بۆ شۆڕش، لەم کاتەدا هەندێک دوژمنایەتی خێڵەکایەتی لە ناوخۆدا سەریان هەڵدا، ئا لێرەدا بەڕوونی ئاشکرا دەبێت کە هەرچەند تێکڕای گەلی کورد کەوتۆتە گێژاوی سیاسەت؛ بەڵام ناتوانێت لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەیدا چاو لە ناکۆکییە خۆماڵییەکان بپۆشێت، ئەوەتە کوردەکانی (رامان) کە لە نزیک (میدیات)دا دەژین؛ بەربوونەتە خێڵەکانی (ڕاشکوتا) و (بەشیری) و لە یەکدی دەکوژن، ئەم دوو خێڵەی دواییان مەڵبەندی نزیک (سینات)یان داگیر کرد، کە نزیکە لە خۆرهەڵاتی دیاربەکرەوە.

لە سەرەتای ئازاردا کەڵەپیاوانی (سیڤریک) سەریان لە کاربەدەستانی تورک و سەرکردە ناوچەییەکانی (ئیتیحاد و تەرەقی) دیاربەکر دا؛ ئەو کەڵەپیاوانە بڕیاریان لەسەر ئەوە دا کە هێزەکانی تورک و خێڵەکانی دەوروبەری دیاربەکر و ئورفا سزا بدەن و ئامادەیان بکەن کە گوایا دژی بێیانە بوەستن و مەحموود ئاغای سەرۆکی خێڵی (میللی) و (عبدالقادر دیرا)ی سەرۆک خێڵی (کراگیچلی) لە بەندیخانە ڕزگار بکەن، ئەو دووانە بەگوناهی دوژمنایەتی دەوڵەتی عوسمانی خرابوونە بەندیخانە، وێڕای ئەمانەش کاربەدەستانی تورکیا گفتی ئەوەیان دا کە مەحموود وەک سەرۆکی باڵای خێڵی میللی ئاغایەکی بەدەسەڵاتی ناوچەی خۆرهەڵاتی فوراتی بناسن، فەرمانیان پێ دا کە خێرا سوارەکانی کۆ بکاتەوە و لەگەڵ خێڵەکانی تردا یەک بگرن و تێکڕا هێرش بەرنە سەر هێزەکانی ئینگلیز لە ئورفا[۱۹] و لە ڕووبارەکە وەدەریان بنێن، مەحموود

(۱۹) لە کۆتایی تەمووزدا پێمان ڕاگەیەندرا کە بۆ کردنەوەی لقێکی (جڤادی کوردی) (جمعیە، نادی – وەرگێڕ) لە ئورفادا هەوڵێکی زۆر درا، بەڵام تێکڕای ئەو هەوڵانە هەرەسی هێنا و سەری نەگرت، هۆی ئەو هەرەس هێنانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەڵەپیاوانی کورد لە کاتی خۆیدا نەیان توانیوە هەل بقۆزنەوە، لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی خێڵە کوردەکانی دەوروبەری ئۆرفا زۆر جار دەهاتنە شار و فەرمانداەی ناوچەیان بەوە گوناهبار دەکرد کە بەرامبەر هێزی داگیرکەری هاوپەیمانەکان هەڵوێستی شلک و =





ئاغا بەهەموو ئەو کارانە هەڵسا و نامەی بۆ سەرۆک خێڵەکانی (بدیلی) و (دوکرلۆ) و خێڵی (جەیش العارَب) نارد و داوای لێ کردن کە بۆ هێرش و شاڵاو ئامادە بن، لە سەرەتاوە لە ترسی ئینگلیز دوودڵ بوون، لە دواییدا هاتنە کۆڕی ئەنجامدانی نەخشەکە. لە دوازدەی ئەو مانگەدا (بەسراوی) و چەند سەرۆک خێڵی دیکەی هاوپەیمانی بەسراوی؛ پەیوەندییان بەکاربەدەستانی ئینگلیزەوە کرد، لە (عارەب پونار)دا لە بارودۆخی ئەو کاتە دوان، لە هەمان کاتیشدا شەفیق بەگی ئەندامی (ئەنجومەنی ئیداریی) لە ماردیندا و عبدالقادر پاشای سەرۆکی لیژنەی سەربەخۆیی کوردستان و چەند کەسێکی سیاسییان ناردە ناو خێڵە کوردەکان و، داوایان لێ کردن کە بەرەنگاریی دەست تێوەردانی بێیانان بکەن، بەڵام ژمارەیەکی کەمی سەرۆک خێڵەکان بەدەنگیانەوە هاتن و دژی خۆتێهەڵقورتان وەستان، ئەمەش ناوی ئەو سەرۆکانەیە:

۱- خەلیل چازال لە (عەمباری داخ) دەژیا؛ کە کەوتۆتە باشووری خۆرهەڵاتی ماردینەوە.

۲- سەرۆکانی (غورز) کە لە نێوان ماردین و (دیریک)دا دەژیان.

۳- حسین باکیرو کە لە (ماسیرت)دا دەژیا.

حسین چازال لە هەموو ئەو سەرۆکانە گرنگ و ئازاتر بوو، پێنج هەزار چەکداری هەبوو، لە کاتێکدا دوو خێڵی (غورز) و (حسین باکیرو) یەکی دووسەد چەکداریان بوو، چەردەیەک ڕاپۆرتی نوێ دووپاتی دەکەنەوە کە (کەنعان بەگ)ی فەرماندەی تیپی پێنجەمی تورکیا لە ماردیندا پشتگیریی لەو سیاسییانە دەکرد، (لۆیۆد بەگ) کە بەمەحموود بەگ بەناوبانگ بوو؛ کەڵەپیاوێکی هەڵکەوتووی کورد بوو لە ئۆرفە، ئەمیش لە ۳/۱۲ی هەمان ساڵدا هێرشی بردە سەر دەستێوەردانی ئینگلیزی فەلە لە ئیشوکاری وڵاتی ئیسلامەکاندا.

(سیڤریکلی عەلی ئەفەندی) و (باغندنیلی سەعید بەگ) دوو سەرۆکی بەدناو و جاڕپیسی ئیتیحاد و تەرەقی بوون لە ناوچەکەدا، ئەمانە گیانی سەرپێچی و ڕاپەڕینیان لە ناو خێلەکانی دەوروبەری شاردا بڵاو دەکردەوە و هێزیان دژی ئینگلیز ساز دەکرد، بۆ هەمان مەبەست چەند هێزێکی گەورەی تورکیا چوونە نێو خێڵی (میللی) و

= ترسنۆکانە بوو، ئەو سەرۆک خێڵانە ئەمانە بوون:
سەعید بەگ و بەکر بەگی خێڵەکانی (بدیلی) و دوکرلۆ، سنان ئاغای خێڵە کوردی شێخان، موستەفا بەگ و فەیزی بەگی (کراگیچلی) -نووسەران-

کاربەدەستانی تورکیاش دوو تۆپی مەیدانییان بەدیاریی نارد بۆ مەحموود بەگ، لە هەمان کاتدا ناکۆکی نێوان مستەفا بەگی سەرۆک خێڵی (کراگیچلی) و عبدالقادری ئامۆزای کە ئەمیش یەکێک بوو لە سەرۆکانی (کراگیچلی)، هۆی ناکۆکیشیان سەبارەت بەوە بوو کە ئایا بچنە پاڵ میللی یا نەچن؟ حکومەتی ناوچەیی سیڤریک بۆ ناوبژیی کەوتە بەینەوە، بەو نیازەی بۆ لای خێڵی (میللی) بڕیان بدات، بەڵام دەوڵەت لەو کارەیدا سەرکەوتنی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا.

لە دیاربەکریشدا جڤادی کورد ماوەیەک بوو کەوتبووە کار و چالاکانە هەڵدەسووڕا، وا دیار بوو چالاکییەکانی جڤادی کورد دوو ڕووی جیاوازیان بوون، لە لایەک ئەندامانی جڤاد دەیانویست هاتن و دەستتێوەردانی ئینگلیز تاقی بکەنەوە؛ بۆ ئەو مەبەستەش هێزێکیان لە جەنگاوەرانی کورد و تورک ساز کرد، لە لایەکی تریش دژی ئەرمەنییەکان کاریان دەکرد و جموجوڵیان دەنواند هەر بۆ ئەو مەبەستەش بوو موفتی (سیڤریک)[(٢٠)] یان لە خشتە برد و (فتوا)یان پێ دەرکرد کە گوایا: ئەو ئەرمەنییانەی دەچن بۆ حەلەب نیازیان خراپە و دەیانەوێت ئیسلامەکان لە لای فەلەکانی هاودینیان ترۆ بکەن و ئابڕوویان بەرن؛ ئەرمەنیش کە ئەوەندە حەز بەسووکی و ئابڕووچوونی ئیسلام بکەن؛ ئیدی ئیسلامەکانیش کوشتنی ئەرمەنییان بەلاوە تاوان نییە، وا دیسان ئەرمەنییەکان بەم (فتوا) و بانگەوازە کەوتنەوە بەردەم هەڕەشە و زەبری تورک و کورد، (شێربچی شامەتدنی ئوغلو عەبدولرەحمان) و ساڵحی سەعید بەگ ئەو ئاژاوە و ئاشووبەیان هەڵگیرساند.

دەوڵەتی تورکیاش بەسەرزارەکی دژی ئەو پێشێلکردنانە بوو، بۆیەکا فەرمانی گرتنی ئەندامە گەورەکانی ئیتیحاد و تەرەقی دەرکرد، ئەوانیش خێرا پەنایان بردە بەر خێڵە کوردەکان و لە بارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە دوان و ئامۆژگاری خەڵک و خۆیان سەرقاڵ کرد، لە پشت گەورەکانی ئیتیحاد و تەرەقییەوە هێرشێکی توند و تیژی دیکە دژی ئەرمەنی و ئینگلیزەکان سەری هەڵدا، گوایا بەو بیانووە کە هەردووکیان فەلە و هاودینن، هەندێک لە ئەندامانی (جڤادی کورد) سەرپەرشتی ئەو هێرشەیان دەکرد و گەیشتنە ڕادەیەک بانگەوازیان چاپ کرد و بەهەموو کووچە و شەقامەکاندا بڵاویان

(٢٠) ئەحمەدی حیلمی ئەفەندی کوڕی حاجی محەمەدی خێڵوازیی و موفتی لە جەزیرەی ئیبنوعومەردا؛ ناوبانگی بەخراپ دەرچووبوو، دەوڵەتی تورکیاش بەپەرۆشەوە دەگەڕا بۆی، چونکا هەندێک تۆمەتی کوشتنی درابووە پاڵ، خێڵی (گۆیان)یش کەوتبوونە شوێن قسەی (شەرناخلی) و (عەبدولرەحمان)یش دەسکەلای موفتی ناوبراو بوو -نووسەران-





کردەوە، داوایان لە هەموو نەتەوەپەرستانی کورد دەکرد کە بچنە ژێر باڵی (جڤادی کورد).

لە ٢١/ی مارتا کۆڕێکیان لەگەڵ سەرۆکانی کورد و چەند کەسێکی دیکە ساز کرد، حاجی ئەحمەدی سەرۆکی خێڵی (سیرکوجی)، (سیردیم پاشا)ی سەرۆکی (هازو)، موفتی سیڤریک و دوو کەسی بەناوبانگی ناوچەی (دیریک) ئامادەی ئەو کۆڕە بوون، ئەوانەی لەو کۆڕەدا ئامادە بوون تێکڕا بڕیاریان لەسەر ئەوە دا کە بەهەر نرخێک بووە ماردین و دیاربەکر بپارێزن و بەرگریی لێ بکەن، لە هەمان کاتیشدا نەجیبی ئەمین ئەفەندی و شەوکەت بەگ بنێرن بۆ ناوچەی (میدیات) بەو نیازەی کە خەڵکی ئەو ناوچەیەش بۆ هەمان مەبەست هان بدەن. کارگێڕانی جڤادی کوردی لە ماردیندا ئەم حەوت کەڵەپیاوە بوون: عەبدولرەزاق شاهتانە، عەبدولقادر پاشا و شاکر بەگی کوڕی، نەجیب ئەفەندی، شەوکەت بەگ، شیخلی شاهتانە و خدر چەلەبی شاهتانە، ئەم کەڵەپیاوانە بەنەرمی و هێمنانە کاریان دەکرد، بەرنامە و پیلانەکانیان لە فەلەکان دەشاردەوە و تەرێزیان لێ دەکردن، وایان دەخستە ڕوو کە تەنها مەبەستیان لەوەیە نەهێڵن ئینگلیز ماردین داگیر بکات، جگە لەمەیش لە خەڵکیان داوا دەکرد ئەو داخوازی و مەزبەتانە مۆر بکەن کە گوایا تێکڕای کورد و تورک و فەلەی شار ڕایان لەسەر (خود مختاری) کوردستانە، بەڵام چەند کەسێکی وەک (مار ئەلیاس)ی بەتریارکی کەنیسەی سورەیانی کۆن ئەو داخوازی و مەزبەتانەیان مۆر نەکرد، مار ئەلیاس بەو بیانووە مۆری نەکرد کە هاونیشتمانییەکی عوسمانییە نەک کورد، لە ئەنجامدا ئەو کەڵەپیاوانە ڕایان گەیاند کە ئەوانیش هاونیشتمانییەکی دەوڵەتی عوسمانین، بەڵام قایەڵ نین ئینگلیز دەست وەرداتە ئیشوکاریان، مار ئەلیاس کە ڕای خۆی بڵاو کردەوە؛ لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی ئایینی دیکەدا ماردینیان جێ هێڵا و چوون بۆ ئەستەمووڵ.

لەو کاتەدا ئەم دەنگوباسە گەرم بوو کە گوایا لە کۆنگرەی سوڵحدا بڕیار دراوە قەوارەیەکی سەربەخۆ لە ژێر ڕکێفی ئەمریکادا بۆ ئەرمەنی ڕۆنرێت، لەوانەیە ئەم دەنگوباسە فریوی مار ئەلیاسیان دابێ و ڕای پێشوویان پێ درکاندبێت، ئەمەش دەڵێن کە گوایا مار ئەلیاس ڕای گەیاندووە: لە کاتێکدا ئەو قەوارەیە ڕۆنرێت؛ خۆی و خەڵکانی دەستوپێوەندی دەچنە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی تورکیاوە؛ یاخۆ لەگەڵ کوردەکاندا یەک دەگرن، سەرۆکی قەشەکانی (سورەیانی کاسۆلیک)یش دوژمنێکی تری ئینگلیز بوو، ئەندامانی (جڤادی کورد) لە ماڵی ئەو دوو قەشەیە (بەتریارکی سورەیانی و

سەرۆکی قەشەکانی کاسۆلیک - وەرگێڕان) کۆبوونەوەیان دەکرد.

## ڕۆژنامەی (المفید) و بانگەواز بۆ کوردان:

یوسف حەیدەر و خەیرەدین زەرگەلی دوو سەرنووسەری ڕۆژنامەی -المفید- بوون، ئەم ڕۆژنامەیە لە دیمەشق دەردەچوو، لە ١٩ی مارتدا (ساڵی ١٩١٨ - وەرگێڕان) وتارێکی درێژیان سەبارەت بەسەربەخۆیی کوردستان بڵاو کردەوە، ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان لێ چاپ کرد و بەخۆڕایی بازاڕ و کۆڵانی لێ پڕکرا، بۆیەکا ئەو وتارە بۆ مەسەلەی کورد شۆرەت و بانگەوازێکی ئێجگار کارا و بەربڵاوی لێ ڕسکا، ناونیشانی وتارەکە ئەم مانشێتە بوو: (نامەیەکی والا بۆ کوردانی باکوور و باشووری کوردستان)؛ سەرەتای وتارەکە (بەڵگەنامە) وا دەست پێ دەکات: دووبەرەکایەتی سیاسی نێو کوردان بۆتە مایەی خەفەت و ئازار، سەرلەنوێ وتەکانی (وێڵسن)ی سەرۆکی ئەمەریکای بیر خستنەوە کە دەڵێ: (دەبێ گەلانی جیهان ئازاد بژین و کۆت و ئاگری ڕۆژانی دێرینیان لە گەردن هەڵگیرێت؛ ئەو ئاگرەی کە بۆتە کۆسپێکی سەخت لە ڕێگای پێشکەوتنی ئەو گەلانەدا).

وتارەکەی ڕۆژنامەی (المفید) سەرنجی کوردانی بۆ شۆڕشی پیرۆز و ڕەوای گەلی عەرەبی برای ڕادەکێشا کە لە پێناوی سەربەخۆیی زاتی تەواودا دەکرا، لە کوردانیش دەپاڕێتەوە و دنەیان دەدا کە داوای کوردستانێکی ئازادی سەربەخۆ بکەن، دەبێ ئەو کوردستانەش لەم شوێنانە ڕۆنرێت: ئەرزەڕووم، ڤان، بەتلیس، خەربووت، دیاربەکر، مووسڵ و ئەو شوێنانەی تر کە کوردیان تیا دەژین و تێکڕا ژمارەیان دەگاتە (٣٫٥) میلیۆن (لەو کاتەدا - وەرگێڕان).

هاندەرانی نهێنی و نەناسراویش چالاکانە کاریان دەکرد و نامیلکەیان بەشار و گوندەکاندا بڵاو دەکردەوە، نوێنەرانی کورد لەم شوێنانەدا ئێجگار کارا و چالاک بوون:

حەلەب، میدیات، ئازیخ، گۆیان، گوندەکانی باشووری زاخۆ، نوسەیبین، جەزیرەی ئیبنوعومەر، شیرناخ، مووسڵ و گوندەکانی زاب و ناوچەکانی دیکە، بگرە عەلی باتی سەرۆک خێڵی (هویرکی) کە جاران لەم ئاقارەدا متەقی لێ نەدەهات و خەسا بوو؛ لەم کاتەدا تەزووی وەبەردا هاتووە، لەگەڵ (عەبدولرەحمان)ی سەرۆک خێڵی (شەرناخلی) و (ڕەمەزانی) سەرۆک خێڵی (ساڵحان)دا کەوتۆتە کۆبوونەوە، لە کۆڕێکدا بڕیاریان دا کە ئینگلیز هەر هەنگاوێکی نوێ بەرەو ناوچەکەیان بنێت؛ پەرچی دەدەنەوە و بەرەنگاری دەوەستن.





(عەلی باتی) لە پاش ئەو بزووتنەوەیە ئاغای خێڵە کوردەکانی لە خۆی کۆکردەوە، بەڵام عیزەدینی سەرۆک خێڵی (هەباسبانی)؛ پشتی (عەلی باتی) نەگرت و ناکۆکی کەوتە بەینیان، سەرەتای شۆڕشی ڕاپەڕینی کوردەکان بۆ سەرەتای شوبات دەگەڕێتەوە؛ کە لە لایەن عەلی ئیحسان پاشاوە هان دەدران بەو نیازەی ڕاستەوخۆ دژی داگیرکردنی ناوچەکە بن لە لایەن ئینگلیزەوە، ئەم فەرماندەی سوپایە چەند کەڵەپیاوێکی عارەب و ئەرمەنی بەبێ گوناه لە بەندیخانە توند کرد و لە دیجلە و لە نزیک مووسڵەوە ڕێگای هاتوچۆی بڕیی، لەخشتەبردن و چەکدارکردنی کوردان بەبێ کۆسپ ئەنجام دەدرا، لە هەمان کاتیشدا ئامۆژگارییەکانی ئەستەموولیان بۆ وەکارخستنی (ئاگر بەس) دەخستە پشت گوێ ، کاربەدەستانی تورکیاش دەیان پۆشی و لێفەیان پیادەدا.

لە ٢٥ی مارتدا لیژنەی نەتەوەیی کورد لە ئەستەموول چەند نوێنەرێکی خۆی بەمووسڵدا بەرەو ناوچەی سلێمانی بەڕێ کرد، نوێنەرانی لیژنەکە بۆ خێڵە کوردەکان نامەیان دەبرد، بەگەرمیی داوایان لێ دەکردن کە شۆڕش بکەن و لە کۆتی دیلیی ئینگلیزەکان خۆیان ڕزگار بکەن و لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیەنن، سەرۆکی ئەو نوێنەرانە (خلووسی بەگ)ی خەڵکی ڕواندز بوو، ئەم پیاوە ساماندارە تەمەنی نزیکەی (٤٥) ساڵێک دەبوو، لە ژنەوە (هەندێک ناوچە دەڵێن لە سکەوە) خزمی بەدرخانییەکان بوو، خلووسی بەگ لەگەڵ سەعید بەگی سەرۆک لیژنەی ئیتیحاد و تەرەقیدا ناکۆک و نەیار بوو، بۆیەکا بۆ چەند ساڵێک ئاوارە کرابوو بۆ ئەستەموول، لەم کاتەشدا دەشێ لە ڕووخانی ئیتیحاد و تەرەقی سوود وەربگرێ و دەسەڵاتی جارانی بۆ بگەڕێتەوە، هەر بەم نیازەشە[21] خۆی کردووە بەسەرۆکی حیزبێکی سیاسی کورد.

لە کۆتایی مارتدا ڕاپۆرتێکمان بۆ هات و وا دەگەیەنێت کە کوردان - بەهاندانی تورکان - لە ناوچەی (گۆیان)ی نزیک زاخۆدا قەسابخانەیان بۆ فەلەکان داناوە، بەکوشتنی کاپیتان (پیرسون)ی ئەفسەری سیاسی ئینگلیز لە ٤ی نیساندا ئاژاوەکان گەیشتنە لووتکە، (پیرسۆن) بەنیازی لێکۆڵینەوە لە کوشتار و سازکردنی هێزێکی جەندرمە چووبووە ئەو ناوچەیە، بەڵام لە ڕێگای نێوان (بیلو) و (میرخی)دا کە (٣٠) میل لە باکووری خۆرهەڵاتی زاخۆوە دوورە کوردەکانی (گۆیان) کوشتیان و تاوانباران

(٢١) دیارە ئەوەی زاخێکی تیا بێت بۆ کورد و هەوڵێکی دابێت؛ ئینگلیز و پیاوەکانی ناو و ناتۆرەی خراپیان لێ دەنێن و لەکەداریان دەکەن -وەرگێڕ-

گوێچکەی (پیرسون)یان بەدیاریی نارد بۆ عەبدولرەحمان ئاغای سەرۆکی خێڵی شیرناخلی، ئەویش لە پاداشتی ئەو تاوانەدا سەوقاتییەکی (دیاریی) زۆر بەنرخی بۆ ناردن، کە دەنگوباسی کوشتنی (پیرسون) بڵاو کرایەوە؛ بارودۆخێکی ئێجگار ئاڵۆز و پڕ ئاژاوە کەوتە نێو تێکڕای خێڵە کوردەکان.

لە (مارسیس)دا کە یازدە میل لە (زاخۆ)وە دوورە؛ جەندرمە یەکێک لە تاوانبارانی گرت، بەڵام (٢٥٠) چەکداری خێڵەکانی ئەو ناوچەیە گەیشتنە فریای ئەو تاوانبارە و ڕزگاریان کرد، جەزیرەی ئیبنوعومەر هەرێمی بوغزاندنی ئینگلیز بوو، عەبدولرەحمان ناوێک لێپرسراوی یەکەمی ئاژاوەکان بوو، ئۆینی تێکڕای کووکە و فیتنەکان لە ژێر سەریا بوو، ئەم پیاوەش لەوێدا دەژیا، چەند ڕاپۆرتێکی دێرگەیشتوو وا دەگەیەنن کە هەندێک سەر خێڵی کوردی تر؛ پڕوپاگەندەی دژ بەئینگلیزەکان لە ناو خێڵە تورکەکاندا بڵاو دەکەنەوە، لەگەڵ ڕەمەزانی سەرۆکی (ساڵحان)دا دژی ئینگلیز پەیمانیان مۆر کردووە، زۆر نزیکە کوردانی (میدیات)یش بچنە ئەو پەیمانە دوو قۆڵییە، ئەوەش دەڵێن کە گوایا هەمان پەیمان دەیەوێت زاخۆ و جەزیرەی ئیبنوعومەر داگیر بکەن، خێڵەکانی (میران) لەم پیلانەدا تێوەگلان؛ چەک و تەقەمەنییەکی زۆر گەیشتن و ڕژانە شوێنێکی نزیک (ئازخ)، مەحموودی سەرۆک خێڵی (میللی)یش بۆ هەمان مەبەست کەوتە خۆ ئامادەکردن، هەندێک ڕاپۆرت وا دەگەیەنن کە لە هەفتەی یەکەمی نیساندا بەکاربەدەستانی تورکیای ڕاگەیاند؛ کە ئەگەر تەقەمەنی و چەکی بدەنێ؛ ئامادەیە هێرش بباتە سەر ئینگلیزەکان، بەڵام تورکان ئەوەندە ئازا و لێهاتوو نەبوون بتوانن (ئاگر بەس) بەو زەقی و ئاشکراییە بشکێنن، خێڵی میللی تەنها یەک ڕەشاشیان هەبوو، ئەویش لە کاتی کشانەوەی تورکدا بەتاڵان هێنابوویان، مەحموودی سەرۆک خێڵی نەیدەتوانی خێڵە کوردەکانی دراوسێی بۆ ئەو مەبەستە ڕابکێشێت، بگرە نەشی دەتوانی پشتگیریی (سوپای عەرەب)یش بۆ ئەو مەبەستە مسۆگەر بکات، هیوا و ئاواتی گەورەترین خێڵی کورد نەهاتە دیی و کەوتە نوشوستی و پووکانەوە، ئەنجامی ئەو سەرەڕۆیی و نەگریسییە سەری نەگرت، سەرۆک خێڵ و کەڵەپیاوان بەوردیی لەو کێشە گرنگە بیریان کردەوە، لەو باوەڕەدا بوون کە نوشوستی و نووچدان دەبێتە کارەساتێکی ئێجگار دڵتەزێن، هەرچەند سەرۆکانی (ئادیمان) و (سام سات) دەسەڵاتی ئینگلیزیان پێ باش نەبوو، لەوە دەترسان بەبەشدار و بەرپرسیاری کوشتاری ئەرمەنییان بدەنە قەڵەم و بگرە لەوانەشە بەهۆی تێوەگلانیان بدرێن بەدادگا، بەڵام چینە ئێجگار هەژار و زەحمەتکێشەکان ئەوەندە ستەم و سزای دەوڵەتیان چەشتبوو؛ بەهاتنی





ئینگلیز دەگەشانەوە، بازاڕ و بازرگانی وەستابوون، بێکاریی باڵی ڕەشی بەسەر کۆمەڵدا کێشا بوو، دابەزینی نرخی پارە و دراو - چ کاغەز و چ مەعدەنی - ڕق و تووڕەیی خەڵکی هاژاندبوو، بگرە کەسابەتی وردە بازرگانەکانیش بەر لە ئێستایش وشکایی داهاتبوو، هەندێک بازرگانی دیکەش لە دوارۆژێکی نزیکدا نابووتی خۆیان ڕادەگەیەنن، بەچینە هەژارەکانی وا ڕاگەیاندبوو کە سنوورێک بۆ دزی و جەردەیی دادەنێ و ڕێگران چەک دەکات، بۆیەکا ئەو چینانە زەمینەیەکی خۆش بوون بۆ شۆڕش و ڕشتنی ڕق و تووڕەیی، پیاوانی ڕەمەکی خێڵەکانیش پیشە و کەسابەتیان ئاژەڵداریی کشتوکاڵ بوو، وردە جووتیارەکانیش ژیانی هێمن و مەنگی خۆیان؛ بەدزی و جەردەیی دراوسێ کۆچەرەکانیان دەشڵەقاند، ئەو جۆرە کەسانەی کە ئێستا باسمان کردن؛ وەدەستهێنانی سەربەخۆییان لە لا گرنگ نییە، ئاسۆی بیرکردنەوەیان تا سنووری خەلە و مەزراکانیان بڕ ناکات، لێکدانەوەی سیاسییان لە خێڵەکانی دراوسێیان تێناپەڕێت.

لە سەرەتای مایسدا چەند هەواڵێکمان پێ گەیشت کە مەحموود فەرمانی ئارامبوونی بەهێزەکانی خۆی داوە، بگرە ئەگەر شەڕیشیان پێ بفرۆشن، پەیمانیشی بەو هێزانە داوە کە بەبێ پرسی ئەوان پەنجە نەکات بەئاودا و لە هەموو دۆخێکی نوێ و هەواڵێکی خۆش ئاگاداریان بکات و زوو مژدەیان پێ بدات.

بەو شێوەیە یەکیەتی پووچەڵ و لاوازی کورد هەرەسی هێنا و شەڕی لابەلایی و خێڵایەتی سەرلەنوێ لە ناو کورددا کڵپەی سەندەوە، کوردانی (میران) - وەک ڕاپۆرتە جۆربەجۆرەکان ڕای دەگەیەنن لەگەڵ (عارەب ئازاخ)دا یەکیان گرت دژی ئەم خێڵە کوردانە: شیمبی، میللی، دوکرلوو، کیکی و، بدیلی... دوو هەفتەی نەخایاند ئەمانیش لە ناوخۆیاندا تێکچوون و بەشەڕ هاتن، خێڵەکانی دەوروبەری (دیریک) سەرلەنوێ لە خشتە بران و کەوتنەوە گێژاوی حزب حزبێنە و خێڵایەتی. لە کۆتایی مایسدا هەواڵ گەیشت کە یۆنان (سمیرنا)ی داگیر کردووە و ئیدی ڕۆنانی دەوڵەتی ئەرمەنی زۆر نزیکە، ئەو هەواڵانە تێکڕا خزمەتی سەرۆکە ناوچەییەکانی ئیتیحاد و تەرەقییان کرد؛ بۆیەکا لەگەڵ کەڵە پیاوانی (مەلاتیا)دا یەکیان گرت، مەلاتیا یەکێک بوو لەو قەڵایانەی کە بزووتنەوەی کورد تیا گەشەی کرد بوو، سەربەخۆیی کورد ئامانجی ئەو بزووتنەوەیە بوو، یەکێک لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان پارێزگاری[٢٢] مالاتیا بوو، ئەم

(٢٢) پارێزگاری مەلاتیا لەو کاتەدا (خەلیل بەگ) بوو، ئەمەش بەدرێژیی لە کتێبی (یاداشتەکانی مێجەر نۆیل لاپەڕە ٧١)دا باس کراوە -وەرگێڕ-

پیاوە یارمەتی ئەو بزووتنەوەی دەدا.

**حوکمەتی شێخ مەحموود و کوردستان**: لەم کاتەدا باری کوردستان ئاڵۆزایەوە، هۆی سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەشەیی شێخ مەحموود، لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨دا مێجەر نۆیل سلێمانی جێ هێشت و ڕووی کردە خۆرهەڵات و باکوور و ناوچە دوورەکانی وەک (ڕواندز)، دەچووە هەر شوێنێک هەمان قەوارە و (دەسەڵاتی ناوچەیی) ئەنجام دەدا، ئەفسەرانی سیاسی لە کۆیە و ڕواندز و ڕانیەدا دیاریی کرد، یاسای بەخێرایی خستەوە کار و تێکڕای خێڵەکان هاتنە ژێر ڕکێفی ئێمە و ڕایان گەیاند کە ئامادەن حوکمەتی شێخ مەحموود لە کوردستانی باشووردا بەنوێنەری دەسەڵاتی ئینگلیز بناسن و ئێجگار تامەزرۆ بوون کە بچنە کۆڕی یەکیەتی گەلی کورد.

ناوچەی کوردستان لە بارودۆخێکی نالەبار و نەگریسدا دەژیا، وڵاتێکی وێرانکراو؛ گرانیی و هەژاریش دەمی تێ ژەندبوو، لێشاوی بەردەوامی سوپای تورک و ڕووسی ڕەفتار پیس؛ کوردستانیان وێران کردبوو، بۆ نموونە: لە دوو هەزار خانووی ڕواندز لە پێش جەنگدا تەنها شەست خانووی لە پاش جەنگ بەپێوە مابوو، کشتوکاڵ بەتەواویی وەستابوو، ژمارەی دانیشتوان بەڕێژەی لە ٧٥٪ هاتبوونە کزیی، خەڵک لە هەندێک ناوچەدا بەناچاریی بەگیا و بەری دار و میوە و قەوزە و قارچک دەژیان، گۆشتی پشیلە و سەگ و بگرە مرۆڤیش دەخورا، خێرا و بۆ چارەکردنی ئەو بارە نالەبارە هەندێک هەنگاو نرا؛ وەک هێنانی گەنم لە هەولێر، هاندانی کشتوکاڵ، بەڵام جێگیرکردنی ئاسایش و یاسا لە شوێنە چەپەک و سەختەکاندا بەستەم ئەنجام دەدرا، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ نەبوونی هێزێکی جەربەزەی پۆلیس لەو مەڵبەندانەدا، وەلێ هەندێک خێڵ تەنها لە ترسی سزای دواڕۆژ هاتنە ژێر ڕکێفی سوپای ئینگلیز.

لەبەر ئەوەی ناوچەکە تورکیا داگیری کردبوو؛ ئێستا گەلێک کۆسپ و کێشە لێی ورووژاون، لە لایەکی دیکەشەوە دراوسێ و هاوسنووری هەرێمی ئازەربەیجانی ئێران بوو؛ ئەویش ئاژاوە و بەرەڵایی دایان بێژابوو، هۆی ئاژاوەکانی ئازەربەیجانیش – وا دیارە – دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی و بوودەڵەیی دەسەڵاتی فارس؛ بەڕادەیەک لە شوباتی ساڵی ١٩١٩دا کەڵەپیاوانی کوردی ناوچەکە کۆڕێکیان گرت و باسی ئەوە کرا کە ئایا لە وزەدا هەیە دژی دەوڵەتی ئێران شۆڕش بکەن؟

لەو باوەڕەداین کە زۆربەی ئەو کەڵە پیاوانە دەنگیان بۆ ئەوە دا کە شۆڕش بکەن، بەڵام ئەمەیان پێ باش بوو کە وریا بن و خۆیان مەڵاس بدەن؛ تا بزانن هەگبەی دەوڵەتە





گەورەکان بۆ کوردانی نێو ئێران چیی تێدایە و، ئایا ئەرمەنییەکان لە ناو ئەواندا سەرلەنوێ نیشتەجێ دەکرێنەوە؟ هەر لەو کاتەدا و لە گۆشەی باکووری خۆرئاوا بانگەشەی سەر بەتورک و دژ بەفەلەکان ئێجگار پەرەی سەند، فەلەکانی نێوان (ئیبنوعومەر) و (زاخۆ) کەوتنەوە بەردەم مەترسیی، ئەوە بوو لە ناوچە فەلەنشینەکاندا هەندێک ئاژاوە بەرپا کرا.

لە ٣/١٧دا چەند نامەیەکی عەبدولرەحمان ئاغای سەرۆک خێڵی (شیرناخلی) گیران و وایان دەگەیاند کە ئاغا لەسەر دەرکردنی بێیانان سوورە، ئەم بزووتنەوە – وا دیارە – دەوڵەتی تورکیا بۆ بەرژەوەندی خۆی پشتگیریی لێ دەکات، وێڕای ئەمەش چەند کەسان و لیژنە لە ئەستەمووڵ و قاهیرە و پاریس پشتگیرییان لەو بزووتنەوە دەکرد و بۆ ڕۆنانی کوردستانی سەربەخۆ کاریان دەکرد، ئەفسەرێکی تورک بۆ بانگەشەی تورکایەتی چووە ناوچەی (شەمزینان)، بەڵام خەڵکی ناوچەکە زۆر بەسارد و سڕیی پێشوازیان لێ کرد، لە هەمان کاتیشدا یەکێکی تری تورکان بۆ هەمان مەبەست گەیشتە مووسڵ، تێکڕای ئەو چالاکیانە لە (جەزیرەی ئیبنوعومەر) و شیرناخ هەڵدەقوڵان و ئەنجام دەدران، کوردەکانی (گۆیان) بوونە مقاش و دەسکەلای هاندەران، ڕاستەوخۆ لە پاش ئەو ڕووداوانە؛ کوشتنی کاپیتان (پیرستون)یشی هات بەسەردا، ئەم ڕووداوانە بارودۆخێکی باشیان بۆ شێخ مەحموود ڕەخسان؛ کە دەسەڵاتی خۆی پەرە پێ بدات، هەتا ڕێبازی دیبلۆماسی و کارامەیی بڕی بکردبایە شێخ لەو بەرەیەوە کاری دەکرد، کە لەو بەرەیەدا دەکەوتە نوشوستی بای دەدایەوە بۆ هەڕەشە و بەکارهێنانی چەک، ئینگلیز زوو لەوە گەیشتبوو کە بەهێزبوونی شێخ مەحموود و فرەبوونی دەسەڵاتەکانی؛ دەبنە مەترسییەکی زۆر، بۆیەکا نوێنەرانی ئینگلیز بڕیاریان دا کە چەردەیەک لە دەسەڵات و توانستەکانی شێخ قارس (کورت کردنەوە) بکەن، ئەوە بوو خێڵە کوردی ئازا و چەڵەنگی (جاف)[٢٣] یان لە دەسەڵاتی شێخ دابڕیی، بەو نیازەش

(٢٣) بێگومان ئەم وتەیەی نووسەر لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە زۆربەی هۆزی جاف و ناودارەکانی جاف لەگەڵ شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمردا بوون، بۆ نموونە کاپتن فیتس کیفن لە ئاوایی ڕۆستەم بەگ نزیک بەخورماڵ لە لایەن ڕوستەم بەگی یار ئەحمەد بەگی جافەوە و ئەحمەد بەگی (ڕێشێن)ەوە کوژرا... ئەم کاپتنە ئینگلیزە بەهێزێکی سەربازییەوە بۆ گرتنی ئەحمەد بەگ جاف لە سلێمانییەوە کەوتبووە ڕێ، هەروەهاش زۆربەی زۆری تیرەی ڕۆغزایی بەسەرۆکایەتی (خلیفە یونس) و تیرەی ئیسماعیل عوزەیریش بەسەرۆکایەتی کوێخا ڕۆستەم لە شۆڕشەکانی شێخی نەمردا... بەشدارییان کردووە.=

له نزیکەوە مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ بکرێت، یەکێکیان وەک (یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی) لە هەڵەبجەدا قوت کردەوە، دابڕین و هەڵوێرانی جاف جەزرەبەیەکی کاریگەر بوو ئاراستەی دەسەڵاتی شێخ کرا، کە دەرکەوت شێخ لەناو خێڵاندا قسەی نارِوات ئیدی لە زۆربەی شوێنەکانی تریشدا - جگە لە دەوروبەری سلێمانی - پلە و پایەی[٢٤] دابەزیی.

**داگیرکردنی سلێمانی و هەڵەبجە**: ڕووداوەکانی دوارۆژ بەستەم دەبینرێن و ڕەچاو دەکرێن، شێخیش تا دێت ئاگری شۆڕشی دژ بەئێمە خۆشتر دەکات، وێڕای ئاقاری دەسەڵاتی خۆی؛ خێڵەکانی تر کەمتر یارمەتییان دەدا و دەهاتن بەهانایەوە، شێخ لە شۆڕشی دژ بەئێمەدا سەرنەکەوت و نوشوستی هێنا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکیی:

یەکەمیان: شێخ مەحمود کەڵەپیاوێکی میللی و جەماوەریی نەبوو، بنەمای هێز و دەسەڵاتی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی میللییە، دەسەڵاتی ئایینی شێخی بەهێز کردبوو، لافی ئەوەی لێ دەدا کە بەبنەچە دەچێتەوە سەر ڕشتەی محەمەدی پێغەمبەر.

دووەمیان: کوردەکان لە بواری کوشتار و جەنگدا و لە ناوچەیەکی شاخاوی سەختا،

= هەروەهاش (حەمە)ی سان ئەحمەد شەمێرانی جاف هاوکاری لەگەڵ شێخ مەحمودا کردووە. ئەمانە سەرەڕای بەشداریکردنی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف... سەرۆکی هۆزی جاف لەگەڵ داود بەگی برایدا و مینە جافی کوڕیدا لە شەڕی ئاوباریکدا بەشدارییان کردووە و ئەوپەڕی ئازایەتییان نواندوە، هەروەهاش بۆ ماوەیەکی درێژیش حامد بەگی مەجید بەگی جاف لەگەڵ شێخ مەحمودا هاوکار بووە، بەڵام خوالێخۆشبوو مەحمود پاشای جاف و عادلە خانمی هاوسەری عوسمان پاشای جاف مەیانەیان لەگەڵ شێخ مەحموودی نەمرا لەسەر موڵکایەتی و (نفوذ)ا بەسەر هۆزی جافدا ڕێک نەبووە... دوای زانینی ئەم ڕاستییانە دەتوانین بەئاسانی ئەوە بسەلمێنین کەوا هۆزی جافیش وەک هۆزە دڵسۆزەکانی تری کوردمان لە هێز و شۆڕشەکانی میللەتەکەیان ئازایانە بەشدارییان کردووە... بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانە چیم دی؟ لە نووسینی ئەحمەد خواجە بەرگی دووەم لاپەڕە (٩٣).

(٢٤) ئەم کتێبە لە پێش ساڵی ١٩٢٣یدا ڕێکخراوە و هەر لەو کاتەش لە چاپدراوە، ئیدی شۆڕشەکانی شێخ تا ساڵەکانی ١٩٣٢یش دەوامی کردووە. ئێمە لەگەڵ بۆچوونی نووسەری ئەم کتێبە نین سەبارەت بەشێخ مەحموودی نەمر. -وەرگێڕ-





ناتوانن بەرامبەر هێزێکی خاوەن چەکی نوێ و مرۆڤی کارامە و قاڵبووی جەنگ بوەستنەوە.

پشتگیرە سەرەکییەکانی شێخ - وێڕای ئەو کوردانەی کە لە ئێرانەوە هاتبوون - خێڵەکانی باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی سلێمانی بوون، هەورامییەکان کە لەسەر سنووری ئێران دەژیان کەوتبوونە خۆرهەڵاتی سلێمانی بەدووریی چل میل؛ سەد کەسی پیادە و پەنجا کەسێکی سوارەیان بەسەرۆکایەتی (مەحموود خانی دزڵی) نارد بەهانای شێخ، خێڵی (هەمەوەند)یش بەسەرۆکایەتی کەریمی فەتاح بەگ بەتالیۆنێکیان نارد بۆ فریای شێخ، هۆزی بچووکی (سمایل عوزەیریی)ش[٢٥] کە لە چەمی سلێمانیدا دەژیان، لە تاسلوجەدا سەرگەرمی جەنگ و کوشتار بوون، بەڵام ئەوانیش لە پاشدا گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان، خێڵی جاف - بەشێکی کەمیان نەبێت - لایەنی شێخیان نەگرت و نەهاتن بەهانایەوە، بگرە لە دژیشی وەستانەوە (بڕوانە پەراوێزی ژمارە٢٦ - وەرگێڕ) دوو سەد جەنگاوەری خێڵی جەباریی بەسەرۆکایەتی سەید محەمەد و بەمەبەستی پشتگیریی؛ هاتنە لای شێخ، زۆربەی قەڵا و شوێنی سەختی جەباری دەکەونە ناوچەی (تاوێرە بەرز) کە دە میلێک لە (قەرە هەنجیر)ەوە دوورە، لە ٧/٥دا پێمان ڕاگەیەندرا کە ئەمانیش شێخیان جێ هێڵا و گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، مەریوانییەکانی دراوسێی هەورامییەکان؛ لە بناخەدا لایەنی شێخیان دەگرت، بەڵام هەڵوێستی کاتی شۆڕشیان تەم و مژاوی بوو، (عەزیز شەریف جەلال)[٢٦] ناو کە چەتە و ڕێگرێکی بەناوبانگ بوو؛ بەخۆی و دووسەدوپەنجا چەکدارەوە هاتنە پاڵ شێخ، فارس ئاغای خێڵی (شێخ بزەینی) بەخۆی و پەنجا چەکدارەوە چوونە پاڵ شێخ... بەڵام

(٢٥) تیرەی (ئیسماعیل عوزەیری)... یەکێکە لە تیرە ناسراوەکانی هۆزی جاف.

(٢٦) بۆ زانینی زۆرتر لە بارەی ئەم پیاوەوە؛ پەیوەندیمان بەگەلێک پیری ئەو کاتەوە کرد وەک مامۆستا ئەحمەد خواجە، بەڵام بەدەستی بەتاڵ گەڕامەوە، دڵنیام ئەم جۆرە باسانە لە دوارۆژدا والا دەبێتەوە... بەڵێ جۆرە ناکۆکییەک هەبووە بەتایبەت لە نێوان شێخ مەحموود و مەحموود پاشا و حامد بەگی جاف کەوا ئەو سەردەمە (قائمقام)ی هەڵەبجە بووە و عادلە خانمی عوسمان پاشای جاف... لەسەر موڵکایەتی و دەسەڵات (نفوذ)، بەڵام ئەمە قەت نەبووە هۆی خوێن ڕشتن یان شیر لەیەکتر سواندن... چونکە ناکۆکییەکەی نێوان هەردوو لا لە چوارچێوەی گلەیی و ناڕەزایی مایەوە و هیچی تر. ئینگلیزیش ویستی ئەم ناکۆکییە لە بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێ، بەڵام خۆشبەختانە نەگەیشتە مەرامی چەپەڵی خۆی -وەرگێڕان-

زۆری نەخایاند ئەمانیش جگە لە چەند سوارێکیان نەبێت گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان، پشتگیر و هاوپەیمانانی شێخ ئەمانە بوون: ئەو خێڵانەی کە لە گوندەکانی شێخ مەحموود و خزمەکانیا دەژیان... لە ناوچەکانی قەرە حەسەن و قەرەداخ و چەمچەماڵی نزیک سلێمانی، ئەمانەش یاریدەدەرە سەرەکییەکانی شێخ بوون: شێخ قادری برای، شێخ سەعیدی (جیرجی)؛ کە شەش میل لە باشووری خۆرهەڵاتی قەرە هەنجیرەوە دوور بوو، شێخ ئیسماعیلی شێخ بیزڵڵا (فیض الله – وەرگێڕ) کە هەشت میل لە باشووری خۆرهەڵاتی قەرە هەنجیرەوە دەژیا، شێخ حامدی قەرە وەیسی؛ کە لە یازدە میلێک لە باشووری خۆرئاوای چەمچەماڵدا دەژیا، شێخ محێدینی کانیکەوە لە دۆڵی بازیان، شێخ سەعید (مامە لاحە) کە لە هەشت میل و نیوێک لە باشووری خۆرهەڵاتی چەمچەماڵدا دەژیا.

تەقینەوەکە لە ناکاو بوو، هێزەکانی لە ناوچەکەدا خێرا پەرت و بڵاو بوونەوە... ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز لە شوێنەکانی خۆیاندا دەستبەسەر کران، بەڵام ئێجگار بەنەرم و نیانی مامەڵەیان لەگەڵ کرا، شۆفێرێکی ئینگلیزیی لەو ڕووداوانەدا کوژرا، مەحموود وای ڕاگەیاند کە هەموو شتێکی گرتۆتە دەست، بۆیەکا چەند قایمقامێکی دانا و دەستی بەسەر بەڵگە و نووسراوەکانی دەوڵەتا گرت، لە گەنجینەی دەوڵەت دووسەد هەزار ڕوپیەی وەرگرت و تەلەفۆنی نێوان سلێمانی و کەرکووکی بڕیی...

لە ٢٣ی مایسدا فڕۆکەوانێکی پشکەنەر بەئینگلیزی ڕای گەیاند کە لە سلێمانیدا چەکداران ئێجگار زۆرن و بەهەموو لایەکی شاردا بڵاو بوونەتەوە؛ کە ژمارەیان دەقەبڵا بە(١٥٠٠) پیادە و (٥٠٠) سوارە، ئەفسەرانی سیاسی لە سەربانەوە فڕۆکەوانێکیان ئاگادار کردەوە کە نیشتنەوە باش نییە، لە ڕۆژی دواییدا هێزێک بۆ پشکنینی ڕێگای نێوان سلێمانی و کەرکووک و هەتا گەرووی تاسلۆجە نێررا؛ کە نزیکەی (١٤) میل لە سلێمانییەوە دوورە، بەڵام چەکدارانی کورد هێرشیان بردە سەر ئەو هێزە و لە ڕۆژی دواییدا بەناچاریی کرانەوە بەناو چەمچەماڵدا، لە ٢٥ی مایسدا فڕۆکەیەکمان لە گەشتێکی پشکنیندا و لە نزیک (پیرەدی) درایە بەر تەقە و ئاگری خەست، لە ٢٥ی مایسدا مەفرەزەیەکی چەکداری کورد دەربەندی بازیانیان گرت؛ کە (٩) میل لە باکووری خۆرهەڵاتی چەمچەماڵەوە دوورە.

لە هەمان کاتدا بارودۆخی هەڵەبجەی نزیک بەسنووری ئێران؛ کە (٥٥) میل لە باشووری خۆرهەڵاتی سلێمانییەوە دوورە؛ ئاڵۆزا و لە ٢٦ی مایسدا کوردان شارەکەیان گرت، لە لایەکی دیکەوە هەندێک خێڵی وەک جاف و پشدەر هاتن بەهانای





ئینگلیزەوە، لە ٢٨ی مایسدا چەند کۆمەڵێک لە (ڕم وەشێنان)ی بەتالیۆنی ٣٣ و پێنج کۆمەڵ لە (بەتالیۆنی تەنگانەی – تورائیی – خۆرهەڵات) ئامادە کران و لە کەرکووکەوە بەڕێ کران، ئەم هێزانە لە نزیک (قەرە هەنجیر)ی سەر شەقامی گشتی؛ کە (١٦) میلێک لە خۆرئاوای چەمچەماڵەوە دوورە؛ چەند پەنا و سەنگەرێکیان داگیر کرد و خۆیان تیا مەڵاس دا، هێزێکی (٥٠٠) کەسیی دوژمن هێرشی بردە سەر ئەو هێزەی قەرە هەنجیر، گوایا فەرماندەی ئەو هێزە شێخ قادر بووە، جەنگاوەرەکان لە (بنە)دا کە چوار کیلۆمەتر لە خۆرئاوای چەمچەماڵەوە دوور خۆیان مەڵاس دابوو، ئەم هێرشە تێکشکا و، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا هێزەکانی کەرکووکمان؛ کەتیبەیەکیان نارد بەهانای هێزی (قەرە هەنجیر) و هێرش نوێ کرایەوە، بەفڕۆکە ئاگربارانێکی ئێجگار خەست و ڕاستەوخۆی کوردەکان کرا و زیانێکی زۆریان لێ کەوت، ڕاپۆرتەکان وا دەگەیەنن کە کوردەکان لە هێرشی (قەرە هەنجیر)دا و لە کاتی بۆردومانی ئاسمانیدا خراپ تێگلاون و زیانێکی کاریگەریان لێ کەوتووە، برازای سەید محمد کە یەکێک بوو لە سەرۆکانی (جەباریی) لەو شاڵاوەدا کوژراوە، کوردەکان لەمەوپێش هەندێک هۆی گواستنەوەیان تاڵان و زەوت کردبوو؛ لە دۆڵێکی تەسکی چەپەکدا حەشاریان دابوون، ئەو دۆڵە (٦) میل لە خۆرهەڵاتی قەرە هەنجیرەوە دوور بوو، هێزەکانی ئێمە لە ٣ی حوزەیراندا تێکڕای ئەو شتانەیان داگیر کردەوە، لە ڕێگای گەڕانەوەی هێزەکەی ئێمەدا کەتیبەیەکی (٣٠٠) کەسیی سوارەی کوردەکان شاڵاویان بۆ هێنان، هێزەکانی ئێمە بەتەقە و خەڵەفاندن و کشانەوە توانیان بگەنەوە ئۆردووگاکانی خۆیان. پۆلە فڕۆکەیەکی ئێمە لە ٥ی حوزەیراندا توانیان ئۆردووگاکانی دوژمنی کورد لە ناوچەی ئیبراهیم ئاغا؛ کە (٧) میل لە باکووری قەرە هەنجیرەوە دوورە گوللە باران بکەن، (بنە)ش بەهەمان دەرد برا، کوردان دەربەندی بازیانیان کردبوو بەشوورا و سەنگەری ململان، لە هەمان کاتدا فڕۆکەوانێکی ئێمە ڕایگەیاند کە بەستن و کونبڕکردنی دەربەند تەواو نییە و پڕە لە کەلێن و کەلەبەر، چەند هەواڵێکی دیکەمان پێ گەیشت و دووپاتیان دەکردەوە کە ورەی پێشمەرگەکانی شێخ ڕوو لە کز بوونە و هیوایان بەشۆڕشەکە نەماوە، لە ٧ی حوزەیراندا چەند ڕاپۆرتێکی دیکەمان پێ گەیشت، وایان دەگەیاند کە چەند خێڵێکی ناوچەکە لە ئۆردووگای شێخ مەحموود دابڕاون و چوونەتەوە شوێنەکانی خۆیان، هەندێک خێڵی تریش هەمان کەڵکەڵەیان کەوتۆتە مێشک، سەبارەت بەهەمان مەسەلە چەند ڕاپۆرتێکی تریش هاتن و تێکڕا دووپاتیان دەکردەوە کە شێخ مەحموود کەوتۆتە گێژاوێکی پڕ مەترسی و ناچار دەبێت لەگەڵ ئێمەدا بکەوێتە

وتوویژ، چوار تۆپەکەی خەریکن گوللەیان لێ دەبڕێ و کپ دەبنەوە، بگرە ئەو ئەفسەرە کارامەی کە سەرپەرشتی ئەو تۆپانەی دەکرد کوژراوە، دیسان پێمان ڕاگەیەندرا کە هێزەکانی شێخ تا دێت کەمتر دەبنەوە، ژمارەی سوارەی هاتۆتە سەر (٤٠٠) کەس و پیادەشی بووە بە(٦٠) ئەو هێزانە لە دەربەند و تەنگەی بازیان و تاسڵووجەدا سەنگەریان گرتووە.

فڕۆکەکانی ئێمە لە ٨ی حوزەیراندا کەوتنە ئاگربارانی کوردەکان و لە بەشی خۆرهەڵاتی دەربەندی بازیاندا زیانێکی زۆریان لێ دان و گەرووی بازیانیان دابێژا، زۆری نەخایاند هێزەکانی ئینگلیز (قەرە هەنجیر) و چەمچەماڵیان گرت، لە ١٢ی حوزەیراندا هێزێکی گچکەمان (باش پلاو)ی داگیر کرد کە پێنج میل و نیو لە باشووری خۆرهەڵاتی چەمچەماڵەوە دوورە، ئەو شتانە کە خەڵکی (باش پلاو) بەتاڵان لە دەوڵەتیان زەوت کردبوو؛ لێیان سەندرایەوە، برازای کوێخای ناوچەکە بەبارمتە گیرا و تێکڕای سەنگەر و شوێنی ململانێی خەڵکی گوند وردوخاش کران.

هێزەکانی ئینگلیز لە شەفەقی ٢٠ی حوزەیراندا هێرشیان بردە سەر گەرووی بازیان و ڕێگایان بۆ هێزەکان پاک کردەوە، گەرووی بازیان (٣) هەزار پێ و گردەکانی دەوروبەری (١) هەزار پێ لە ڕووی دەریاوە بەرزن.

کوردەکان لە ساڵی (١٩١٠)دا هێزێکی ئێجگار گەورەی تورکیان لەم گەرووەدا تێکشکاند و پەرت و بڵاویان کردن، بەڵام لەگەڵ ئینگلیزدا مەسەلەکە دەگۆڕێ و کوردەکان لەگەڵ هێزێکی خاوەن چەکی نوێ و قاڵ و ڕاهاتووی جەنگی نێو شاخ ڕانەهاتبوون و لەو ئاقارەدا کەم ئەزموون بوون... ئەوان لەم هێرشەدا بەئاسانیی تێکشکان، زۆریان لێ کوژرا و نزیکەی (١٠٠) سەد کەسیان لێ بەدیل گیران و هەندێک فەرماندەشیان[٢٧] بریندار بوون، شێخ مەحموود خۆی لە ڕیزی پێشەوەدا دەجەنگا؛ بۆیەکا بریندار کرا و برینەکەشی کاریگەر بوو، (٩) تفەنگی ڕیز و (ئۆتۆماتیک) چەردەیەک تەقەمەنی و ڕەوگمان لێ گرتن، لە ئێوارەدا هێزەکانی ئێمە ڕژانە سلێمانی، دانیشتوانی شار چەک کران و دەرگای بەندیخانە لەسەر تێکڕای گیراوان خرایە سەر گازی پشت، لە لایەکی تریشەوە تابوورێک کەوتە دامێنی سلێمانی و بەرێگایەکی هەڵەت و شاخاویدا بەرەو[٢٨] هەڵەبجە کەوتە ڕێگا، لە ٢٨ی

(٢٧) لە ناو ئەو فەرماندانەدا شێخ غەریبی خزمی شێخ مەحموود و ئەفسەری (لیڤی کوردانی سلێمانی) بەرچاو دەکەوتن. -نووسەران-

(٢٨) هەتا گەیشتنی هێزەکانی ئێمەیش؛ (عادلە خاتوونی بێوەژنی عوسمان پاشای =





حوزەیراندا هەڵەبجەش داگیر کرا و ئەو سەربازە هیندییانەی کە لەوێ دەستبەسەر بوون ئازاد کران، هەندێک لە هێزەکەمان بەنیازی هێورکردنەوەی خێڵەکان نێرران بۆ چەم و دۆڵی[٢٩] دەوروبەری شار، شێخ مەحموود کە خۆی گیرا؛ بزووتنەوەکەشی هەرەسی هێنا و تێکشکا.

**شۆڕشی شێخ بۆ ڕووخا**: کە ئەو بەڵگە و نووسراوانەی لەو کاتەدا ئاڵوگۆڕ کراون دەخەینە ژێر توێژینەوە هەندێک ڕاستیی سەیرمان بۆ دەردەکەوێت وەک:

١- هێزی پیادەی شێخ مەحموود بەتالیۆنێک بوون و کرابوون بەچوار لقی ئازا و جەربەزە، بەڵام هێزی سوارەی شێخ شەقڵی ڕێکخستنی تیا بەدیی نەدەکرا.

٢- لە دوای هێرشی یەکەمی ئینگلیز؛ گیانی بێزار بوون و نارەزایی لەناو پیادەی شێخدا تەشەنەی سەند، مووچەی هێزی - لیڤی-یش بڕا و خەڵک لە خزمەتی

= بنەماڵەی جاف؛ حاکم و سەرداری هەڵەبجە بوو، یاسا و ئاسایشی دەپاراست و (٣٠٠) پیاوێکی بوو، عادلە خاتوون لە کاتی ڕاپەڕینی کوردا لایەنی ئینگلیزی گرت، لە شاردنەوەی ئەفسەری سیاسی بنکەی هەڵەبجەدا و دەرکردنیان بەشداریی کرد، عەلی بەگی کوڕی مەحموود پاشا یارمەتی دەدا، هەر ئەمیش بوو هەندێک لە تیرەکانی جافی لە شێخ مەحموود دابڕی و ڕێگا و پەیوەندییەکانی دوژمنی (مەبەست لە شێخ مەحمووده - وەرگێڕ) لە نێوان سلێمانی و هەڵەبجەدا بڕیی -نووسەران-

(٢٩) سوپای ئینگلیز کە (هەڵەبجە)ی داگیر کرد؛ کۆمەڵێکی جەربەزەی چەکداری سەر بەشێخ مەحموود لە دەوری گوندی (هاوار) دەژیان کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی نزیکی هەڵەبجە، کۆمەڵێک خۆفرۆش و هەلپەرست لە دەوری ئینگلیز کۆکرایەوە، هەموو لایەک پێکڕا هێرشیان بردە سەر ئەو چەکدارانەی شێخ مەحموود، لە دەربەندی (ئەشکەوڵ)ی نزیک بە(هاوار)دا تەقە دامەزرا و سوپای ئینگلیز و خۆفرۆشان خراپ تێکشکان و زۆریان لێ کوژرا، چەک و زەخیرەیەکی زۆریان لێ بەجێ ما، لە گەڕانەوەدا گوندی (هاوار)یان تاڵان کرد و سووتانییان، جوتیارێکیان لە خواری (عەبابەیلێ)شەوە کوشت کە گێرەی دەکرد؛ گوایا بەو بیانووە کە ڕێگای پێ هەڵە کردوون، کۆمەڵەی سەر بە شێخ مەحموود ئەمانە هەندێکیان بوون: شێخ کەریم و شێخ ڕەشیدی عەبابەیلێ، ئەلەپەشە، سەید قادری کەچ و گەلێک ئازا و جەنگاوەری دیکە، بەڵام زۆربەی خێڵەکانی دەوری هەڵەبجە دۆستایەتیان بۆ ئینگلیز ڕاگەیاند، هەندێک بنەماڵەی بەگزادەی جاف (وەڵەد بەگیی) وەک ڕۆستەم بەگ و حەمە سەعید بەگی دەرەشیش لەو کاتەدا بە دۆستی شێخ مەحموود و شۆڕشی کورد دەناسران، ئەم زانیارییانەمان لە پیاوی تەمەن درێژی خەڵکی هەڵەبجە بیستووە کە ناوی - حەمەی سلێمان-ە و خەڵکی کانی شێخە -وەرگێڕان-

سەربازیی خۆیان دەشاردەوە.

٣- ئازووقە و تەقەمەنی جەنگ ئێجگار هاتبوونە کزیی، فەرمانێکی نووسراوەی شێخ کەوتە دەست هێزەکانی بەریتانیا، لەو فەرمانەدا ئامۆژگاری هێزەکانی دەکات کە بەبێ فەرمانی باڵاتر نابێت فیشەکێک بتەقێت، هەر کەس لەو فەرمانە سەرپێچی بکات بەتوندی سزا دەدرێت، دەبێ تفەنگی ڕیز لە پێشدا تەقە بکات، ئیدی خولیا و کەڵکەڵەی نەتەوایەتی کورد لە هیچ شوێنێکدا باس نەکراوە، وەک بۆمان دەرکەوت ئەو هێزانە تەنها بەمەبەست بەرگریی لە ئیسلام و وەستاندنی دوژمنی (واتا دوژمنی ئیسلام کە ئینگلیز بووە -وەرگێڕ-) کۆکرابوونەوە، گەلێک لە سەرۆکانی(٣٠) ناوچە لە پاش کپکردنەوەی شۆڕشی شێخ مەحموود؛ ڕایان کرد و خۆیان گەیاندە چیاکان بەو نیازەی لە سزای یاسا خۆیان ڕزگار بکەن، ئەمانەش ناوی ئەو سەرۆکانەیە: شێخ عبدالقادری کۆنە مودیری ناحیەی سەنگاو، شێخ عەبدولرەحمانی گۆپتەپە و هەندێک سەرۆکی تر، لە بارەی مەحموود خانی دزڵیشەوە، ڕاپۆرتەکان وا دەگەیەنن کە دوودڵە لەوەی خۆی تەسلیم بەئێمە بکات یان نەء؟ ئەو دوودڵییەش لەو ڕاستییەوە هاتبوو کە سەرۆکانی تری هەورامان نامەیان بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز ناردبوو؛ ئامادە بوون دژی مەحموود خانی دزڵیی هاوکارییان لەگەڵ بکەن.

**بنەماڵەی شێخ مەحموود**: لە پاش تێکشکانی شۆڕش؛ شێخ قادری برایشی لێی دابڕا، شێخ محەمەد برایەکی تری شێخ بوو کە یەکێک بوو لە خواناسان، شێخ ئیبراهیم

(٣٠) گەلێک لە سەرۆک و کەڵەپیاوانی خێڵ و گوندەکان هاوپەیمانی شێخ بوون، بەڵام لە دواییدا خۆیان دا بە دەستەوە و دۆستایەتییان بۆ ئینگلیز ڕاگەیاند، کەریمی(*) فەتاح بەگ و سەرۆکانی دیکەی هەمەوەند لەو سەرۆکانە بوون -نووسەران-

(*) مامۆستا ئەحمەد خواجە ڕای وایە کە کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند تا کوژرایش لە شێخ مەحموود دانەبڕا و دوژمنی ئینگلیز بوو، شێخ عەبدولرەحمانی گۆپتەپەیش لەژێر سزا و دارکاریدا لە چەمچەماڵ شەهید کرا و ئەوەی دارکاریی دەکرد (حەمە باوەمەردەیی) بوو، مەحموود خانی دزڵیش بەفێڵ گیرا و بەند کرا، ئینجا بۆ خزمەتی ڕاستی مێژوویی لەم دەرفەتدا دەڵێین:

جێی داخیشە کە هۆزێکی کوردی ئازا و جەربەزە و چەتوون و لێهاتوو و دلێر وەک هەمەوەند کەوا هەرچی دەردی سەری و چەرمەسەری دنیای بینیوە بەهۆی ئازایەتی و ملکەچ نەکردنیەوە بۆ عوسمانییەکان بەتۆمەتێکی پووچ وەک لادانی یەکێ لە ناودار و ئازاکانی لە کاروانی شێخ مەحموود سەیر بکرێت. -وەرگێڕان-





برایەکی تری شێخە و هەرزەکارە و تەمەنی (١٦) ساڵانە، یەکێک لە خوشکانی شێخ خێزانی شێخ حەمە غەریبە کە لە شەڕی دەربەندا لەگەڵ شێخ گیرا، شێخ سەعید باوکی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٠٨دا کوژرا، حاجی کاکە ئەحمەدی باپیری شێخ مەحموود پیاوێکی زۆر بەناوبانگ و لە خواترس و ئایینپەروەر بوو، هەتا ئێستایش خەڵکی سلێمانی زۆر بەڕێز و شکۆوە تەماشا و یادی دەکەن، گۆڕی پیرۆزی لە مزگەوتی گەورەدایە و لە هەموو کوردستاندا یەکێکە لە شوێنە ئایینییە هەرە گرنگەکان.

**ئاڵۆزانی ویلایەتی (وان) و ئازەربەیجانی خۆرئاوا**(٣١): ویلایەتی وان و ئازەربەیجانی ئێران دوو ناوچەی دیکەی کوردستان بوون و بارودۆخی ئەوانیش ئاڵۆز بوو، ئیسلامەکانی ئەم ناوچانەیش بڕیاریان دا؛ کە فەرمانی پەیتا پەیتای ئەستەموول پشت گوێ بخەن و خۆبەخۆیان هەنگاو بنێن، ئەوان دژی گەڕانەوەی ئەرمەنییەکان بوون بۆ ناوچەکەیان، لە ٢٣ی مارتدا ڕاپۆرتێک گەیشت وای دەگەیاند کە فەرماندەی ناوچەی (سەڵماس) گیرا، ناوچەی سەڵماس کەوتۆتە باشووری خۆرئاوای دەریاچەی (ورمێ)، هەروەها کوردەکان گەمارۆی شاری (خۆی)شیان دا، ڕاپۆرتەکان وا دەگەیەنن کە سمایل خانی سمکۆی سەرۆک خێڵی شکاک بەتەقینەوەی نارنجۆکێکی بەریدی بریندار کرا.

لە (وان)دا بانگەوازێک ڕاگەیەندرا کە گوایا کاربەدەستانی ئێران و ئینگلیز ڕایان یەکە و ئارەزوویان لەوەیە کە فەلە دوورخراوەکان بگەڕێنەوە سەر زەوی و ناوچەکانی خۆیان، ئەم بانگەوازە بوو بەهۆی تەقینەوەی باری ناوچەکە، کوردەکان کە ئەو بانگەوازەیان بەرگوێ کەوت، بۆ پرس و ڕاوێژکردن؛ چوونە لای جاوید بەگی فەرماندەی تیپی یازدەی قەوقاز و حەیدەر بەگی والی؛ کە بەدوژمنایەتی ئینگلیز و فەلەکان ناوبانگی دەرکردبوو، گەورەکانی کورد کۆڕێکیان گرت و (سمکۆ)ش بۆ ئەو کۆڕە بانگ کرابوو، بەڵام ئامادەی نەبوو، تێکڕا بڕیاریان لەسەر ئەوە دا کە نەهێڵن فەلەکان بگەڕێنەوە. حەیدەر بەگی والی لە مێژەوە تفەنگ و فیشەک و تەقەمەنی بەسەر خێڵە کوردەکانی (هەرکی) و (ئورمار)دا دابەش کردبوو، (هەرکی)یەکان ڕەوەندن و وەدوای ئاو و لەوەڕ دەکەون لە نێوان (ئاکرێ) و (ورمێ)دا دەژین کە ٢٣ میل لە باشووری خۆرهەڵاتی (دزە)وە دوورە، لەمەوپێش سەرۆکی (ئورمار) و چەند سەرخێڵێکی تر

(٣١) ئازەربایجان و وان بەشێکن لە کوردستان، مەبەست لێرەدا ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە کەوا ناوچە کوردەوارییەکانی موکریانە، ئەو ناوەش ناوێکی کارگێڕییە زیاتر، واتە (اداری) -وەرگێڕان-

چاویان بەسمکۆ و حەیدەر بەگ کەوتبوو، وەلێ چی شتێک لەو دیدارانە نەزانراوە.

**سمکۆ خان و بزووتنەوەکەی**[٣١]: بزووتنەوەی سمکۆ تەمومژاوی بوو، بەڵام وا دیارە کە لە (قەڵات چایریک)دا کە (١٠) میل لە باشووری خۆرئاوای (دیلمان)ەوە دوورە هێزی کۆدەکردەوە، (سەردار الفاتح)ی موتەسەڕفی ئێران؛ دۆست و هاوسۆزی فەلەکان بوو، بەڵام هێزێکی ئەوەندەی بەدەستەوە نەبوو کە یاسا و ئاسایش بپارێزێت، لە هەمان کاتیشدا جێنشینی شای ئێران لەو ڕۆژەدا بەدۆست و پشتگیری تورکیا و ئەڵمانیا ناسرابوو، بۆیەکا زۆربەی پیاو خراپان و ئاژاوەچیان و دوژمنانی ئاسایش و پێکهاتنی نێو دەوڵەتان؛ لە دەوری ئەو مۆڵیان دابوو.

لە ١ی حوزەیراندا کاربەدەستانی ئێران (٣٠) سەرباز و تۆپێکیان خستە ناو کەشتییەکی هەڵمی و لە (شەریف خان)ی بەندەری تەورێزەوە ناردیان بۆ (ورمێ)، کەشتی کە گەیشتە کەناری دەریاچە؛ شۆستەی تەختەبەندی ئاوەکە سووتابوو، لەگەڵ کوردانی کەنار ئاودا کەوتنە تەقە لە یەکدی و زۆری نەخایاند بەرەو تەورێز گەڕانەوە، لە ٢ی حوزەیراندا (سەردار ئەلفاتح) نامەیەکی بۆ فەرماندەی تەورێز نارد و تیا ڕای گەیاند کە کوردانی لە (ورمێ) نەهێشتووە و وەدەری ناون، بەڵام ناوچەکانی دەوروبەری[٣٢] شار ئاڵۆزاوە و ئاژاوە دەمی تێ ژەندووە، لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا

(٣١) ئیسماعیل ئاغا لە تیرەی (عەبدەوی) سەر بە هۆزی (شکاک)ە... ئەم کوڕی محەمەد ئاغای سەرۆکی هۆزی شکاک کەوا دەسەڵاتی بەسەر وڵاتەکانی مەرگەور و تەرگەور و (سندوس) تا ناوچەی (رضائیە) ڕۆیشتبوو، دوای کوشتنی (جوهر) ئاغای برای لە ساڵی ١٩٠٥ لە شاری تەبریز بە دەسیسەی حاکمی تەبریزی ئەو کاتە، ئیسماعیل ئاغا... ئاڵای شۆڕشی دژ بە حکومەتی ئێران هەڵگرت و شۆڕشەکەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ڕۆژ بە ڕۆژ بەتینتر دەبوو و لە ساڵی ١٩٢٠ تاوەکو ساڵی ١٩٢٢... زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێرانی داگیرکرد... بەتایبەتی ناوچەکانی باکووری کوردستان.
سەرئەنجام بەهۆی چەن هەڵەیەکی سەرەکییەوە وەک کوشتنی مار شەمعون قەشە گەورەی فەلەکان و هەندێ هەڵەی تر هێزەکەی بەرە بەرە بەرەو لاوازی ڕۆیشت و لە نیسانی ساڵی ١٩٣٠دا بەپیلانی سەرهەنگ سادق خان لە شاری شنۆ ئیسماعیل ئاغا کوژرا. بڕوانە: کوردستان و کورد وەرگێڕ عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ١٩٧٣، لاپەڕە ٨٦... هەروەها... بڕوانە (شۆڕشەکانی کورد، بەغدا، ١٩٥٩) لاپەڕەکان (٢٤٦-٢٦٩) و (تاریخ هیجدە سال آذربایجان، تهران، ساڵی ٢٥٣٥) لاپەڕە ٨٩٦ کەوا لە نووسینی (احمد کسروی) فارسییە.

(٣٢) جێگری قونسوڵی ئەسپانی لە (سەڵماس) کە بە بنەچە ئەرمەنی بوو؛ سەبارەت =





ناوچەکە پەیوەندی پچڕاوە، لە هەمان کاتیشدا قونسوڵی ئینگلیز لە تاران برووسکەیەکی لە (ورمێ)وە بۆ هات و نوێنەرانی ئەرمەنی و ئاسوورییەکان لەو برووسکەیەدا ڕایان گەیاندبوو کە بەم نزیکانە قەسابخانە بۆ فەلەکان ساز دەکرێت، دەرگای هەواڵ و دەنگوباس کلۆم کرابوو تا ئەو کاتەی هەواڵ گەیشت کە لە ١ی تەمووزدا قونسوڵی ئەمریکا لە تەورێز؛ زۆر بەستەم توانی هەموو فەلەکانی نێو ورمێ بۆ تەورێز بگوێزێتەوە، بەڵام هەندێک ئافرەت تا هێوربوونی باری ناوچەکە و ڕەوینەوەی ترس؛ لە ناو کوردانی ئیسلامدا مانەوە.

**هەندێک تێبینی**: ئەم تێبینیانەی خوارەوە لە یاداشتە[٣٣] ڕۆژانەکانی مێجەر نۆیل

= بەئاژاوەکانی (ورمێ) چەند زانیارییەکی داوە کە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا - تا ڕادەیەک - ناگونجێت و دەڵێ:
لە ٨ی حوزەیراندا بەنامەیەکی دۆستانەی سمایل خانەوە گەیشتمە تەورێز، لەو نامەیەدا سمایل خان باسی ئەوە دەکات کە هۆی ئاژاوەکانی ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ گەیشتنی نامەیەکی بەریدی و تەقینەوەی بە سمکۆدا، لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەدا (٥) کەس لە کوردان کوژران و یەکێکیان برای سمکۆ بوو، سمکۆ دڵی لە چەند کەسێکی فارسی دانیشتووی (خوی) کرمێ بوو، لەو بڕوایەدا بوو کە ئەوان نەخشەیان بۆ کوشتنی کێشاوە؛ بۆیەکا سمکۆیش بۆ چەککردنی فارسەکانی (خوی)؛ خێرا فەرمانی دەرکرد، فەرمانی (سمکۆ) لە (سەڵماس) و (خوی) ئەنجام درا، وەلێ هێزەکانی کورد لە (ورمێ)دا ئەوەندە لاواز و ژمارەیان کەم بوو؛ نەیانتوانی فارسەکان چەک بکەن، بگرە کوردەکانیان بە زۆر لە ناوچەکە وەدەرنان، بەبیانووی ئەوەش کە گوایا کوردەکان لە ناو ئەرمەنییەکاندا خۆیان حەشار دابوو؛ هێرشیان بردە سەر گەڕەکی ئەرمەنییەکان کە نزیک بوو لە شوێنی (بەعسەی ئەمریکا)وە، ئەنجامی هێرشی فارسەکان بوو بە قەسابخانە بۆ فەلەکان، جێگری قونسوڵی ئەسپانی درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ:
لە ئاژاوەکانی دژ بە (گەڕانەوەی فەلەکان بۆ ناوچەکانی ڤان و ورمێ)دا سمکۆ پەرچی داوەتەوە کە هیچ ڕۆڵ و ئاکارێکی خراپی نەبووە، وە سمکۆ (بە قسەی قونسوڵی ئەسپانی و بە بنەچە ئەرمەنی - وەرگێڕ) لەگەڵ فەلەکاندا بە گشتی دۆست و دڵنەرم بووە
-نووسەران-

(٣٣) دیارە ئەم تێبینیانەی مێجەر نۆیل کە مایسی ساڵی ١٩١٥ باس دەکەن؛ لە بەشی یەکەمی یادداشتەکاندا هاتووە، ئەو بەشەی کە لە پەراوێزی ژمارە ٥ی بەشی دووەمی یادداشتەکاندا باسمان کردووە، بەشی یەکەم زۆر هەوڵدراوە دەستمان بکەوێت و ئەویش وەک بەشی دووەم وەرگێڕینە سەر کوردی؛ بەڵام لەوەش دڵنیام کە لەمەودوا دڵسۆزان دەکەونە پەیجۆر و هەڵپە وەدووی ئەم جۆرە کتێبانەدا -وەرگێڕ-

وەرگیراون کە لە کوردستاندا گەڕاوە، نۆیل لە دۆخ و هەڵوێستی شاری دیاربەکر دەدوێ و باری سەرنجی لە مایسیساڵی ١٩١٥دا دەنووسێ و دەڵێ: وەک هەموو شارانی تری ڕۆژهەڵات؛ پیاو ماقووڵ و خانەدانەکانی دیاربەکر - هەندێکی کەمیان نەبێت - ساختەچی و ڕەوشت نزم و بۆگەنن، کرێچی و مسکێنەکانیان خوێن دەمژی و موڵک و ماڵیان تالآن دەکردن، ئامادە بوون لە هەموو پیلانێکی گڵاو و فرتوفێڵی مووچەخۆرە بۆگەنەکانی تورکدا بەشداریی بکەن، ئەو مووچەخۆرانەی کە هەمیشە دەوڵەتیان چەواشە دەکرد، تورکیا بەڵێنی (سەربەخۆیی زاتیی ژێر ڕکێفی خۆی) بەکوردەکان دابوو، بڕیاری دابوو هەلومەرجی باشتریان بۆ بڕەخسێنێت و لە چەوسانەوە و سزا ڕزگاریان بکات، هەر بەنیازی پتەوکردن و سەلماندنی ئەو بەڵێنە؛ خانەدانەکانی دیاربەکر لە سەرەتاوە چوونە حزبی (بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد).

سەر وتارە هەست بزوێنەکەی (وێڵسن) کە دەڵێ: (ئیدی هەموو کەس چ دەکات ئازادە) ئاسۆی کوردان هێدی... هێدی ڕووناکتر دەکردەوە، واتای خۆشبینیی و باشەیان تیا ڕەچاو دەکرد، کوردانی نێو دەوڵەتی تورکیا ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر پڕ بەدەمیان هاوار لە سەرۆک وێڵسن بکەن دێت بەهانایانەوە، خۆیان دەکات بەکارگێڕی ئیدارە شێواوەکەی دیاربەکر، بگرە چاویش لە سامان و ماڵی بەتالآن براوی فەلەکان دەپۆشێت کە لە کاتی کوشتارەکاندا لێیان زەوت کرابوو، ڕێگایش بەتورکان نادا کە لەو سامان و ماڵەدا خۆیان بکەن بەهاوبەشی کوردەکان!

ڕاستییەک هەیە دەبێ چاوی لێ نەپۆشین و پێی قایل بین کە هەموو ئەندامانی جڤادی کورد ناچنە خانەی وەجاخزادەکانی دیاربەکر، ئەندامانی جڤاد فرە جۆر بوون... بەڵام بەگشتی دڵپاک و سادە بوون، بیروباوەڕی نەتەوایەتییان پوخت و بێ لەکە بوو، بۆ بەختیاریی و خۆشگوزەرانیی و ئازادیی کورد و کوردستان تێ دەکۆشان، بەڕای من باشترینیان ئەمانە بوون: کامیل بەگی خەلیل زادە، شەوکەت ئیسماعیل لە خێڵی زازا، ئیحسان بەگ، دوکتۆر فؤاد،[٣٤] ئەکرەم بەگیان گەنجێکی چالاک بوو، لە سویسرا خوێندبووی، عەیبی تەنها ئەوە بوو لە بنەماڵەی جەمیل پاشا بوو کە لە کوشتاری ئەرمەنییەکاندا ساڵی ١٩١٥ تێوەگلا بوو؛ پارە و سامانێکی باشی لەو ڕێگایەوە نابووە سەریەک، ئەم کۆمەڵە دەتوانین ناوی میانەڕەویان (معتدل) لێ بنێین، وە بەڕای من ئەمانە ئامادەن بچنە ژێر سێبەر و ڕکێفی ئینگلیز؛ بەمەرجێک پێشخستن

(٣٤) د. فؤاد لە لایەن (کمال اتاتورک)ەوە لەسێدارە درا لە پێناوی کوردایەتیدا.





و بووژانەوەی کوردستان لەسەر بناخەی پتەو دابین بکرێت.

(پارتی برایەتی) زۆربەیان مووچەخۆرانی دەوڵەت بوون، ئەم حزبە توانی نیازی بەگ و بەکر بەگی گەورەی خانەدانەکان بهێنێتە ڕیزی خۆی، ئەم دوو پیاوە دەمڕاست و کەڵەپیاوی شار بوون، بوونی ئەمانە لە بەرەی دەوڵەتدا کەشتیی جڤادی کوردی لاواز کرد، گەلێک لە وزە و تەوژمی ئەو کەشتییەی دا بەدەم ئاودا، بەکر بەگ لە ڕۆژانی سەرەتای جڤادی کوردا؛ نۆکەر و ئەڵقەلەگوێی دەوڵەت بوو، بەڵام کەڵکەڵەی سەربەخۆیی کوردستان لێی ورووژا و، بگرە زۆریش لە دەروونیدا پەرەی سەند، لادان و گۆڕانی بەکر بەگ باری سەرنجی دەوڵەتی لە ئاستیا گۆڕیی، کار گەیشتە ڕادەیەک دەوڵەت بڕیاری کوشتنی دا، ئەو جۆرە پیلان و ڕووداوانە بەڵگەی بەنرخن و نەخشەی فێڵ و دەخەڵیی تورکیامان بۆ دەسەلمێنن، بۆ والآ دەکەنەوە کە چۆن پیلانیان بەنهێنی ئەنجام دەدا، تێکڕای ئەو پیلان و پەیڕەوانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بوو، کە هەواڵەکانی داگیرکردنی (سمیرنا) گەیشت؛ تورکان هەموو توانای خۆیان تەنها بۆ خۆیان تەرخان کرد، وایان بانگەشە دا[٣٥] کە بۆ دەربازبوون لە تەڵە و تێوەگلان دەبێت ڕێگا و ڕچەیەکی وردتر بدۆزنەوە.

**چۆن جڤادی کورد تێوەگلا و بوو بەقۆچی قوربانی؟**: جڤادی کورد لە گێژاوی پاشقول و پیلاندا دەبێ و بوویش بەقۆچی قوربانی، ڕەفتاری هەندێ ئەندامی بۆگەن و دەمارگییر تووشی هەڵدێریان کرد، بەبیانووی ساختەی (چەسپاندنی عەدالەت) دایان بەسەربڕین: تورکیا وای ڕاگەیاند کە گوایا چەند پارت و ڕێکخراوی قەدەخە دژی دەوڵەت و فەلەکان کار دەکەن، بەو شێوەیە و لە ژێر پەردەی پاراستنی فەلەکاندا توانی شالآو بباتە سەر (جڤادی کورد) و لووتیان بشکێنێت، بەپێی ئەو نەخشە و بیانووەی سەرەوە؛ تورکیا وای بەفەلەکان ڕاگەیاند کە کوردەکان وە بەتایبەتی ئەندامانی جڤادی کورد بەخوێنیان تینوون، فەلەکانیش مارانگازبوون و لەسەر بناخەی ئەزموونەکانی ساڵانی پێشوویان؛ خۆشباوەڕ بوون، بۆیەکا ئەو هەواڵەیان بەڕاست دەزانی، بۆ فەلەکان زۆر ئاسایی بوو کە خۆشباوەڕ بن و ئەو بانگەشەی تورکانە بەڕاست بزانن، ئەوە بوو لە شوورای قەڵا و سەنگەرەکانەوە درا لە میلی تفەنگ و داوای هێزێکی سەربازیی کرا و

(٣٥) بانگەشە: بانگێکی فرۆشیاری هەندێ کالآی لادێیی و کشتوکاڵییە وەک میوە و ... لە ئاواییدا (گوند) دەیکا بۆ ئەوەی خەڵک بزانن کە ئەو کالآیە هاتۆتە ناو گوندەکەیان، پڕوپاگەندە، دیعایە، تەبلیغات - قامووسی زمانی کوردی ع. زەبیحی.

ئەندامانی جڤادیش گیران و زۆری نەخایاند - لە ٤ی تەمووزدا - بڕیاری داخستنی جڤاد دەرچوو، دەوڵەتی تورکیا بەو ساختە و پاشقولانەی لە کورد؛ توانیی شوێن پێی خۆی پتەو بکا و سەرلەنوێ دۆخ و هەڵوێستێکی تایبەتی بخاتەوە کار.

**ڕەگ و هۆکانی بزووتنەوەکە**: لە نەخشەی بزووتنەوەی سەرەوەی کوردا؛ بۆمان دەرکەوت کە بانگەشەیەکی پف تێکراو ئاگری ناو پووش ئاسا لە ناو خێڵە کوردەکاندا تەشەنەی کردووە، ئەو بانگەشە دژی ئینگلیز و تا ڕادەیەکیش فەلەکان بوو، لە هەمان کاتیشدا لە پلەی دووەمدا لە بەرژەوەندی کوردان بوو.

١- پێشەکی و لە پلەی یەکەمدا پێویستە لەو هۆ خۆماڵییانە بکۆڵینەوە کە لە کوردستاندا کارا و لە برەودا بوون، لە پاشدا بەڕەگ و ڕیشەی ئەو هۆیانەدا شۆڕ ببینەوە، بێگومان ڕەگی ئەو هۆیانە کشاوە بۆ دەرەوەی کوردستان؛ واتا لە ئەستەموولّ و تا ڕادەیەکیش لە میسرەوە سەر هەڵدەدەن.

بە بۆچوونی سیاسی ئێمە تێکڕای هەموو چینەکانی کورد لە دڵیان چەقیبوو کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دەیانەوێت دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ئەرمەنییەکان ڕۆنێن و بەشێکی زۆر لە کوردستانی باکووریش لەو دەوڵەتەدا بتوێننەوە، تێکڕای کوردانیش ڕایان لەسەر ئەوە بوو کە ئەنجامی ڕۆنانی ئەو دەوڵەتە خراپ دەبێ و هەردوو گەلەکە دەست دەخەنە خوێنی یەکتر و هیچیان ناچنە ژێر ڕکێفی یەکدیی، دیارە کوردان (بەشێکی ئێجگار کەمیان - وەرگێڕ)، لەوەیش دەترسان کە ئەرمەنییەکان تۆڵە لەو کوردانە بکەنەوە کە لە کوشتاری ئەرمەنیدا تێوەگلا بوون، دیسان لەوەش دەترسان کە لە شوێنەکانی خۆیان وەدەریان نێن، ئەرمەنییەکانیش لەوە دەترسان؛ کە کوردان سەرلەنوێ دەست بدەنەوە کوشت و کوشتار و قەلاچۆیش بخەنە ئەوەی کە ماوە، جگە لەوانەش تەبایی و ئاشتبوونەوەی ئەو دوو دوژمنە لە ئاسۆدا بەدیی نەدەکرا. ئەگەر قەبارەیەکی سەربەخۆ بدرابایە بەئەمیان، ئەوی دییش هەمان قەوارەی دەویست، ئەمەش دیسان ئێجگار خەیاڵیی و میساڵیی بوو، بگرە نەشدەگونجا، چونکا دانیشتوانی هەردوو مەڵبەندەکە ئاوێتەن و پێکا ئاڵۆزکاون.

هەر چۆنێک ببێت دەشێ سنووریکی(٣٦) موناسیب لە نێوان هەردوو لادا ڕەنگ

(٣٦) زۆربەی دانیشتوانی (وان) و (ئەرزەڕووم) ئەرمەنین؛ بەتایبەتی دەوروبەری دەریاچەی (وان)، لە نێوان (تبلیس) و (ئەلەکسەندەر پول) و (یەریڤان) و دەریاچەی (سیڤانگا)یشدا مەڵبەندێکی پان و بەرینتری ئەرمەنی هەیە، لە دەوروبەری =





بڕێژین، ئەوانەی لە خزم و نەتەوەیان دوورن و شێوازی نەتەوایەتی خۆیان پاراستووە دەتوانن سنوور بشکێنن و لەگەڵ ڕۆڵەی نەتەوەکەیاندا ببنەوە بەیەک، ئەوانی دیکەش کە لە ناوچەکەدا دەمێننەوە هێدی هێدی لە بۆتەی توخماتی نەتەوەی گەورەدا یەک دەگرن و دەتوێنەوە... لەم کاتەدا هەردوو لا دڵیان لە یەکدیی کرمێیە و دەترسن بخرێنە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی چەپەڵی یەکدیی.

٢- هەندێک لە سەرۆکانی کورد دەیان ویست هەل بقۆزنەوە و ببنە گەورە و سەرداری پاشانشینی نوێی کوردستان، بۆ نموونە: وا گومان دەبرێت کە (عەبدولقادر) شای حیجاز ئاسا دەیەوێت پاشانشینێک بۆ خۆی دامەزرێنێت، لە ڕاستیشدا کەمینەیەک لە ئاغاکانی ناوچەکە هەمان کەڵکەڵە دەیبزواندن، زۆربەی ئاغاکان باش لەوە گەیشتبوون کە خواست و ڕای هۆزە کوردەکان زۆر بەستەم کەویی و دەستەمۆ دەکرێن و لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکێکا کۆدەکرێنەوە، ئەوانەی خەویان بەتاج و تەختی پاشانشینی کوردستانەوە دەبینی کۆمەڵێکی خەواڵووی میساڵیی بوون، مشەخۆری سەر خوانی سیاسەت بوون، بەئاو و هەوای نیشتمانی چیا ئاشنا نەبوون، لە ئەستەموولّ یاخۆ لە شوێنێکی دوورەوە خۆیان بۆ مەڵاس دابوو.

٣- هەندێک موسڵمان یاخۆ کوردی تر لە کوشتاری ئەرمەنیدا ڕۆڵێکی زەق و کارایان گێڕا بوو، یاخۆ تالان و کوشتاریان کردبوو بەپیشە و لەسەری دەژیان، ئەمانە تێکڕا خۆشنوود (متفائل) بوون کە دەسەڵاتی لاواز و گەندەڵی تورکیا هەرەس(٣٧) بێنێت، کاربەدەستە بۆگەن و بوودەڵەکانی تورکیا تێکڕا لە تاوان و کرداری خراپدا

= (موش) و (جولەمێرک)یشدا ناوچەیەکی تری ئەرمەنی هەیە، ناوچەکانی دەریاچەی وان و ئەرزەڕووم و (ترابزون) باشترین کرۆک و بناخەی ئەرمەنیای نوێن، ئەگەر ڕووسیا کۆسپ نەخاتە بەردەم نەخشەی (ڕۆنانی ئەرمینیای نوێ) دەوروبەری (تبلیس) بەبێ چەندوچوون دەبێتە ئەڵقەیەکی پەیوەندیی لەگەڵ باشووری ئەرمینیادا -نووسەران-

(٣٧) کوردستان ئەگەر بخرابایە سەر دەوڵەتی تورکیا بەئاشتی چارەکردنی کێشەی ئەرمەنی دوور دەکەوتەوە، بۆ دڵنیاکردنی ئەوانەی کە دژی هاتنی سوپای ئینگلیز بوون بۆ ناوچەکە و ڕەوینەوەی ترسی سزادانی ئەوانەی کە لە کوشتاری ئەرمەنیدا بەشدارییان کردبوو؛ مێجەر نۆیل بەفەرمانی حوکمەتەکەی؛ لە مووسڵدا ڕای گەیاند کە هێزەکانی ئینگلیز لێخۆشبوونی گشتی بۆ بەشدارانی کوشتاری ئەرمەنی ڕادەگەیەنن و -باوەکو بەیاسایش سەلمابێت- ماڵی دزراو و زەوتکراوی کەس (جگە لە خانوو و زەوی) لە کەس ناسێنرێتەوە -نووسەران-

هاوبەشی ئەو کوردانە بوون، کوردانیش دڵنیا بوون کە لە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆدا چاو لە تاوان و ئاکاری خراپیان دەپۆشرێ و ئیدی یاسا و دادگا وەدوایان ناکەون، ئەو دەوڵەتەش تورکیا ئاسا بەرەڵا دەبێ و یاسا تیا دەبێتە ڕەپێلگە[٣٨] (پێخوس)، ئەمانیش گوایا دەتوانن ژیانی خۆیان درێژە پێ بدەن، مەرجیشیان ئەوە بوو ناوچەکەیان نەکەوێتە ژێر چەپۆکی هیچ هێزێکی بێیانە.

٤- بەکرێگیراوانی تریش بوون... لاف و گەزافی ئەوەیان لێ دەدا کە بۆ ڕزگاری کوردستان لە چنگی بێیانان کار دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا کەسیان خۆش نەدەویست و تەنها (ڕق لە ئینگلیز و فەلەکان) هانی دەدان، لە هەموو شارێکدا هەندێک ئیسلامی خاوێن و ڕاستگۆ دەژیان و دەستێوەردانی فەلە لە ئیشوکاری ئیسلامەکاندا بەگومڕایی و (لادان لە ئایین)یان دەزانی، محەمەدی پێغەمبەر لە کاتی خۆیدا دەقەکانی قورئانی بەئیسلامەکان ڕاگەیاندبوو کە بۆ کوفر و گومڕایی[٣٩] سەر شۆڕ نەکەن و قایل بوون بەسەرشۆڕیی لادانە لە ئایین و دادپەروەریی، زۆربەی ئەندامانی ئیتیحاد و تەرەقی ئیشیان ئەوە بوو کۆسپ بخەنە

(٣٨) ڕەپێلگە: لە ناوچەکانی گەرمیان و شارەزوور و تاوگۆزی و جوانڕۆدا ئەم لە بریی (پێخوس) بەکاردێت، بە ڕای ئێمە ڕەپێلگە یاخو هەموو وشەیەکی سادە باشترە لە وشەی لێکدراو -وەرگێڕ-

(٣٩) مێجەر نۆیل سەبارەت بە ئایینیش دەڵێ: بەپێی ئەو ئەزموونانەی کە لە دوو مانگی ڕابوردوودا (مارت تا مایسی ١٩١٩) لەسەر سنووری ناوچەکانی کورد و عارەب وەدەستم هێناون؛ بۆم ڕوون بۆتەوە کە عارەبەکان لە ئاسۆیەکی بەربڵاوترەوە دەڕواننە ئایینی ئیسلام و لەم بوارەدا لە کوردان ئاسۆ ڕوونترن، ئایینی ئیسلام ئاسۆی عارەبانی داپۆشیوە و مەسەلەی نەتەوایەتی ئەوەندە کاری تێ نەکردوون، لە هەمان کاتیشدا کێشەی نەتەوایەتی وەک هەستی پێ دەکەم؛ لە لای کوردان زۆرتر بەبڕشت و کاراترە، لەوانەشە ئێستا وانەبێت، چونکا هەست و بوونی نەتەوایەتی لەم کاتەدا بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوا نەخراوەتە کار، بەڵام گەشەکردن و کڵپە سەندنی هەستی نەتەوایەتی لە دوارۆژدا گومانی تیا نییە و بووە بەڕاستییەکی تۆکمە و بەسەر مندا خۆی سەپاندووە و ئێجگار لێی دڵنیام... لەمەوە ڕوون دەبێتەوە ئەگەر کوردان دڵنیا بوون لەوەی کە کاربەدەستان ناوچەکەیان پێش دەخەن و لەسەر بناخەی نیشتمانی وڵاتەکەیان دەبووژێتەوە؛ ئیدی بەسەر کوردا زاڵبوون و بەڕێوەبردنیان لە عارەب ئاسانترە، وێڕای ئەمانەش مرۆڤی کورد کراوە و ساکارە، بەتوانا و پڕ لە وزەیە، لەو کاتەدا بواری بۆ دەڕەخسێت کە (وزەی زیاد لە لەشی) بۆ بووژانەوەی ناوچەکە بخاتە کار؛ ئەو کاتەی =





بەردەم نەخشەکانی ئینگلیز، گوایا بەو کارەیان تۆڵەی تێکشکان و پووچەڵبوونی نەخشەکانی خۆیان دەسێنن.

٥- هەندێک بەکرێگیراوی دەوڵەتی عەرەبی دیمەشقیش هاتبوونە مەیدان و چالاکانە هەموو خۆرهەڵاتی نزیکیان (الشرق الادنی) پڕ کردبوو لە جموجۆڵ، ئەمانە مرخیان لەوە خۆش کردبوو کە کوردستان بخەنە سەر شانشینی حیجاز، بگرە هەستی دژایەتی ئینگلیزیان بەتێکڕای دانیشتوانی خۆرهەڵات دەگەیاند، هەڵپە و چالاکییان بەو مەبەستە بوو کە زەمینە بۆ ڕۆنانی شانشینی سەربەخۆی عارەب خۆش بکەن، سنووری ئەو دەوڵەتەی عارەب لە دەریای ناوەڕاستەوە بکشێت تا دەگاتە سنووری فارس، لە چیاکانی کوردستانەوە - کە شان بەشانی دەشتەکانی دیجلە و فورات دەکشێن - سنووری ئەو دەوڵەتە بەرەو باشوور پەیوەند دەبێتەوە بەدوورگەی عارەب، دیارە ئەو شوێنانە کە باسمان کردن فەلەستین و سوریا و (میزۆپۆتامیا) دەگرنەوە.

زۆربەی کوردان لە ڕۆنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستاندا ڕەشبین و کەم هیوا بوون، چاویان چەقیبووە تاکە ترووسکەی (کۆنگرەی ئاشتی)[٤٠] ئەوانەی لە کۆنگرەدا وتووێژیان دەکرد؛ وایان پێ باش بوو، بگرە سووریش بوون لەسەر ئەوەی کە چارەنووسی

= کە سیستەمی پیشەسازی نوێ دێتە ناوچەکەیان؛ کوردان پیشەسازیی و هونەرە میللییەکان دەبووژێننەوە و پێشتری دەخەن و دەسەڵات و کاری ناوچەکە دەگرنە دەست.

مێجەر نۆیل کارامەیی و زیرەکیی کورد بەم نموونەیە دەسەلمێنێت کە کارامەترین و زیرەکترین کرێکارانی میکانیک لە کۆمپانیای نەوتی (ئینگلۆ - فارسی) و پاڵاوگاکانیا کوردن و لە کاری میکانیکدا سەلماندوویانە کە ئێجگار زیرەک و لێهاتوون و بگرە هەندێکیان لە هەمان (*) کۆمپانیادا پلە و پایەی گرنگیان هەیە - نووسەران -

(*) دیارە ئەم پەراوێزەی سەرەوە وتەی مێجەر نۆیلە، بەڵام یا لە بەشی یەکەمی یاداشتەکانیدا هاتووە، یاخۆ بەڕاپۆرتی تایبەتی ناردوویە بۆ دەزگا باڵاکانی بەریتانیا - وەرگێڕ -

(٤٠) کوردان لە کۆنگرەی پاریسدا بەکۆمەڵێکی گچکە بەشدارییان کرد و سەرۆکی ئەو کۆمەڵە (شەریف پاشا) بوو، سەبارەت بەمافی گەلی کورد دوو بیرخەرەوەی دا بەکۆنگرە، ژمارەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە و کەسەکانی بەتەواویی نەزانراوە، شێخ مەحمودی حەفیدیش بۆ هاوکاریی شەریف پاشا؛ کۆمەڵێکی نارد بۆ کۆنگرە، بەڵام ئینگلیز ڕێگای بە وەفدی شێخ نەدا؛ وەک سەفیری ئەمریکا لە تاران ڕێگای بە تۆفیق فیکرەت نەدا کە ڕاسپاردەی شێخ مەحموودی پێ بگەیەنێت، هەرچەند کوردان هیوایان بە ئینگلیز و =

میللەتەکەیان بەچارەنووسی عارەبەوە گرێ بدرێت. ئەو بۆچوون و ڕایانە تێکڕا ساختە و فێڵ بوون، هیچیان هیوا و هەستی نەتەوایەتی کوردیان تیا بەدیی نەدەکرا، تەنها ئاگری ڕق و کینەی دژ بەئەرمەنییەکان دەیبزواندن و هانی دەدان، دەبێ لە شوێنێکی دیکەدا بچینەوە سەر ئەم باسە و بۆ ڕەگوڕیشەکانی شۆڕ ببینەوە، ئەو شۆڕبوونەوە نەدوورە و نەگران، تێکڕای شارەزا و پسپۆڕەکان ڕایان لەسەر ئەوەیە کە سەرەماری ئەو بزووتنەوەیە لە ئەستەموولدایە. باوەکو کوردە ڕاستگۆکان لە کوردە چەوتەکانی نێو ئەستەموول بەئاسانیی جیادەکرێنەوە؛ باوەکو ئەوانەی دژی ئینگلیزن یا دۆستی تورک یا عارەبن؛ دەتوانین هەریەکەیان بخەینە خانەی شیاوی خۆی، بەڵام دڵنیاین کە هەندێکیان خزمەتی بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەکەن، سەرۆکانی ئەو کۆمەڵە (کوردە ڕاستگۆکان - وەرگێڕ) ئەمانە بوون: (عەبدولقادر ئەفەندی و سەید تەهای خەزووری، دوکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، سلێمان نەزیف و کوڕەکانی بەدرخان).

سورەیا بەگ[٤١] کوڕێکی تری بەدرخانە و لە میسر کاردەکات، وەک لەمەوپێش زانیمان لایەنگری[٤٢] ئینگلیزە، ئەم پیاوە دڵسۆزترین نوێنەری سۆز و هەستی نەتەوایەتی کوردە، چەند نەیاری تورکە بگرە زیاتر دوژمنی ئینگلیزە، بەڵام نوێنەری سەرەکیی حزبی (تورک - کورد) ئەندامی لیژنەی ئیتیحاد و تەرەقیی بوو.

**کەڵە پیاوانی کوردستان:** عەبدولقادر بەگ و سورەیا بەگ لایەنگرانی حزبی (؟؟) بوون و دژی کۆمەڵی ئیتیحاد و تەرەقی، واتا لەوانەیە دۆستی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز بن، دەزگاکانی ئیتیحاد و تەرەقی بەکێشەی کوردەوە سەرقاڵ بوون، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە لە بەهێز بوونی (پارتی ڕزگاری گەلان) دەترسان، سەید

= بانگەوازەکەی (وێلسن)ی سەرۆکی ئەمریکا زۆر بوو، بەڵام دەوڵەتە گەورەکان خۆیان دژی ئاواتی گەلان بوون، بگرە (وێلسن) لە بانگەوازەکەی خۆیشی پەشیمان بوو، ئەوە بوو لە بەردەم کۆنگرەدا وتی: (ناشێ و ڕێگا نادرێت بەم گەلانە بەتەواویی ئازاد بن.) بۆ زانینی زۆرتر بڕوانە کتێبی (کوردستان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا - د. کەمال مەزهەر) -وەرگێڕ-

(٤١) ئینگلیز لە سەرەتاوە کە هاتە کۆڕ وای ڕادەگەیاند کە بۆ ئازادکردن و بووژانەوەی گەلانی ژێردەستەی عوسمانی هاتووە، بۆیەکا سورەیا بەگیش لایەنگری بووە، ئەوەتا لە پاش تۆزێک، نووسەرانی ئەم کتێبە دان بەوەدا دەنێن کە سورەیا بەگ زۆرتر دوژمنی ئینگلیز بووە، چونکە کرۆکی گەمەکەی بۆ دەرکەوتووە -وەرگێڕ-

(٤٢) لە بارەی سلێمان نەزیفەوە بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٤٣) -وەرگێڕان-





عەبدولقادری سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت ڕۆڵێکی پێشڕەوانەی گێڕا و داخوازییەکانی لیژنەی کوردی دا بە(بەرپرسیاری) باڵای دەوڵەت لە ئەستەموول، دەبوو سەید عەبدولقادر بەهەڵپە بوایە و لە شانشینی نوێدا پلەوپایەی ئێجگار بەرزی بۆ خۆی هەڵبژاردایە، عەبدولرەزاق و کامیل بەگی کوڕانی بەدرخان؛ داخوازیی و بیرخەرەوەیەکی تریان پێشکەش بەعەبدولقادر کردەوە، بەڵام دوکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت و سلێمان نەزیف[٤٣] ورتەیان لێوە نەهات و هەنگاوێک نەچوونە پێشەوە. ئەم هەڵوێستەیان بەئاسانی ڕوونی دەکاتەوە کە خزمەتی بەرژەوەندیی تورکان دەکەن و هیچی دیی.

عەبدوڵڵا جەودەت خەڵکی دیاربەکرە و ئەندامی ناوچەیی حزبی (ڕزگاری گەلان) لە بنەماڵەیەکی ناسراو و کۆنی کوردە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (ڤکیت - کات)ی تورکیی بوو، ئەم ڕۆژنامەیە لە ئەستەموول دەردەچوو، سەبارەت بەعەبدوڵڵا جەودەت ڕاپۆرتێکمان پێ گەیشت؛ وا دەگەیەنێت کە ئینگلیز ناوچەکەی داگیر کرد، ئەمیش بۆ ڕاوێژ و پرس و ڕا لەگەڵ ژەنڕاڵی کورد شەریف پاشادا خۆی گەیاندە سویسرا، سلێمان نەزیف والی کۆنی مووسڵ و خاوەنی ڕۆژنامەی (الحديثة) بوو، دەشێ تێوەگلان و سەرقاڵیی بەکێشەی کوردەوە هەر بۆ خزمەتی تورکیا بێت، سەید تەهای ئامۆزا و خەزووری عەبدولقادر بوو، لە (نەهری) دەژیا و هاوکارێکی تری ئەو سیاسییە کوردانە بوو و، سەرۆکی کوردەکانی (شەمدینان)یش بوو، خێڵەکانی (گیردی) و (برادۆست) سەید تەهایان بەسەرۆکی خۆیان دەزانیی، بەڵام ئێستا گومان هەیە کە بەسەرۆکی خۆیانی بزانن، لەگەڵ سەید عەبدولقادردا ناکۆکن و پەیوەندییان باش نییە، ئەم دوو بنەماڵەیە هەوڵیان دەدا کە ئیشوکاریان لەگەڵ ڕووسەکاندا

(٤٣) مامۆستا (صديق الدملوجي) لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام و پیاوەکانیا لە بەندیخانەی مووسڵدا بەند بووە؛ لە هەمان بەندیخانەدا شێخ و پیاوەکانی لە سێدارە دراون، مامۆستا صدیق دووپاتی دەکاتەوە کە (باب العالي) هێشتا فەرمانی کوشتنی شێخی مۆر نەکردبوو؛ کەچی بەپیلانی (سلێمان نەزیف)ی والی مووسڵ و دڵسۆزی ئیتیحاد و تەرەقی لە سێدارە دران، شێخ لە پاییزی ١٩١٤دا و بەپیلانی (سۆفی عەبدوڵڵا شکاک) گیرابوو، بڕوانە پەراوێزی ٢ بەشی چوارەم لە کتێبی (کوردستان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا)ی د. کەمال مەزهەر، ئەمە بوو پاشەڵ و ئاکاری سلێمان نەزیف!

مامۆستا ئەحمەد خواجەش ڕای وایە کە شێخ عەبدولقادر لە هەموویان دڵسۆزتر و بەئەمەکتر بوو بۆ کورد و کوردستان و، عەبدوڵڵا جەودەتیش پاک و بێ لەکە بوو - وەرگێڕ-

ڕێکخەن، بۆیەکا پەیوەندییان لەگەڵ دیبلۆماسییەکانی ڕووس لە (تەفلیس) و (تاران)دا پاراستبوو، بەڵام ڕووسیا لەم جەنگەدا تێک شکا و هەرەسی هێنا؛ ئەمانیش دەبێ قەوانێکی تر لێ بدەن، با وەکو لە سەرەتای پێکادان و ململانێدا سوپای تورکیان لە شوێنی خۆیا وەستان؛ بەتایبەتی نەخشەی (ستراتیژی ڤۆن دیرگولینز) لەسەر سنووری ئێران تێک شکا، بەڵام جووتە بنەماڵە کەوتنە پەیجۆر و گەڕان وەدووی پەیوەندیی لەگەڵ تورکدا و لە دۆستایەتی ڕووسەکان پەشیمان بوونەوە.

با وەکو دەوڵەتی تورکیا لەم کاتەدا و ئیمپراتۆریەتی ڕووس وێران و تێکشکاوە، بەڵام ڕووسەکان مرخیان لە ماڵ و میراتی دەوڵەتی ستەمکار و نەخۆشی عوسمانی خۆش کردووە،(٤٤) خۆیان مەڵاس دابوو کە لەسەر کەلاکی ئەو پەل بهاون و چاوچنۆکانە گیرفان پڕ بکەن.

کۆمەڵی ئیتیحاد و تەرەقیش لە کوردستاندا سەرقاڵ و شڵەژا بوون، بەڵام لە مێژەوە مەبەست و نیازیان دەرکەوت و، بگرە پڕ بەپێستیان ناویان لێ نرا، ئیتیحادییەکانی پایتەختیش وا دیار بوو تینووی ئەوە بوون کە وڵاتەکەیان ئازادیی وەدەست بهێنێت و، ئەمەش تەنها بارودۆخی ئەو هەڵوێستە دەی سەپاند، ئەوان بەتوندیی دژایەتی نەخشەکانی (پارتی ڕزگاری گەلان) و بوونی هاوپەیمانەکانیان دەکرد لە ئاسیای بچووکدا؛ بۆیەکا لەم دۆخە ئاڵۆزەدا ئەوانەی لە ئەستەمووڵدا بۆ ڕزگاری کوردستان کار دەکەن، نرخاندن و لێگەیشتنیان تا ڕادەیەک گرانە، بگرە ئەوانەی کە لە کوردستانیشدا بۆ هەمان مەبەست تێدەکۆشن زۆربەیان دەکەونە بەردەم تاقیکردنەوەی سەخت و دژوار، لە هەموو لایەکەوە بەوە دەدرێنە قەڵەم کە تێکۆشانیان تەنها بۆ بەرژەوەندیی خودی و تایبەتی خۆیانە و هیچی دیی!!

بەو جۆرە باش و خراپ پێکا ئاڵۆزکاون و بەستەم لە یەکدی جیادەکرێنەوە، بەڕاستی لە بواری کاری سیاسی خۆرهەڵاتدا نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز و نەفس بەرزی چەلەنگ؛ لە یەکێکی هەلپەرست و مەسڵەحەتچی زۆر بەستەم جیادەکرێنەوە،(٤٥) گریمان سەربەخۆیی کوردستان لە کۆنگرەی (سولحی پاریس)دا بڕیاری لەسەر درا و پێی قایل بوون... دەبێ کێ ببێت بەسەرداری داهاتووی کوردستان.

(٤٤) هەوڵ و کۆششی ئینگلیز و فەرەنسایی و ڕووسەکان بۆ دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی... لە مێژووی نوێدا بە(المسألة الشرقية)... ناو دەبرێت.

(٤٥) ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەک ڕاستە و بگرە لە دۆخی ئێستای گەلانی ژێر دەستیشدا هەمان=





**ئەو کەڵە پیاوانەی شیاوی ئەوەن ببنە سەرۆکی کوردستانی داهاتوو:**

کەڵە پیاوانی سەرەکی بۆ ئەو مەسەلەیە ئەمانەن: سورەیا بەگی بەدرخان، عەبدولرەزاق بەگی بەدرخان، عەبدولقادری شەمدینان، شێخ مەحموودی نەوەی کاکە ئەحمەدی شێخ و سەرۆکی بنەماڵەی بەرزنجەیە و (مەحموود بەگی) سەرۆک خێڵی (میللی).

سورەیا بەدرخان لایەنێکی مەترسیدار و زیندووی کێشەکەیە، ئەم کەڵەپیاوە ڕۆژنامەنووس و زانا و هۆشیارە، بەڵام لە مێژەوە لەگەڵ ڕۆڵەکانی میللەتی کوردا پەیوەندیی پچڕاوە، ماوەیەکی زۆرە بنەماڵەیشی ئاوارە کراون و ئێستا لە دیمەشقدا دەژین، زۆربەی ئەو کوردانەی ئێستا لە ژیاندان؛ بەدرخانییەکانیان لە یاد نەماوە،(٤٦) تا ڕادەیەکیش سورەیا بەگ لە کوردستاندا ناسراو نییە، بۆ کوردێکی وەک سورەیا بەگ زۆر بەستەم ئەو هەموو توخم و تاقمە فرەجۆرە لە قەوارەی داهاتووی کوردستاندا کۆبکاتەوە و پێکا شەتەکیان بدات، ئەمە لە پلە و نرخی سورەیا بەگ داناشکێنێت؛ چونکا ئەو بۆ کوردستان ئەوەندە کاری بەنرخی کردووە؛ چیی شتێک نییە لە پلە و ڕێزی کەم بکاتەوە، بەتایبەتی سورەیا بەگ بوو؛ پتر لە هەموو کەسیش؛ بۆ ناساندنی کێشەی گەلەکەی بەجیهانی دەرەوە کاری دەکرد و تێدەکۆشا، زۆر بەپوخت و قووڵیی لە کێشەی کوردستان گەیشتبوو، ئەو توانی کێشەی گەلەکەی لە گەلی ئینگلیز بگەیەنێت، هەندێک لە کوردان بەقووڵتر دەڕواننە مەسەلەی بەدرخانییەکان؛ گوایا ڕشتەی بنەچە و نەژادیان دەچێتەوە سەر عارەب و (عەباسی)یەکان، هەرچەند عەبدولرەزاق بەگ ئەو دەنگ و بۆچوونانەی بەتوندی پەرچ دایەوە، بەڵام لە چەند لایەکی ترەوە وەڵامی درایەوە. عەبدولقادری شەمدینان ماوەیەکی دوور و درێژە لە ئەستەمووڵدا دەژی و دوورە لە کوردستان، بۆیەکا چی کارێک ناکاتە سەر کوردان، وێڕای ئەمەش لەگەڵ ئامۆزاکانی و بنەماڵەکەیدا ناکۆکە و سەری بەو کێشەیەوە قاڵە.

شێخ مەحموودی حەفید و پێشەوای شۆڕشی سلێمانی؛ پشتگیرانی ئەوتۆی نییە، بگرە لە دەرەوەی سنووری شارەکەیدا(*) نەیتوانی پشتگیران بۆ خۆی کۆبکاتەوە، شێخ

= بۆچوون ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام بنەما و هۆی ئەو گێژاو و ئاڵۆزکانە چییە و کێیە؟! – وەرگێڕ–

(٤٦) بنەماڵەی هەڵکەوتووی بەدرخانییەکان هەمیشە لە بیر و هەستی هەموو میللەتی کوردا جێگەیەکی دیاریان هەبووە و هەیە. =

لافی ئەوەی لێدەدا کە ڕشتەی بنەچەی دەچێتەوە سەر محەمەدی عارەبی پێغەمبەر، ئەو گەزافەیش لە ناو خەڵکدا کە زۆربەیان ئیسلامن بایەخێکی ئەوتۆی نییە، ئەم هەواڵەش هەیە کە یەزیدییەکانی سنجار پشتیوانی شێخن و بەسەرۆکی خۆیانی دەزانن بەڵام یەزیدییەکان ئێجگار نەخوێندەوار و دواکەوتوون، لە ڕاوەرگرتنی تێکڕای کوردستاندا ئەوان کار ناکەنە سەر چی شتێک.

لەم دواییەدا ژەنراڵ شەریف پاشایش بۆ سەرداری(٤٧) کوردستان هاتە کۆڕەوە، شەریف پاشا لە ئەوروپا دەرچووبوو، بنەما و ئاستی ڕۆشنبیری ئێجگار بەرز و بەربڵاو بوو، بۆیەکا خۆی شیاوی سەرداریی کوردستان دەزانیی، هەرچەندە لەم کاتەدا پشتگیرانی کەمن؛ بەڵام شەخسیەتی بەهێزی شەریف پاشا و مانەوەی دوور و درێژیی لە هەندەراندا پایە و شۆرەتیان باشتر دەچەسپاند، با وەکو مەسەلەی (مانەوەی هەندەرانی) لە نەتەوەکەی دایبڕیببوو؛ وەلێ ئاسۆی سەرنج و بیرکردنەوەی ڕۆشنتر کرد بوو، ئەزموون و شارەزایی و کارامەیی زۆرتری خستبووە سەر گەنجینەکانی شەریف پاشا و بایەخ و پایەی لە ئاستی کەڵە پیاوانی ناوبراودا بەرزتر کردەوە، وێڕای ئەمانەش ئەو لە هەموویان زۆرتر خاوەنی قسەی خۆیەتی و بەکار و ڕاکانی خۆی قایەڵە و لێی پەشیمان نابێتەوە، هەمیشە نەخشەیەکی سیاسی ڕووناک و ئاشکرا پەیڕەو

= (*) نووسەرانی ئەم کتێبە شتیان زوو لەبیر دەچێتەوە؛ چما لە بەشەکانی پێشوودا دژی ئەم بۆچوونەی ئێستایان نین؟ -وەرگێڕان-

(٤٧) بەڵام د. بلەچ شێرکۆ کە خۆی لە ڕووداوەکاندا ژیاوە ڕای وایە کە شەریف پاشا جڤادەکانی کورد هەڵیان بژارد بۆ سەرۆکی وەفدی کۆنگرەی پاریس و ئیدی بۆ سەرداری تێ نەکۆشاوە و لە بارەی شەریف پاشا ڕاپۆرتی سەربازی ئینگلیز (Military Report)... وتوویەتی:

شەریف پاشا... بەرەگەز کوردە و لە هۆزی ناسراوی جافە لە منالییەوە ناوچەی کوردستانی جێ هێلاوە و خەڵکی خوارووی کوردستانە.

زۆریش بەلایانەوە بەرێزە (واتە بەلای کوردەکان - وەرگێڕان) دوژمنی (جون تورکیش) بوو (واتە حزبی تورکیای گەنج) لەساڵی ١٩١٩دا خۆی بۆ پاشایی کوردستان هەڵبژارد هەروەهاش... کریتس کیشورا دەڵێت لە کتێبی (کورد و کوردستان) کەوا بەزمانی فەرەنسایی دەرچووە:

شەریف پاشا... زۆربەی کاتی خۆی لە پاریسدا بردۆتە سەر و شازادەیەکی میسریشی مارە کردووە. -وەرگێڕان-





دەکات و ئەمەش مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگە، لە دیدارێکدا لەگەڵ (سیر پیرسی کۆکس) - حوزەیرانی ١٩١٨ - سەبارەت بەسەربەخۆیی کوردستان؛ بۆچوونەکانی خۆی ڕاگەیاند، بیروڕای ڕۆشنبیرێکی تێگەیشتووی شارەزا بوو، سەبارەت بەڕای گشتی کوردستانی باشووریش، باری سەرنج و لێکدانەوەی ئەوروپاییانە بوو، کە باسی ئەم کەڵەپیاوە سیاسییەی کورد دەکەین؛ دەبێ ئەو ڕاستییەش لە یاد نەکەین کە لە سەرەتای ژیانیەوە لە کوردستانی نیشتمانی دوور بووە، بۆیەکا ناشێ و بۆی نییە لە کێشە و مەسەلە گرنگەکانی ناوچەکە لە دوورەوە بدوێ و ئامۆژگاریی بکات، لە هەمان کاتیشدا مەسەلەی دواڕۆژی کوردستان خولیا و خۆرەی بوو، بایەخێکی ئێجگار قووڵی پێ دابوو، یەکگرتنی گەلی کوردی ئێجگار بەلاوە گرنگ و پیرۆز بوو، ڕای وابوو کە ئینگلیز لەم بوارەدا دەتوانێت چەند هەنگاوێک بنێت، کەواتە دەبێ ئێمەی ئینگلیزیش بۆ چارەکردنی کێشەی کورد پەیڕەو و نەخشەیەکی سیاسیمان ببێت، ئەو ڕای وابوو کە دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی باشوور و لە ژێر ڕکێفی ئێمەدا، کارێکی شیاو و دروستە، هەروەها بڕوای وابوو کە کوردانی ڕۆشنبیر و (منەوەر) گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە هەرگیز لە ژێر ڕکێفی بەریتانیای گەورەدا نەبێت دەوڵەتێکی باش بۆ کورد ڕۆنانرێت، دیسان ڕای وابوو کە دەبێ لە دواڕۆژدا و بۆ ماوەیەکی کەم (میلاکی گشتی مووچەخۆران) بەهێزتر بکرێ و بەو نیازەی بخرێنە کار و سوودی زۆرتریان لێ وەربگیرێت، ژەنراڵ شەریف پاشا ڕای وابوو کە دەبێ ئینگلیز بۆ عارەبی (میزۆپۆتامیا) چ نەخشەیەکی هەیە؛ بۆ کوردیش هەمان نەخشە ئەنجام بدات، دیارە چاوی بڕیبووە شاری مووسڵ کە بکرێت بەناوەند و پایتەختی دەسەڵاتی نوێی کورد.

لە مانگی ئۆکتۆبەردا لە تازەترین دیداردا ژەنراڵ ڕای گەیاند کە بەئاشتبوونەوەی کورد و ئەرمەنی و چەسپاندنی گیانی تەبایی و برایەتی؛ پەیوەندی نێوان هەردوو میللەتەکە باشتر دەبێت و، بەسەر کۆسپ و کێشەکاندا زاڵ دەبن، بۆ ئەنجامدانی ئەو نیازە و پتەوکردنی زەمینەیەکی لەبارتر؛ وای پێشنیار کرد کە خێرا لە (لەندەن) لیژنەیەک لە نوێنەرانی کوردستان و ئەرمینیا ساز بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە گەورە و دیژوارەی کە پیلان و ساختەی دەوڵەتی تورکیا لە نێوان هەردوو نەتەوەکەدا قوتیان کردبوو نەمێنێ و پڕ بکرێتەوە.

مەحموود بەگی سەرۆکی باڵای خێڵە یەکگرتووەکانی (میللی)؛ کەڵەپیاوێکی هەڵکەوتووی کوردستان بوو، ئەم پیاوە لە دەرەوەی خێڵە یەکگرتووەکانی خۆیدا ئێجگار پشتی دەگیرا و خۆشیان دەویست خێڵی (دەرسیملی) و چەند خێڵێکی تری

دووری وەک قەوقاز مەحموود بەگیان بەسەرۆکی باڵای خۆیان دەزانی، مەحموود بەگ لافی ئەوەی لێدەدا و دووپاتیشی دەکردەوە کە بنەماڵەی[٤٨] بەدرخانییەکان لە خێڵی (بۆتان)ن و بەناویش بووە مەحموود بەگ بەگەورەی خۆیان دەزانن.

ئیبراهیم پاشای خوالێخۆشبووی باوکی مەحموود بەگ؛ ڕەنجێکی ئێجگار زۆری دا و ڕابوردوویەکی پڕ شکۆ و ڕووناکی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی بەجێ هێشت، ئەم پیاوە چەلەنگە بەکارامەیی و جوامێریی و ئازایەتی خۆی؛ لە لای هۆزەکانی دیکە بوو بەپاڵەوانێکی ئەفسانەیی و هیچی لە شۆرەت و ناوی باوکی کەمتر نەبوو...

سیفات و هەڵوێستەکانی مەحموود بەگ لە ئاستی نەیارەکانی تریدا بەرزتریان دەکردەوە، سروشت و شێوازی دەسەڵاتی لەسەر بناخەیەکی باوک و فەرزەندیی (بەتریارکیی) بوو، نەریتە کۆنەکانی بەتوندی دەپاراست، شیاوترین شێواز بۆ شانشینی کوردستان دەبێ لەسەر بناخە و شێوازی حیجاز بێت و بەسەرۆکایەتی شا حسێن، واتا دەبێ لەسەر بناخەکانی خێڵایەتی دابمەزرێت، مەحموود بەگ لە هەموو کەس زۆرتر بەوە قایل بوو کە شانشینی نوێی کوردستان دەبێ لە ژێر ڕکێفی ئینگلیزدا بێت، باش لەوە گەیشتبوو کە بۆ دابینکردنی دەسەڵاتی شا و ڕۆنانی دەزگا سیاسی و ئیدارییەکانی دەوڵەت لە ناوخۆدا؛ بۆ پاراستنی ئاسایش و یاسا؛ بۆ تێکڕای ئەوانە... پشتگیریی بێیانان زۆر پێویستە، ئێستا و لە هەموو کات پێویستتر بۆ ڕێکخستن و گەڵاڵەکردنی پەیوەندییەکانی شانشینی ساوا بەهەندەرانەوە، دەست و بازوویەکی ئێجگار بەهێز پێویستە؛ بەتایبەتی لەگەڵ هێزەکانی دراوسێ و شانشینی نوێی عارەب. هەرچەند ئەوانەی بۆ کوردستانی سەربەخۆ تێدەکۆشان زۆربەیان نیازیان خراپ بوو، بەڵام خەڵکی تر زۆر بوون و بۆ هەمان مەسەلە تێدەکۆشان و نیاز و ئامانجیان پاک و خاوێن بوو، دیارە هەندێکیان بۆ بەردەوامی بوونی قەوارەی نەتەوایەتی و سیاسی گەلی کورد، دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمییان بەپێویست دەزانی، بگرە کەمێکیان دوودڵ بوون بیر لەوەش بکەنەوە کە بەتەواوی کۆت و زنجیری ژەنگاوی عوسمانی داماڵن و خۆیان ڕزگار بکەن.

(٤٨) نووسەرانی ئەم کتێبە و بۆ یەکەم جار – وەک پێ بزانم – ڕوونیان کردەوە کە بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە خێڵی (بۆتان)ن، باوەکو ئەم ڕایەش بە زمانی مەحموود بەگەوە وتراوە؛ بەڵام بەڵگەیەکی زیندووی دیکەیە بۆ پەرچدانەوە و بە درۆ خستنەوەی ئەو دەنگە قرخن و نووساوانەی کە دەڵێن بنەچەی بەدرخانییەکان دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی عارەب – وەرگێڕ–





ئەو تورکانەی (٥) سەدەی ڕەبەقە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتێکی بەرین و بەربڵاویان بەدەست بوو، ئێستا دەیسەلمێنن کە توانای دەوڵەتدارییان نەماوە و گومانیش لەمەدا نییە، مرۆڤە کۆنەکانی وڵاتی دیجلە و فوراتیش وایان دەزانیی کە دەشت و وڵاتەکەیان (سایلۆ)ی گەنمی جیهانە، بەڵام ئێستا زەوییەکی (بەیار) و بێ ڕێژەنە، سامانی سووریا و فەلەستینیش تا ئێستا هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتووە و دواکەوتوون، نزیکەی نیوەی ئەرمەنییەکانیش بەچەند شاڵاوێک قەلاچۆ کراون یاخود بەهەڕەشە و تۆقاندن لە زەوی و شوێنەکانیان دەرکراون، کوردەکانیش لە شوێنەکانی خۆیاندا نیوە سەربەخۆن و بەشێکی زۆریان سەرگەرمی کوشتن و جەردەیین... تورکانی ئەمڕۆی ئاسیای بچووکیش دواکەوتوون شارستانی نوێ ڕووی تێ نەکردوون، بگرە باپیرانی (٥) سەدە لەمەوپێشیان پێشکەوتووتر بوون.

بەرژەوەندی کوردان لەوەدایە کە هەتا هەتایە لە دەسەڵاتی ڕزیو و چەپەڵی تورکان ئازاد ببن و کەسیش گومانی لەمەدا نەماوە، بەڵام بەخشینی سەربەخۆیی تەواو بەکوردان؛ وەک وتەی شاعیری ئیغریقی وایە کە دەڵێ: دیارییەک نەشێ بۆ دیاری... کەس سوودی لێ نابینێت.

ڕەگەزێکی نیوە بیدائی پێش ئەوەی ئازاد ببێ و لە تام و نرخی ئازادیی بگات و مافی ئۆتۆنۆمی خۆی بخاتە کار، پێویستە بۆ چەند ساڵێک بخرێتە ژێر ڕکێف و چاوداشتی، ئەمەیە بارودۆخی ئێستای کورد؛ توانای ئەوەیان نییە خێرا لە بەهرە و هونەرەکانی شارستانی بگەن و سوودیان لێ وەرگرن، گەلانی ئەوروپایش بیست سەدەیە دەبووژێنەوە و پێدەگەن، کوردیش نازانێت یاسا بپارێزێت، پێویستە یەکێک لە دەوڵەتە گەورەکان ئیدارەی نیشتمانی کورد بگرێتە دەست، ئەو دەوڵەتەش دەبێ ئەو ئەزموون و زانیارییانە لە دڵ و دەروونی ئەو گەلەدا بچەسپێنێت کە گەلانی تر لەگەڵ ڕەوتی سەدەکاندا وەریان گرتووە و لێی گەییون.